# چەمکە دەروونییەکان و
# دەقی ئەدەبی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەرێوەبەرێتیی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

بەڕێوەبەرێتیی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

٢٠١٢

# چەمکە دەروونییەکان و
# دەقی ئەدەبی

**ناڵە حەسەن**

٢٠١٢

## چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی


❖ نووسەر:  ناڵە حەسەن
❖ بابەت: لێکۆڵینەوە
❖ پیتچنی: نووسەر
❖ هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵلا
❖ نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
❖ سەرپەرشتیاری کتێب: کارزان عەبدوڵلا
❖ ژمارەی لاپەڕە: ؟؟؟؟
❖ زنجیرەی گشتیی کتێب: ( ؟؟؟؟؟)
❖ تیراژ : (٥٠٠) دانە
❖ چاپخانە: چاپخانەی ؟؟؟
❖ نرخ: ( ؟؟؟؟) دینار
❖ ژمارەی سپاردنی (؟؟؟؟)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاٌوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران/  ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

- ■ بەشی یەکەم:

- چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس

لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی بەختیار عەلی-دا.

- ڕۆمانی شەو و تراژیدیای هۆلۆکۆست.

- دەنیز لیڤەرتۆڤ و شیعری سیاسی.

- مەرگ وەك کۆدێکی فرەمانا.

لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە)ی شێرزاد حەسەن.

- خەونی پیاوێکی گەلحۆ.

- موعانات و کەسایەتی خۆرهەڵاتییانەی تاکی کوردی.




**چەمكەكانی ئیرۆس و ساناتۆس لە ڕۆمانی**

**(كۆشكی باڵندە غەمگینەكانی) بەختیار عەلی-دا**



## چەمکەکانی "ئیرۆس و ساناتۆس" لە ڕۆمان ی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی) "بەختیار عەلی"دا

"بەختیار عەلی" یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە لە ماوەیەکی کەم، بەهۆی چەند ڕۆمانێکی یەك بەدای یەکەوە توانی لە ئاستێکی زۆربەرین، خوێنەرەکانی سەرسام بکات و خۆشی وەك ڕۆماننووسێکی بەتوانا و لێهاتوو دەربکەوێت.... دیارە لەم نووسینەماندا، مەبەستمان نییە، قسە لەسەر ئەزموونی "بەختیار عەلی" بکەین لە ڕۆماندا، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە، دەمانەوێت خوێندنەوەیەکی دەروونییانە بۆ ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) بکەین، چونکە لەم ڕۆمانەیدا بە جیا لە جیاوازی زمان و شێوازی گێڕانەوە و تەکنیك و ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان،



ئەوەی تا ئەندازەیەکی زۆر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، پێکهاتە دەروونی و هۆکارە دەروونییەکانی، چ کارەکتەرەکان و چ ڕووداوەکان و تەنانەت پێکهاتە دەروونییەکانی نووسەر، واتە بەختیار خۆی لەنێو پانتایی ڕۆمانەکە دەبیندرێت. ئەمە وا لە خوێنەر دەکات، زۆر بە قووڵی و تامەزرۆییانە بەدوای چەمکە دەروونییەکان و ململانێ و پێکهاتە دەروونییەکاندا بگەڕێت. بە بڕوای من، ئەم لایەنە دەروونییەی ڕۆمانەکە، بڕستێکی بێوێنەی بە ڕۆمانەکە داوە و توانای نووسەریش وەك سایکۆلۆگیستێك لە ئاستێکی بەرزدا دەردەکەوێت. دیارە ئەم ڕۆمانە چەندین خوێندنەوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئێمە هێندەی بۆمان بکرێت قسە لەسەر لایەن و پێکهاتە دەروونییەکان دەکەین بەمانایەك، مەبەستمانە بە پشتبەستن بە میتۆدێکی دەروونییەوە ئەم ڕۆمانە بخوێنینەوە. کۆد و هێما دەروونییەکان شی بکەینەوە و قسەیان لەسەر بکەین. هێندەش بۆمان بکرێت، ئاستە جیاوازەکانی ئەم ڕۆمانە بەتایبەت، لە ڕووی زمان و هونەری گێڕانەوە لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری نووسەر بخەینە ڕوو. "بەختیار عەلی" لەم ڕۆمانەدا چیرۆکی عەشقێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکەکەش بەمشێوەیە، (سێ کارەکتەری سەرەکی لەیەککاتدا، عەشقی کچێکی شۆخ و نەشمیل و تابلیی جوان دەبن. هەر یەك لە دڵدارەکان تا ئەندازەی مەرگ ئامادەن بۆ هەر ململانێیەك و ئامادەی قەبووڵکردنی هەر مەرج و داواکارییەکن، بەس بە خاتری ئەوەی بە ئامانجی خۆیان بگەن، ئەویش دڵدارەکەیان ببێت بە ژنیان و ژیان و ئایندەی خۆیان لە گەڵیدا بەرنە سەر. ئەم عەشقە لەنێو پانتایی ڕۆمانەکە ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە، خوێنەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە تا کۆتایی لەگەڵ چیرۆکی ئەم عەشقە و ئاکامەکانی ڕووبەڕوو دەبێت.... نووسەر لەنێو ڕۆمانەکەیدا لە پەیوەند بەم عەشقە و خوازبێنیکەرانەوە، کۆمەڵگەی دابەشکردووە بەسەر سێ چین، چینێك لە ئاستی خوارەوەن، واتە چەقۆکێش و هەژار و نەدار و لانەوازەکانن، ئەوانەی لەسەر شۆستەکان و گەڕەك و گازینۆ و چایخانەکان زۆربەی کات و ژیانیان بەسەر دەبەن، کارەکتەری سەرەکی ئەم چینە "کامەرانی سەلمایە"، نوێنەری کامەران-یش "مەنگوڕی بابە گەورە "ی چەقۆکێشە... چینێکی تر دەتوانین بە چینی مامناوەندی ناویان بەرین، کە پێکهاتوون "لە خوێندەوارەکان و مامۆستاکان و نووسەر و هونەرمەندەکان و ڕۆشنفکرەکان"، کارەکتەری سەرەکی ئەم چینەش مەنسوڕ ئەسرینە، نوێنەری مەنسور یش "ساقی مەحمود"ی گۆرانی بێژە... چینێکی تر دەتوانین بە چینی سەرەوە ناویان بەرین، چینی دەوڵەمەندەکان و خاوەن موڵك و سەرمایەدارەکانن... ئەمانیش عەشیرەتی ئاموونییەکانن، کارەکتەری سەرەکی ئەم چینەش خالید

ئاموونە، نوێنەری خالیدیش "قەلەندەر ئاموون"ی کۆنە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولە... هەر یەکێك لە "کامەران و مەنسور و خالید" تا سەرئێسقان عەشقی "سەوسەن گوڵدانچی" دەبن. لە ماوەی یەك دوو هەفتە، هەرسێکیان بە جیا دەنێرن بۆ خوازبێنی و داوا لە سەوسەن دەکەن شوویان پێ بکات... سەوسەن جگە لەوەی کچێکی خاوەن جوانییەکی ئەفسووناوی و سەرسووڕهێنەرە، لە هەمانکات لە باری هۆشمەندییەوە خاوەن توانا و مەعریفەیەکی جیاوازە، مەبەستمان لە جیاواز، بەمانای جیاواز لەدەوروبەرەکەی خۆی، واتە بیرکردنەوە و پێشبینییەکانی دوورنماییەکی فراوانیان هەیە... هەمیشە بە جیاواز دەدوێت و بە جیاواز بیر دەکاتەوە... ئەمە وای کردووە سەرنجی تەواوی کەسانی دەوروبەر و تەواوی کۆمەڵگە بۆخۆی ڕابکێشێت و سەرسامیان بکات... بۆیە وەك کچێکی ئاسایی نایەوێت وا بە ئاسانی تەسلیم بە خواستی داخوازیکەرەکانی بێت... یەك داوای هەیە بۆ هەریەکێك لە داواکارەکانی ئەویش ئەوەیە (کە دەبێ بەوە ڕازی بن سەفەرێکی هەشت ساڵە بە دونیادا بکەن و لە هەریەك لە شوێنە جیاوازەکانی دونیادا، باڵندەی ناوازە و جۆراوجۆری بۆ بهێننەوە. کە هاتنەوە ئینجا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت...!) داواکەشی بۆ ئەوەیە، دەیەوێت هەرکەسێك بێتە داخوازی ئەم وا پێویست دەکات کەسێك بێت دونیای بینی بێت و بۆنی دونیای لێبێت... چونکە ئەم کەسانەی کە جگە لە شارەکەی خۆیان هیچ شوێنی تریان نەبینیوە، ناتوانن دونیا بەو گەورەییەی خۆی ببینن و بیرکردنەوەیەکی دروست و تەندروستیان هەبێت بۆ ژیان و بۆ دونیا... ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر، دەیەوێت داخوازیکەرانی خۆی دوورخاتەوە لە شەڕ و مردن، چونکە شارەکەی ئەمان شارێکە بۆنی مەرگ و باروت و خوێنی لێدێت، بەمانایەك، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان هەمیشە لەسەر سینگی شارەکەی ئەمان، گرمە و زرمەی شەر و شۆڕ دێت...! بەرامبەر ئەم داوایەشی هەر یەکێك لە دڵدارەکانی خۆی سەرپشك کردووە لەوەی، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، دەتوانن ڕازی نەبن و نەڕۆن بۆ ئەم سەفەرە، کە ڕۆیشتیشن لە هەرکاتێکدا دەتوانن وازبهێنن و بگەڕێنەوە، یان دەتوانن لە هەر جێگایەك لەگەڵ ژنی تر ژیان پێکبهێنن... یان داتوانن هەر نەگەڕێنەوە، ئیدی لە هەموو بارێکەوە تا ئەوپەڕی ئازادی، ئازادی کردوون...! بێگومان هەریەکێك لە دڵدارەکانی بە جیا لەوەی سەفەرەکە چەندە قورسە و ئەگەری مان و نەمانی تیایە، بە جیا لە قسەی خەڵك و دەوروبەر، بە جیا لە هەموو شتێك، شێتانە بەم مەرجە ڕازی دەبن و لە کورت ماوەدا شار و نیشتمانی خۆیان بەجێدەهێڵن و خۆیان دەدەنە دەست سەفەرێکی هات و نەهات...! شوێن لەنێو پانتایی ڕۆمانەکە، ڕووداوە سەرەکییەکان لە یەکێك لە



شارەکانی کوردستانی عێراقە و بەڵام، بەهۆی سەفەرکردنی هەرسێ دڵدارەکە، بە ئاراستەی جیاواز و بەرە و نیشتمان و کیشوەری جیاواز، نووسەر توانیویەتی هەموو دونیا بهێنێتە نێو پانتایی ڕۆمانەکەی، زۆر سەرکەوتووانە باس لە سنوور و جوگرافیای وڵاتان و کیشوەرانی تر بکات. زەمەنیش لە دەوروبەری بیستوپێنج ساڵێك دەبێت، نووسەر لەم ماوە زەمەنییە دیاریکراوەدا، لەپاڵ چیرۆکی ئەم عەشقەدا، مێژوو و ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان و شەڕەکانی کەنداو و ڕووخانی ڕژێمی سەدام و ڕاپەڕین و دەسەڵاتی کوردی و... زۆر ڕۆشن و ڕاستگۆیانە بۆمان دەگێڕێتەوە). تا ئێرە ویستمان زۆر بە کورتی بیرۆکەیەك لەسەر ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە وەك نیگارێك بخەینە ڕوو... لەپاڵ ئەم دەسپێکەمان، دەمانەوێت لێرەوە ڕاستەوخۆ لە دەرگای مەبەستەکەمان بچینە ژوورەوە و لەوێوە دەست بە خوێندنەوە دەروونییەکانی کەسایەتییەکان و پێکهاتە دەروونییەکانی دەقەکە بکەین. دەتوانین بڵێین، خاڵێکی هاوبەش هەیە، لە پێکهاتەی کەسایەتی و پێکهاتەی دەروونی و هەڵسوکەوتەکانی هەریەکێك لە (کامەرانی سەلما و مەنسور ئەسرین و خالید ئاموون)، دیارە گووتمان هەریەکێك لەم کاراکتەرانە بە پاشخانی جیاواز و سەر بە چینی جیاوازن، بەڵام پێکهاتەی کەسایەتی و دەروونی یان هەڵسوکەوت، بەوە دیاری ناکرێت کە کەسەکان سەر بە چ چینێکی کۆمەڵگەن یان چ پاشخانێکیان هەیە هەرچەندە شوێنەوار و پڕنسیپی کۆمەڵگە و شێوازی فێرکردن، کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بەسەر پێکهاتە دەروونییەکانی مرۆڤەکان. لەگەڵ ئەوەش، پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤەکان یان ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان، ڕاستەوخۆ بەپێی بیرکردنەوە و پێکهاتەی باری دەروونیان ئاراستە وەردەگرێت. هەروەك ئەوەی لە تیۆری سیگمۆند فرۆید "لە پەیوەند بە کەسایەتی و ناسینی سروشتی مرۆڤ یان هەڵسوکەوتەکانیان هاتووە، پێکهاتەی مێشك و دەروونی مرۆڤی دابەشکردووە بەسەر سێ بەش ئەمانیش (من، منی باڵا، ئەو... واتە ئیگۆ، سوپەر ئیگۆ، ئێد) هەریەك لەم بەشانە لە کەسێکی ئاسایی و تەندروست دەبێت لە هاوسەنگییەکی گونجاودابن، چونکە ناهاوسەنگی و نارێکی لە هەریەکێك لەم بەشانە، دەبێتە هۆی نارێکی باری دەروونی و لێکەوتنەوەی چەندین نەخۆشی دەروونی. هەریەك لەم بەشانەش بۆ نموونە "ئێد" بەر لە هەموو بەشەکانی تر، لەگەڵ لەدایکبوونی کۆرپە لەدایك دەبێت، تەواو لەنێو ڕووبەری نەستیدایە، واتە ڕووبەری بێئاگایی و لاشعووری، لەژێر کۆنتڕۆلی پڕنسیپی دەروون و هەست و ئارەزووەکانی دایە، بە هیچ شێوەیەك نە لەگەڵ واقیعی دەرەوە ڕووبەڕووە و نە گوێی پێدەدات...

لەمبارەیەوە، هەڵسوکەوتەکانی منداڵ و داواکارییەکانیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم بەشەی دەروون و پێکهاتەی مێشکیانەوە هەیە... بەشێکی تر واتە ئیگۆ، ئەمەش لە دەوروبەری تەمەنی سێ ساڵییەوە، دروست دەبێت، تەواو لەنێو ڕووبەری ئاگاییدایە و لەگەڵ واقیعی دەرەوەوە و پرنسیپەکانی دەرەوە ڕووبەڕووە، گەورەترین قورسایی لەسەر ئەم بەشەیە، چونکە هەم دەبێت هاوسەنگیەك یان گوێ لە داواکاریەکانی ئیّد و سوپەرئیگۆ ڕابگرێت، هەم دەبێت ئاگای لە واقیعی دەرەوە بێت، واتە هاوسەنگییەك لەگەڵ خود و دەرەوەی خود، بەمانای هاوسەنگییەك لەنێوان پرنسیپی غەریزە و ئارەزووەکانی خود لەگەڵ پرنسیپی کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە. دوابەش واتە سوپەر ئیگۆ بەدوای بەشەکانی تر دروست دەبێت لە دەوروبەری تەمەنی پێنج ساڵییەوە بەرەو ژوور، هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و لێکدانەوەدایە لەگەڵ ڕووداو و شتەکان، بۆ نموونە لایەنی هەڵە و ڕاستی شتەکان لەبەرچاو دەگرێت... لە هەمانکات گرنگی بە مۆراڵیش دەدات بۆ دەرخستنی کەسایەتییەکی لێهاتوو هەمیشە لە دڵەڕاکێدایە... ئەم تیۆرەی فرۆید بۆ ناسینی سروشتی کەسەکان و کەسایەتی و هەڵسوکەوتەکانیانە. گووتمان خاڵێکی هاوبەش هەیە لەنێوان هەرسێ دڵدارەکان یان داواکارەکان، ئەویش ئەوەیە (لە پێکهاتەی کەسایەتی هەر یەکێکیاندا، یان هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیان، لەژێر کاریگەری "ئیّد" ئاراستە وەردەگرن...!) واتە بەبێ گوێدانە واقیعی دەرەوە و زروفە مەوزیعییەکان یان بێگوێدانە ئەوەی داواکارییەکانیان لە ئەرزی واقیع چەندە ئەگەری دەستەبەربوونی هەیە، تەنها خواست و ئارەزوویەکی گەنجانە و سەرکەشانەیە و بەس...! لەپێناو ئەو خواستەیان ئامادەی هەموو شتێکن، ئامادەن بچنە شەری مەحاڵەوە، تەنانەت مرۆڤیش بکوژن ئەگەر پێویست بکات... ئەم جۆرە بیرکردنەوە سەرەڕۆیانە ناتەبا دێنەوە لەگەڵ واقیعی دەرەوە و حەقیقەتی شتەکان. ئەم سەرشێتی و بێدەربەستییە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار هیچ شتێك نییە تەنها هەڵگری سیفاتەکانی "ئیّد" و ئاراستە وەرگرتنە لەژێر تەوژم و خواستەکانی "ئیّد"دا. ئەگەر سەیری هەریەکێك لە (کامەران و مەنسور و خالید) بکەین، ئەم ڕاستییەمان زۆر بە ڕۆشنی بۆ ڕوون دەبێتەوە، چونکە هیچ کامێکیان لەگەڵ سەوسەندا بچووکترین پەیوەندی ڕۆحی و هیچ پەیوەندییەك و ڕابردوویەك و تەنانەت هاوڕێیەتییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵیدا نییە، بەڵام چونکە سەوسەن بێئەندازە کچێکی نەشمیل و جوان و دڵگیرە، هەر کەس لە لای خۆیەوە داوا دەکات سەوسەن ببێت بە هاوسەری... بە بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئاخۆ سەوسەن بەم داوایەی ئەوان ڕازی دەبێت یان نا...؟ یان بە بێئەوەی



بزانن ئاخۆ سەوسەن لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا پەیوەندی هەیە یان... نا؟ بیر لە هیچ کام لەو ئەگەرانە ناکەنەوە... تەنها ئەوە نەبێت، سەوسەن دەبێت بۆ ئەوان بێت و هیچی تر. لەم پێناوەشدا هەموو شتێك دەکەن ئامادەی هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش دەبن. ئەوەتا لە سەرەتای ڕۆمانەکە (کامەرانی سەلما سوێندی خواردبوو گەر قسەکانی لەگەڵ ئەسریندا نەگەنە ئەنجام، بیکوژێت. سووك و سادە بیکوژێت، وەك سەگێك خەڵتانی خوێنی بکات...! ل٥). ئەوە لە کاتێکدا کامەرانی سەلما، کەسێکی چەقۆکێشە و لە شوێنی چەقۆکێشان گەورە بووە. کە ناتوانێت نامەیەکی دڵداری بنووسێت، لە دوور و نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ سەوسەندا نییە، هیچ ژووانێك، دەستبازییەك، پیاسەیەك نامەیەك هیچ شتێکی لەگەڵدا نییە، تەنانەت سەوسەن ناوی کامەران سەلمای نەبیستووە...! کەچی ئامادەیە و سوێندی خواردووە گەر لەگەڵ مەنسور ئەسرین نەگات بە ئاکامێك، واتە ئەگەر مەنسور دەست لە سەوسەن هەڵنەگرێت، ئامادەیە بیکوژێت و خەڵتانی خوێنی بکات...! ئەم عەشقە شێتانەیەی کامەران، ئەم بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەی، جگە لە پاڵنەری ئایدی بۆ نەخشاندنی کەسایەتی و هەڵسوکەوتەکانی شتێکی تر ناگەیەنێت. مەنسور ئەسرین-یش، کە لەگەڵ کامەرانی سەلما و مەنگوڕی بابە گەورە دادەنیشێت و داوای لێدەکەن کە دەست لە سەوسەن هەڵبگرێت، (مەنسور تا ئەوکاتە تەنها دووجار لەگەڵ ئەم خانمە قسەی کرد بوو، ئێستا دەیتوانی بڵێ چی...؟ ئەم دووجارەش سەوسەن بە درێژایی کاتەکە باسی ئەوەی بۆ کرد بوو کە نابێت ئەوی خۆشبوێت، لەوکچانە بوو کە دەتوانن زۆر قسە لەسەر سیفاتە خراپەکانی خۆیان بکەن... ل١٢)، لەگەڵ ئەوەی مەنسور باش دەیزانی کەوا هیچی لەگەڵ سەوسەندا نییە، یان دڵنیا بوو لەوەی ئەگەر پاشگەز نەبێتەوە چی ڕوودەدات...؟ یان ژیانی بە چ ئاراستەیەکی ترسناك و مەترسیداردا دەڕوات...؟! لەگەڵ ئەمانەش ڕاست و ڕەوان پێیان دەڵێت (سەوسەن هیچی لەگەڵ مندا نییە، بەڵام من شتم لەگەڵیدا هەیە... پتر لە دوو مانگە شێتانە عاشقی بووم، بەناوی ئەم خۆشەویستییە قووڵەی لە دڵمدایە منیش داواتان لێدەکەم واز لە سەوسەن بهێنن...! ل١٣) مەنسور نەك هەر پاشگەز نابێتەوە، بەڵکو لە هەمانکاتدا ئەویش داوا لەوان دەکات کە دەست لە سەوسەن هەڵبگرن...! مەنسور بەوەندەش وازناهێنێت کەچی ڕوون و ئاشکرا بە کامەرانی سەلما دەڵێت (ئەگەر کچەکەی گوڵدانچی شووی بەتۆ کرد، من ئەو شارە چیدەهێڵم و دەڕۆم... هەمان لاپەڕە) کامەران قسەکان و وەڵامەکانی مەنسور وەك سوکایەتیکردن وەردەگرێت! لێرەدا زنجیرەی ئارامییەکانی دەپچڕێت و سەرشێتانە و کتوپڕ چەقۆکەی دەردەهێنێت دەکێشێت بە کەلەکەی

چەپی و خەڵتانی خوێنی دەکات... خۆ ئەگەر مەنگوڕی بابەگەورە دەستی نەگرتبا و چەقۆکەی لێنەسەندبایە لەوانەبوو هەرئەوکاتە هەناسەی لەبەر بڕیبا...! ئەم ڕەفتارە هەڵەشەییەی کامەران و یان وەلام و پێداگرییەکانی مەنسور لەسەر عەشقێکی یەك لایەنە و ئامادەیی بۆ چوونە نێو شەڕ و ململانێیەك کە ڕەنگ بێ بە مەرگ کۆتایی بێت، ئەمانە هەمووی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کەوا ڕووداوەکان و پێکهاتەی کەسایەتییەکان و ڕەفتارەکانیان لەژێر پاڵنەری ئایدی ئاراستە وەردەگرن. خالید ئاموونیش، یەکێکە سەر بە عەشیرەتی ئاموونییەکانە، وەکو گووتمان ئەم عەشیرەتە عەشیرەتێکی گەورە و دیار و دەوڵەمەند و خاوەن موڵك و ماڵن، ئاموونییەکانیش بەوە ناسراون زۆرێك لە مەسەلەکانیان بە زەبری پارە و ماڵی دونیا دەبڕیننەوە، بە تایبەت لە مەسەلەی خوازبێنیدا، لەم بارەیەوە ڕابردوویەکی سەرکەوتوویان هەیە. ڕەنگە لەپاڵ فاکتەرەکانی تر، ئەمەش فاکتەرێك بێت، کە وای لە خالید ئاموون کردبێت زۆر بە باوەڕ بەخۆکردنەوە دەستنیشانی شۆخترین کچی ئەم شارەی کردبێت...! خالید ئاموون خۆشی کەسێکی دەوڵەمەند و پارەدارە، خاوەن کۆگایەکی گەورەیە و جلوبەرگ و ماکیاژ و کەلوپەلی ژنانە دەفرۆشێت... کەسێکی چاو لەدەر و مێبازە. (ئێستا چوار مانگە ئیش و کاری بە جۆرێکی بێمانا کەوتۆتە دواوە، لەم چوار مانگەدا سەفەرێکی پایتەختی بۆ هێنانی مۆدیلاتی نوێ نەکردووە...! ل١٦)، یان (لەم چوار مانگەدا سەوسەن فیکرەت سێ جار هاتبوو بۆ کۆگاکەی، بەلام هیچ کات بە تەنیا نەبوو، هیچ کات خۆی شتێکی نەکڕیبوو...! هەمان لاپەڕە)، ئەگەر لەم فاکتانەی سەرەوە بڕوانین، بە ئاشکرا ئەوە دەخوێنینەوە کەوا، خالید ئاموونیش هیچ پەیوەندییەك و نزیکایەتییەك و دۆستایەتییەکی لەگەڵ سەوسەندا نییە... کەچی ئەمیش هەر لەلای خۆیەوە شێتانە عەشقی بووە، ئەم عەشقەش هاوسەنگی ژیان و ئیشوکار و هەموو شتێکی لێ تێکداوە...! کاتێك هەواڵی ئەوە دەبیستێت دوو کەس شەڕیان بووە لەسەر سەوسەن، تەنانەت چەقۆشیان وەشاندووە و کەسێکیش بریندارە، ئیتر بەم هەواڵە زۆر نیگەران و دڵگران دەبێت، نا لەبەر ئەوەی کەسێك بریندارە و برینەکەشی سەختەو ئێستاش وا لە نەخۆشخانەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەوا سەوسەن دڵداری تری هەیە و کەسی وا هەیە چەقۆ لەپێناو عەشقەکەی دەوەشێنێت... ئەم ڕووداوە کاری زۆری کردە سەر، چونکە لەهەوڵی ئەوەدابوو ڕێگایەك بدۆزێتەوە کە خۆشەویستی و سووتانی خۆی پێشانی سەوسەن بدات، کەچی لەملاوە چی دەبیستێت..؟! دوای سۆراخکردن سەردانی مەنسوڕ دەکات و لە نزیکەوە زۆر بە وردییەوە لە مەنسور دەڕوانێت... بۆ ڕۆژی دواییش بەر لەوەی کۆگاکەی بکاتەوە



دەچێتە چایخانەی "پەپوولەی ئازاد" سەرسووڕهێنەرانە سەیری کامەران دەکات لێی ورد دەبێتەوە، ئێستا هێندەی تر نیگەران و بێئومێد دەبێت... چونکە باش دەزانێت، ئەوەی کچێکی شۆخ و نەشمیل بەدوایدا دەگەڕێت، لەم دوو عاشقەدا هەیە و لەمدا نییە...! (بەلام بەر لەوەی کەس هەستی پێ بکات دەبایە هەستێت و چایخانەکە بەجێبهێڵێت، بۆ یەکەمجار لەبەردەم ئەم چایخانەیەدا بیری لە کوشتنی کامەرانی سەلما کردەوە... ل٤٤). بێگومان ڕوون و ئاشکرایە ئەمجۆرە بیرکردنەوە مەترسیدارانە، بۆ خواست و مەرامێکی تایبەتی خود، کە لە کاریگەری تەوژم و هێزی شەپۆلەکانی حەزوو ئارەزووەکان، یان پاڵنەرێکی دیاریکراوی دەروون، کە ئەویش پاڵنەری "ئایدی"یە، ئەمەش کۆمەکمان دەکات، کە بەبێ دوودڵی بتوانین ئەم خوێندنەوەیەی بۆ بکەین... ئێستا ئەوەمان بینی کە هەر یەکێك لە سێ دڵدارەکان، چ لە پێکهاتەی کەسایەتی و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانیان، خاڵێکی هاوبەش هەبوو ئەویش (خۆشڵکردن بوو بۆ پڕنسیپەکانی حەز و ئارەزووەکانیان، بێگوێدانە واقیعی دەرەوە و حەقیقەتی شتەکان، یان کۆسپ و ئەگەرەکان و قورسایی باری نائاسایی و نەگونجانی هاوکێشەکان و تەنانەت ئاکامەکانیش...!).

بارێکی تری دەروونی یان خاڵێکی تر، کە هاوبەشە لە هەرسێك کاراکتەرەکاندا، ئەمیش (نەرجسیەتە). بێگومان نەرجسییەت هەروەکو لە کتێبی "نەرسیسیزم"دا هاتووە... (بە شێوەیەکی گشتی نەرجسییەت ئەوکەسانە دەگرێتەوە، کە بیروهۆشیان هەمیشە لەلای خودی خۆیانە و خۆیان لە سەرووی کەسانی ترەوە دەبینن...!) یان "تیۆدۆر ئای ڕۆبین" دەڵێت (کەسی نەرجسی لە دونیای تایبەتی خۆیدا دەژی، پێیوایە هەموو دونیا هی ئەوە...!)، دیارە نەرجسییەتیش ئاستی جیاواز و جۆراوجۆری هەیە. ئاستەکانیش بەپێی کەسەکان و باری دەروونیان یان جێگە و ڕێگە کۆمەلایەتییەکان دەگۆڕێن. هەندێك لە جۆرەکانی نەرجسییەت دەگەنە ئاستی نەخۆشی و نارێکی باری دەروونی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە جۆری "کەسایەتی دەروون نەخۆش" یان "کەسایەتی گومانکردوو" ئەوانە زیاتر لەوکەسانە دەردەکەون، کە بێئەندازە مەیلی خۆ دەرخستنیان هەیە، بەهەر ڕێگایەك لە هەوڵی ئەوەدا دەبن بە بەرزترین ئاستی خۆدەرخستن بگەن. ئەمەش زیاتر لە کەسایەتییە دیکتاتۆرییەکان و کەسایەتییەکانی خاوەن دەسەلات یان کەسە بەناوبانگەکان بەدیدەکرێت، بەلام ئەمجۆرە نەرجسییەتەی کە ئێمە مەبەستمانە و لە هامانکاتیش لە هەرسێك کاراکتەرەکانیشدا هاوبەشە، جۆری یەکەمی نەرجسییەتە، واتە (ئەدگاری نەرجسییەتی- نێرایەتی) ئەم جۆرەشیان هەر لە کتێبی نەرسیسیزم بەمشێوەیە باسی دەکات

(هەڵسوکەوتی پیاوێکی خۆ بەزلزان، کە تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێ بۆ وروژاندنی ژنان بۆ کاری زایەندی...!). ئەگەر لە ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان وردبینەوە، دەبینین پاڵنەرێکی تریش، کە ئەویش پاڵنەری زایەندییە لە پشت هاوکێشەکان وەستاوە، بەتایبەت لە خالید ئاموونـدا ئەم پاڵنەرە تەوژمێکی بەهێزتری هەیە...! بەڵام لە کامەران و مەنسوردا غەریزە زایەندییەکان زیاتر لە باری چەپێندراویدان. ئەم پاڵنەرە زایەندییە، باری دەروونیان بەم ئاقارەدا دەبات، کە مەیلی خۆ دەرخستنیان لەلا بەهێز بێت و خۆشیان لە سەرووی خەڵکانی ترەوە ببینن...! ئەمەش کرۆك و ناوەڕۆکی نەرجسییەتە. وادەزانن هەموو دونیا هی ئەوانە و کەسێك لەوان شیاوتر و گونجاوتر نییە، بۆیە شۆخوشەنگترین و ڤینۆسیترین کچی شارەکەیان داوادەکەن، کە ئەویش سەوسەنی گوڵدانچییە...! هەرکەس لە ڕاستەخۆی، خۆی بە باشترین کەسێك دادەنێت بۆ بوون بە مێرد و هاوسەری سەوسەن...! ئەم بیرکردنەوەیە خۆی لەژێر تەوژم و پاڵنەری زایەندی ئاراستە وەردەگرێت، ئەویش لە چوارچێوەی پرنسیپەکانی حەز و ئارەزووەکانی خود دایە. ئێمە گووتمان دونیا بە هی خۆیان دەزانن، بۆیە هیچ جێگای سەرسووڕمان نییە کە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك، هیچ بەربەستێك سەوسەن-یش بە هی خۆیان بزانن، چونکە ئەوان باشترینن و لەسەرووی هەموو کەسانێکیشن...! بۆیە لەژێر تەوژمی ئەم بیرکردنەوەیەدا، کەسانی تر بۆیان نییە داوای سەوسەن بکەن...! ئەگەر کەسانی تر داوای سەوسەن بکەن، ئەوا بێ هیچ شك و گومانێك، خەڵتانی خوێن دەکرێن و مەرگ لە چاوەڕوانیاندا دەبێت...! نەك هەر هێندە، بەڵکو لە کامەرانی سەلما شتێکی تریش دەخوێنینەوە، چونکە نەرجسییەتەکەی ئەم تێکەڵاوییەکە لەگەڵ "هیستیریا"دا... لەبەر ئەوەی کامەران ڕووبەرە چەپێندراوەکەی، دیوارێکی زۆر بەهێز و پتەوە، بەختیار عەلی زۆر ڕۆشن و سەرکەوتووانە، باری دەروونی کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەیمان بۆ ڕەسم دەکات، بەتایبەت کەمەرانی سەلما...! ئەوەتا دەربارەی کامەران و تەواوی چەقۆکێشەکانی ترەوە لە دەمی مەنگوڕی بابەگەورەوە پێمان دەڵێت (هەموویان دایکیان ژنی بۆ دەهێنان، چونکە کەسیان غیرەتی ئەوەیان نەبوو، قسە لەگەڵ ژنێکدا بکەن...! ل٤٠). یان (کامەرانی سەلما ئەگەرچی ئەزموونێکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەڤین و خۆشەویستیدا نەبوو، بەڵام وەك زۆر لە گەنجە بۆشناخەکانی هاوتەمەنی لەو باوەڕەدابوو هەرکاتێك و هەر خانمێکی بوێت، دەتوانێت بیکات بە ئەڤینی خۆی.... ل٨). کامەران لەو جۆرە کەسانەیە کە نازانێت نامەیەکی دڵداری بنووسێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان غیرەتی ئەوەی نەبووە قسە لەگەڵ ژنێکدا بکات، ئەم حاڵەتی شەرم و تەعبیر لە



خۆنەکردنە، وادەکات حەز و غەریزە زایەندییەکانیان لەنێو خۆیاندا بپوکێتەوە، بۆیە لە بچووکترین تووڕەیی تووشی تەقینەوە و هەڵچوونی توند دەبن...! (کامەران بە پێچەوانەی مەنگوڕەوە پێیوابوو کە خالید ئاموون دەبێت تێبگات سەروکاری لەگەڵ خەڵکێکدایە کە دەتوانن دەست بوەشێنن، ئامادە و لەسەر پێن بۆ شەڕ، شتێك لە کامەراندا بوو پتر هانی دەدا بجووڵێت، دەست بوەشێنێت، خۆی دەربخات...! ل٦٣)، بێگومان لەمجۆرە کەیسانەدا بە ئاشکرا هەڵچوونی هیستریکی دەخوێنینەوە. دیارە لەنێوان "نەرجسییەت و هیستیریا"ش جیاوازی زۆر هەیە. لە هەمانکاتیش لە یەکتریەوە نزیکن... بە پێویستی دەزانم باس لە هەندێك لە جیاوازییە سەرەکییەکانیان بکەم. بۆ نموونە، کەسە نەرجسیستەکان هێندە لە ئاستێکی بەرز بەخۆیان دەنازن یان شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، بۆیە لە بەرامبەر توندوتیژی و کارە تاوانکارییەکانیان، هەرگیز هەست بە توانباری ناکەن و لە هەمانکاتیش پەشیمان نابنەوە، بەڵام کەسە هیستریکەکان، لە بەرامبەر هەڵچوون و توندوتیژی و تاوانکارییەکانیان، هەرزوو پەشیمان دەبنەوە و ئازارێکی زۆریش بەدەست ڕەفتارە ناڕەواکانی خۆیان دەبینن...! جیاوازییەکی تر، کەسی نەرجسیستی دەرگای هەست و سۆز و ویژدانی دادەخرێت...! زیاتر بەپێی بیرکردنەوەکانی هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام کەسی هیستریکی، تا ئاستێکی زۆر لەژێر کاریگەرییەکانی هەست و سۆزیدایە و هەمیشە ئازار بە دەست ویژدان و سۆز و ناوەوەی خۆیان دەبینن...! بۆیە دەبینین، کامەرانی سەلما لەپاڵ بارە نەرجسییەتەکەی، باری هیستیریاشی هەیە. هەر بۆیە لەدوای چەقۆ وەشاندنەکەی یان بەدوای کارە توندوتیژی و هەڵەشەییەکانی هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە...! (کامەرانی سەلما دۆڵانی، هەمیشە دوای ئەوجۆرە پێکدادانە خوێناوییانە پەشیمان و غەمگین دیار بوو، مەنگوڕی بابەگەورە لە حاڵەتی کوڕەکە تێدەگەیشت، پێیگووت "لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی باشیت وەها غەمگین دەبیت، مرۆڤی باش دوای شەڕ غەمگین دەبن. بەڕەحمەت بێت کاروانی دایی و عولەی مام غەنیش وابوون، دوای چەقۆ وەشاندن هەرچییەك با غەمگین دەبوون...! ل٣٨)، ئەم باری پەشیمانبوونەوەیە و هەستکردن بە غەمگینییە، کە لە کامەرانی سەلما و چەقۆکێشەکانی تردا دەبینرێن، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە چ کامەرانی سەلما و چ چەقۆکێشەکانی تر، هەموویان لە باری هیستریاییدا دەژیان. یان دەمانەوێت باسی جۆرێکی تری نەرجسییەت بکەین. ئەویش جۆری نەرجسییەتی "کەسایەتی دەروون نەخۆشە". ئەمجۆرە زیاتر لە کەسە دیکتاتۆرەکان و کەسە بەناوبانگەکاندا دەردەکەوێت. بۆ نموونە، سەدام حسێن، کە لە ڕۆمانەکە ناوی هاتووە و کەسێکە نەرجسیستەکەی

لە جۆری (کەسایەتی دەروون نەخۆش)ە. ئەمجۆرە کەسایەتییانە نەرجسییەتەکەیان لە ئاستێکی بەرزدایە، واتە تا ئاستی نەخۆشی...! ئەوەتا فیکرەت گوڵدانچی ئەوکاتەی لە بەغدا ژیاوە، هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستان. گوێی لە خیتابێکی سەدام حسێن دەبێت کە تازە هاتووەتە سەرکار (کە سەدام حسێن هاتە سەر کار و بۆ یەکەمجار وەك دیکتاتۆرێك لە باڵکۆنێکی بەرزەوە سەرەتای سەرهەڵدانی دونیایەکی نوێی ڕاگەیاند، فیکرەت گوڵدانچی لەناو حەشاماتە شێتەکەدا سەرسامانە وەستابوو سەیری دەکرد، خوێندنەوەکانی گوڵدانچی لە ژیاننامەی دیکتاتۆرەکاندا پێیدەگووت ڕۆژگاری زۆر تاریك و دوورودرێژ بەڕێوەیە، ل٢٤)، یان (قووڵبوونەوەی لە مێژووی خۆرهەڵات و شەڕی تایفە کۆنەکاندا ئەو هەستەی تیا سەوز کردبوو کە هاتنی دیکتاتۆرێکی تازە کە مەیلێکی ترسناکی بۆ خۆدەرخستن هەیە، بەبێ ڕوودانی شەڕێکی گەورە تێناپەڕێت...! ل٢٥)... لەمبارەیەوە، چ تێبینی و پێشبینییەکانی فیکرەت گوڵدانچی چ ئەوەی ئێمەش بە چاوەکانی خۆمان بینیبوومان، کەوا سەدام حسێن چ مەیلێکی شێتانەی بۆ خۆدەرخستن هەبوو...؟! لەم ڕاستایەشدا چ ڕەشترین تاوانی نامرۆڤانەی ئەنجام دەدا؟ بۆ تەنها جارێکیش نە پەشیمان بوو نە غەمگینیش، ئیدی ئەم ڕووخسار و ئەدگارەش، ڕووخسار و ئەدگاری کەسایەتییەکی دەروون نەخۆشە...! لەنێو پانتایی ڕۆمانەکەدا لە زۆر شوێنی تر، ئەم مەیلی خۆدەرخستن و تاوانکارییە یان لە زۆر کەسایەتی تریش دەبینین، بۆ نموونە سەرکردەی حیزبە کوردییەکانیش گیرۆدەی هەمان باری دەروونین. چ پێش هاتنە سەرحوکم و تەنانەت دوای هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتیش، ئەوەتا بەر لە ڕۆژانی دەسەڵاتیان لەنێو ڕۆمانەکەدا دەڵێت (بەڵام خودی دوو حیزبەکە بە مێژوویەکی تاریك و پڕ لە ناکۆکییەوە هاتنە نێو ژیانمانەوە...). دوای گرتنە دەسەڵاتیش لە شەڕێکی ناوخۆدا، ڕەشترین لاپەڕەکانی مێژوویان بە تاوانەکانیان پڕکردەوە و نا مرۆڤانەترین کارنامەیان بۆ خۆیان تۆمارکرد...! تەنانەت بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆشەکانی دوژمن شارەکانیان لە یەکتری دەسەندەوە...!

تا ئێرە توانیومانە چەند نموونە و فاکتێك، لە ناسینی کەسایەتی و هەڵسوکەوت و نارێکی باری دەروونی چەند کاراکتەرێك باس بکەین... ئێستاش دەمانەوێت خوێندنەوەیەك بۆ چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس بکەین کە ڕووبەرێکی ئێجگار فراوانی داگیرکردووە، هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە تا کۆتاییەکەی لە زۆربەی هاوکێشە و ڕووداوەکان و تەنانەت لە سیما و پێکهاتەی هەندێك لە کاراکتەرەکانیش دەبینرێن. ئەم دوو چەمکە بە شێوەیەکی بەرچاو و



بەردەوام لە کێشە و ململانێدان، ئەمەش جوانکارییەکی لە ڕادەبەدەری بەخشیوە و کێرڤی داهێنانی ڕۆمانەکەی زۆر بەرز ڕاگرتووە. چەمکەکانی "ئیرۆس و ساناتۆس" بەپێی تیۆری فرۆیدی، ئیرۆس بە مانای عەشق و خۆشەویستی دێت، یان بە مانای غەریزەکانی ژیان... ساناتۆس بە مانای غەریزەکانی مردن دێت... مێژووی ئەم دوو چەمکەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی یۆنانی، کە لەوێدا (ئیرۆس، خودای خۆشەویستییە، کوڕی ئەفرۆدیتەیە، کە ئەمیش خودای بەزم و ئارەزووە زایەندییەکانە... ساناتۆس، خودای مردنە کوڕی (nyx )ە، کە ئەمیش خودای شەوە)، فرۆید لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی لە بارە نارێکەکانی هەڵسوکەوتەکان و یان پەیوەندییە ئازاربەخشەکانی نێوان مرۆڤەکان ئەم دوو چەمکەی بەکارهێناوە. ئەم دوو چەمکەش لە پرۆسە و هاوکێشەکانی بەردەوامبوونی ژیان لە بەرامبەر یەك دەوەستن لە ململانێی بەردەوامدا دەبن. بۆ ئەم مەبەستە و پێشاندانی چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس لەنێو ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)، هەوڵدەدەین چەند فاکتێك بهێنینەوە و قسەیان لەسەر بکەین. هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکە، کاتێك هەرسێ عاشقەکە، واتە (کامەران و مەنسور و خالید)، سەفەر دەکەن بە کیشوەرە جیاجیاکانی دونیادا، بۆ ئەوەی دونیا ببینن و لە هەمانکاتیش باڵندەی سەیر و ناوازە لەگەڵ خۆیاندا بهێننەوە، شارەکەی ئەمان شارێکە، هەمیشە شەڕی تیایە و بۆنی بارووت و خوێنی لێدێت... شارێکە لە ئاکامی شەڕە یەك لە دوا یەکەکان لە جەنگڵستانێکی تاریك دەچێت... لەم شارەدا هێماکانی مەرگ بە زەقی دەبیندرێن، یان لەوێدا شار هێمایە بۆ مەرگ... لەدەرەوەی ئەم شارەش دونیایەك هەیە، کە خاوەنی شارستانییەتێکی پێشکەوتووترە، ژیان لەوێدا مانایەکی هەیە، مرۆڤەکان بۆنی ژیانیان لێدێت... دونیا لێرەدا لە بەرامبەر شارەکەی ئەمان بە مانای ژیان دێت. واتە ئیرۆس و ساناتۆس لە هاوکێشەی نێوان شار و دونیادا، لە بەرامبەر یەك وەستاون...! لەلایەکی تر، خودی سەفەرەکە، کە بۆماوەی هەشت ساڵ، موسافیرەکان یان عاشقەکان بە هەموو کیشوەرەکاندا دەگەڕێن، سەفەرەکەش دوو خوێندنەوە لەخۆ دەگرێت یان دوو دیوی هەیە، یەکێکیان، هێمایە بۆ ژیان، چونکە بەو مەبەستە عاشقەکان دەڕۆن کە دونیا ببینن و لە شەڕ و مردن دوور بکەونەوە، لە هەمانکات شارستانییەتێك و دونیایەیەکی جیاواز ببینن، بەمانایەك ئەم دیوەی سەفەرەکەیان ڕوویەکی پۆزەتیفانەی هەیە... بەڵام دیوێکی تری سەفەرەکە، هێمایە بۆ مەرگ... کاتێك عاشقەکان باڵندەکان دەگرن و دەیانخەنە نێو قەفەزەکانەوە، بە مانایەکی تر، باڵندەکان لە فڕینی ئازادەیان بێبەش دەبن و ئازادییان لێ زەوت دەکرێت، ئەمەش ڕوویەکی نێگەتیڤی سەفەرەکەیە.

واته لە سەفەرەکەشدا چەمکی ئیرۆس و ساناتۆس لەبەرامبەر یەك وەستاون. با بگەڕێینەوە بۆ شارەکە و لە شارەکە بڕوانین، بۆنی بارووت و خوێنی لێدێت، پێشتر گووتمان ئەو شارە هێمایە بۆ مەرگ، بەڵام هەر لەنێو ئەم شارەدا ماڵێك هەیە کە ماڵی فیکرەت گوڵدانچییە کە باوکی سەوسەنە، ماڵێکە گەورەترین کتێبخانەی دونیای تیایە، ئەم کتێبخانەیەش هێمایە بۆ مەعریفە و ژیان...! واتە لە هاوکێشەی پێکهاتەی شارەکەشدا، ئیرۆس و ساناتۆس لە بەرامبەر یەك وەستاون و لە ململانێدان. ئەگەر بڕۆین بۆ ماڵەکەی گوڵدانچیش، ماڵێکە بەهۆی کەسی خوێندەوار و هۆشمەند کە خاوەنی بیرکردنەوەی جیاوازن، بەهۆی کتێبخانەیەکی گەورە کە هێمایە بۆ فیکر و مەعریفە، واتە ئەوماڵە بۆنی ژیانی لێدێت، پڕە لە ڕەنگە جوانەکانی ژیان... هەر لەو ماڵەش، لەنێو ژوورێك لە ژوورەکانی ئەم ماڵە، دۆلابێك هەیە بە "دۆلابی یادگارە تاڵەکان" ناوی دەبەن. ئەم دۆلابە بە ڕەشەبای مەرگ هەناسە دەدات، هەموو شتە خەمناکەکان و یادەوەری ڕۆژگارە تاڵەکانی لەنێوخۆیدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە، جلە سەربازییەکانی نەزاری برای سەوسەن کە لە شەڕی عێراق- ئێران دەکوژرێت، خۆڵەمێشی ماڵەکەی ساقی مەحمود کە لە ململانێی نێوان بەرەی عاشقەکان دەسووتێنرێت، جلوبەرگە خوێناوییەکەی کامەران و زۆر شتی تریش...! بە مانایەك ئەم دۆلابە هێمایە بۆ مەرگ... واتە هەر لەنێو ماڵەکەی گوڵدانچی، چەمکەکانی مەرگ و ژیان یان ئیرۆس و ساناتۆس لە بەرامبەر یەکدیدان... دەربارەی چیرۆکی عەشقەکەش، واتە عەشقی (کامەران و مەنسور و خالید بۆ سەوسەن). لەپێناو ئەم عەشقە و گەیشتن بە ئامانجەکەی، دەبینین هەرسێ بەرەی عاشقەکان دژایەتییەکی بەردەوامی یەکتری دەکەن، سووکایەتی بە یەکتری دەکەن و ناوی یەکتری دەزڕێنن، ماڵ دەسووتێنرێت، تەنانەت مرۆڤ و باڵندەکانیش لەم پێناوەدا دەکوژرێن...! کە ئەمەش ڕووخسارێکی پەیوەندییە ئازاربەخشەکان و هەڵسوکەوتە نارێکەکانی نێوان مرۆڤەکانە، بۆیە ئەم ڕووە نێگەتیڤە هێمایە بۆ مەرگ، بەڵام لە هەمانکات لەنێو چیرۆکی ئەم عەشقەدا، هەرسێ عاشقەکە یان هەرسێ ڕکابەرەکە و نوێنەرەکانیان بەیەکەوە و لە یەککاتدا، بۆ داوەتێك بانگدەکرێنە ماڵی گوڵدانچی، بەیەکەوە کۆدەبنەوە و نان دەخۆن. هەر لەوێدا ئاشتبوونەوە ڕوودەدات (هەموو هەوڵیان دا ویقارِ و هێمنی دەربخەن. هەر لەو ساڵۆنەدا دەبایە فیکرەت گوڵدانچی دەستبکاتە ملی کامەرانی سەلما و دەستی بگرێت و داوا بکات تەوقە لەگەڵ مەنسور ئەسریندا بکەن، ئەو ئاشتبوونەوەیە یەکەمین و گرنگترین شتی سەرەتای دانیشتنەکە بوو... ل٩٧).



بەدەرلەوەی عاشقەکان و تەواوی بەرە و تایفەکان، لە دەرەوەی ماڵی گوڵدانچی بە خاتری ئەم عەشقەدا چەندە لە دژایەتی و ململانێ و ڕکابەریدان لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام لە داوەتەکەیان ئاشتبوونەوە ڕوودەدات، واتە لەنێو چیرۆکی عەشقەکەدا، هەم دژایەتی و ململانێ و ڕکابەرایەتی هەیە و هەم ئاشتبوونەوەش....! ئەم هاوکێشەیەش خۆدەرخستنی چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس-ە. ئیتر دوای سەفەرێکی هەشت ساڵە، کاتێك عاشقەکان بە خۆیان و باڵندەکانیان دەگەڕێنەوە، بەختیار عەلی لەم گەڕانەوەیاندا، سێ تابلۆی زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشمان پێشاندەدات، لە هەمانکاتیش ئەوەمان پێدەڵێت، سەفەر و گەڕان بە دونیادا یان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شارستانییەت، مەرج نییە ببێتە هۆی گۆڕانی مرۆڤەکان. ئەوەتا لە سێ دیمەنی جیاواز سێ ئاکامی جیاواز دەبینین. دیمەنی یەکەم، کامەرانی سەلما بەهۆی سەفەرەکەیەوە تەواو گۆڕاوە لە کەسایەتییەکی چۆقۆ وەشێن و شەڕانگێز و تووڕە، بەڵام ئێستا ناتوانێت نەك مرۆڤ تەنانەت باڵندەیەکیش ئازار بدات، خاوەن بیرکردنەوەکی ڕۆشن و توانای قسەکردن و تەنانەت خوێندەوارییەکەشی چۆتە سەر، کەسێکە دڵی پڕە لە میهر و خۆشەویستی، گەنجێکی شۆخ و جوان و بۆنی ژیان و بۆنی دونیای لێدێت...! دیمەنی دووەم، مەنسور ئەسرین، ئەمیش تەواو گۆڕاوە، کەسێکە گۆڕانەکان و پێشکەوتنەکان لەگەڵ خۆیاندا بردوویانە، دەیەوێت بگەڕێتەوە و سەفەرەکەی تەواو بکات، لە ئەنجامی گەڕان و بینینی دونیا دەبێتە گەڕیدەیەکی هەتاهەتایی، چیتر ناتوانێت لێرەدا بمێنێتەوە و لەم شارەدا بژیت، دەیەوێت بڕوات دونیا بکات بەماڵی خۆی و لە دونیا جێنشین بێت...! لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەر سەوسەنی خۆش دەوێت، بەڵام گەڕان بە دونیادا، گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا هێناوە چیتر ناتوانێت، لە شارێکی فەرامۆشکراوی پڕ لە بارووت و خوێن جێنشین بێت. لە نامەیەکدا هەموو شتێك بۆ سەوسەن ڕوون دەکاتەوە و دەڕواتەوە تێکەڵ بە دونیا دەبێت و وندەبێت... دیمەنی سێیەم، خالید ئاموونە، ئەمیش نەك هەر نەگۆڕاوە بەڵکو، ڕق و مەراقی تۆڵەسەندنەوە و تەواوی ڕقەکانی تری چەند بەرابەر زیادیان کردووە، مرۆڤێکە هەر وەك پێشوو، دڵی پڕاوپڕە لە ڕق و قین و تۆڵە و نائومێدیی... بۆنی مەرگی لێدێت، ئێستاش هەروەکجاران ئامادەیە ڕکابەرەکان و عاشقەکانی تر بکوژێت. ئەم دیمەنە سامناکەی خالید هێمایە بۆ مەرگ، دیمەنی گۆڕانەکانی کامەرانی سەلماش هێمایە بۆ ژیان... واتە ئاکامی سەفەرە هەشت ساڵییەی عاشقەکان. چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس لە هاوکێشەیەکدا لە بەرامبەر یەکتری دەبینرێن.

ئەگەر لە پێکهاتەی کەسایەتی هەندێك لە کاراکتەرەکان بڕوانین، دەبینین هەندێکیان لە یەککاتدا هەڵگری سیفاتە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانن. وەك دوو دیوی تەواو جیاواز، جیاواز وەك، ڕەش و سپی، یان باش و خراپ... بەمانای وەك هێماکانی ئیرۆس و ساناتۆس خۆیان دەنوێنن... بۆ نموونە مەنگوڕی بابەگەورە، کەسێکی چەقۆکێشە، ماڵی خەڵك دەسووتێنێت و گەندەڵی ڕاوڕووت دەکات، بەڵام لەهامانکاتیش بۆ مەبەستێکی پیرۆز دەبێتە گەورەترین پشتوپەنای کامەرانی سەلما و هەمیشەش قسەی باش دەکات، بە بەزم و نوکتە و قسەخۆشەکانی سەوسەن و خوێنەرانیش دەهێنێتە پێکەنین. خۆی بەمشێوەیە باسی خۆی دەکات و دەڵێت (من تێکەڵەیەکم لە شەلاتی و مەلای دوازدە عیلم، لە بودەڵە و پیاوی ماقووڵ... ل١١)، یان خالید ئاموون، نووسەر بەم شێوەیە باسی کاراکتەری خالید ئاموونمان بۆ دەکات (بە دیوێکدا لە فریشتەیەکی دەسخەڕۆ و بە دیوێکی دیشدا لە پیاوکوژێك دەچوو، بۆ دەرفەتێك بگەڕێت دەستی خۆی بوەشێنێت، هەرکەس سەیری بکردبایە دەیزانی لە یەککاتدا دەتوانێت هەم ناسك و هەم دڵڕەقیش بێت... ل٢٩)، خالید کاراکتەرێکە، لە سیمایدا هەم فریشتە و هەم پیاوکوژ دیارە وە هەم ناسك و هەم دڵڕەق، کۆکردنەوەی ئەم دەستەواژە دژانە لە یەك سیمادا، دەکرێت هێما بن بۆ ئیرۆس و ساناتۆس، کە لە پێکهاتەی خالید ئاموون لە بەرامبەر یەك وەستاون. هەروەها سەوسەن گوڵدانچی، لەگەڵ هەموو هۆشمەندی و جوانی و مرۆڤبوونی، زۆرجاران شەڕانگێز دەردەکەوێت، شەڕ بە پڕوشەی خوشکی دەفرۆشێت و بێزاری دەکات، یان کەسێکی کەمدووە، واتە زۆر قسان لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەری ناکات یان لە پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا زیاتر کەسایەتییەکی لاتەریك و دوورەپەرێز خۆی دەنوێنێت، هەرچەندە هەموو سیفاتەکانی سەوسەن بە سلبیی و ئیجابیەکانەوە لە جوانییەکانی زیاد کردوون. عاشقەکان و خەڵکانی دەوروبەری بە هەموو سیفاتەکان و جولانەوەکان و ئەدگار و بیرکردنەوەکانی سەرسامن... بەڵام لەوانەیە هەندێك لە سیفاتەکانی سەوسەن ئەگەر لە کەسی ئاساییدا هەبن، ڕەنگە کاربکەنە سەر کەسایەتی و یان لە جوانییەکانیشیان کەمبکەنەوە...!

ئاریان جەودەت "کەسایەتییەکی هونەرمەند و نیگارکێشە... کە سێکی بە توانا و هەست ناسکە، بەڵام کاتێك دێتە ماڵەکەی سەوسەن بۆ ئەوەی هەندێك نیگاری لەسەر دیواری ژوورەکەی بۆ بکێشێت، هەر لە سەرەتاوە سەوسەن پێی دەڵێت (بە یەك مەرج ڕێگات پێدەدەم بێیتە ئەم ماڵە، سوێندم بۆ بخۆیت کە حەزم لێناکەیت، بیر لەوە ناکەیتەوە خۆشت بوێم... ل١٢٣)، لەگەڵ ئەوەی ئاریان ئەم سوێندە دەخوا، بەڵام سەوسەن بەوەندە وازی لێناهێنێت، لەسەر کاغەزێك بە



نووسین پەیمانێکی پێ مۆر دەکات (سەوسەن ناوی نابوو "پەیمانی حەزنەکردن" شتێك بوو بە پێچەوانەی "پەیمانی خۆشەویستییەوە"... ل١٢٤)، هەرچەندە ئاریان سوێندی خواردبوو پەیمانەکەشی مۆرکردبوو، بەڵام لەناخی ناخەوەی لەوڕۆژەوەی پێی نابووە ماڵی سەوسەنەوە هەر نیگاری بۆ دەکێشا و لە قووڵای ناخیشییەوە خۆشی دەویست و بۆی دەسووتا، کەچی هەم سوێندەکەی و هەم پەیمانەکەی خۆی بە جێگەیاند، بۆ تەنها جارێکیش ئەم هەستەی خۆی بۆی دەرنەبڕی...! دەکرێت لەم دیمەنەشدا، خۆشەویستی و سووتانە پەنهانەکەی ئاریان بە ئیرۆس و پەیمانی حەزنەکردنەکەش بە ساناتۆس بخوێنینەوە.

سەوسەن گوڵدانچی سەردەمانێك شەو درەنگان، لە تەلەفزیۆنەوە سەیری ئەو بەرنامانەی دەکرد، کە مەیدانەکانی جەنگ و لاشەی مردووەکان و ئافات و کاولکارییەکانی جەنگی پیشان دەدا... لە ڕاپەڕینیش لەگەڵ خەڵکانی ڕاپەڕیو بەشداریکرد، بەڵام ئەو هەر سەیری دەکرد و بۆنی دەکرد... بۆنی باروت و بۆنی مردووەکانی دەکرد، لە بینا سووتاوەکەی ئاسایش تا درەنگی شەو لەپاڵ لاشەی مردووەکان دەمێنێتەوە و لەوێدا بۆنی حەقیقەتی مردن دەکات. سەوسەن کەسێکی هۆشمەندە و لەنێو بیرکردنەوەکانی پەیامی دونیایەکی تر هەست پێدەکرێت. ئەو چ لەڕێگەی خوێندنەوەکانی بۆ کیشوەرەکان و شوێنەکانی تری دونیا، چ لە ڕێگەی مەعریفە و زانیارییەکانی لەسەر هەموو باڵندەکانی دونیا یان لە ڕیگەی گەورەبوونی لەنێو کتێبخانەیەکی گەورەدا، ئەمانە هەمووی ئەوەمان پێدەڵێن، کە ئەم بەدوای حەقیقەتی ژیاندا دەگەڕا... بۆیە سەیری بەرنامەکانی جەنگ و لاشەکانی دەکرد، یان بۆنی مردووەکانی دەکرد، بەمانایەك ئەو لەنێو مردندا بەدوای ژیاندا دەگەڕا...! لێرەشدا هەردوو چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس لەنێو یەك هاوکێشەوە، لە پشتی سەیرکردنەکان و بۆنکردنەکان دەبینرێن.

کە عاشقەکان لە سەفەرەکەیان دەگەڕێنەوە و باڵندەکان بۆ سەوسەن دەهێننەوە، گووتمان کامەران گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتبوو و ئێستا وەکو گەڕیدەیەك بۆنی ژیان و دونیای لێدێت، مەنسور دەڕواتەوە و تێکەڵ بە دونیا دەبێت، خالید هیچ نەگۆڕاوە وەکو جاران بۆنی مەرگی لێدێت... مەعلومە سەوسەن کامەران هەڵدەبژێرێت و شوو بەم دەکات. (سەوسەن سوور بوو لەسەر ئەوەی کە شەوی یەکەمی زەماوەند و پێکەوە خەوتنیان لە ژوورەکەی خۆی لە قاتی سەرەوە لەبەردەم باڵندەکان بێت... ل٢٥٢)، (سەوسەن مەبەستی ئەوەبوو لەهەمان ئەو جێگایەدا، کە باڵندەکان تێیدا دەیانخوێند و دەژیان ئا لەویادا دەستبەرداری کچێنی خۆی بێت...! ل٢٥٤)،

ئێوارەیەك لە ئێوارەیەكی زستان، كامەران دەچێتە ماڵی سەوسەن گوڵدانچی تا هەفتەیەك نایەتە دەرەوە، یەكەم شەوی ڕووتبوونەوە و ئاوێزانبوونیان لەبەردەم باڵندەكان دەبێت...! هەر لەم ئێوارەیەدا باڵندەكان بە جریوەتر و خۆشحاڵانەتر دەخوێنن. (كە بۆ یەكەمجار سەوسەن و كامەران لەگەڵ یەكدا ڕووتبوونەوە خرۆشی باڵندەكان بە شێوەیەك بەرز بوو، هەركەس لە نزیك ماڵی گوڵدانچییەوە بڕۆیشتبایە وایدەزانی هەموو تەیری جەنگەڵەكانی سەر زەوی ڕژاونەتە ئەو حەوشە و ژوورانەوە..ل٢٥٤). سەوسەن بێئەندازە دڵخۆش و بەختەوەرە، هەموو جەستەی كامەران بۆن دەكات، كامەران بۆنی گژوگیا و باخ و بێستانی هەموو كیشوەرەكانی دونیای لێدێت. گەڕیدەیەكە بۆنی هەموو دونیای هێناوەتە نێو ئەو ماڵە. ئەمەش خەونێكی منداڵی سەوسەن بوو، شوو بە كەسێكی گەڕیدە بكات كە لەسەر سینە و جەستەی بۆنی هەموو دونیای لێبێت...! ڕووتبوونەوە و ئاوێزانبوونی ئەم دوو عاشقە و دڵخۆشبوون و ئاسوودەیی بێ سنووریان (ئاوێزانبوون و كردارە سێكسییەكەیان ڕەنگە كۆرپە و نەوەیەی نوێی لێبكەوێتەوە...!)... ئەمەش خۆیلەخۆیدا هێمایە بۆ ئیرۆس، بەڵام بە دیوێكی تر، ڕووتبوونەوە و ئاوێزانبوونەكەیان، لەبەردەم باڵندەكانی نێو قەفەزدایە، ئەو باڵندانەی لە فڕین و لە حەقیقەتی ئاسمان و شوێنەواری خۆیان مەحرووم بوون و گوازراونەتەوە نێو قەفەز یان لەنێو قەفەز بەند كراون، ئەمەش هێمایە بۆ ساناتۆس...! لە هەمانكات لەنێو قەفەزی باڵندەكانیش، چەمكەكانی ئیرۆس و ساناتۆس لە بەرامبەر یەك دەبیندرێن، بەمانایەك، لەگەڵ ئەوەی باڵندەكان ئازادیان لێ سەندراوەتەوە و لەنێو قەفەزدان، بەڵام دڵخۆشانەتر و بە ویقارتر لە ڕۆژانی تر دەخوێنن...! هێندە دڵخۆشن هەر ڕێبوارێك بە نزیك ئەم ماڵەدا ڕەت ببێت لە دوورەوە گوێی لە جریوە و خوێندنی باڵندەكان دەبێت. ئەم دڵخۆشی و بەختەوەرییەی باڵندەكان و لە هەمانكات نەبوونی ئازادی و بەندبوونیان لەنێو قەفەزدا، ئەمەش هاوكێشەیەكە كە چەمكەكانی مەرگ و ژیان یان ئیرۆس و ساناتۆسی لە خۆگرتووە... ڕووتبوونەوە و ئاوێزانبوونی عاشق و مەعشوقەكە لەبەردەم باڵندەكان، ئەم تابلۆیە هێندە ڕۆمانسی و ناسك و ئیرۆتیكییە، لە هەمانكاتیش ماناكەی هێندە فراوان و قووڵە، ئەگەر تابلۆیەكی نیگاركێشی لێ وەبەرهەم هاتبا، باوەڕموایە دەبوو بە یەكێك لەو تابلۆ جیهانییانەی كە تا ماوەیەكی درێژخایەن هەر باسی دەكرا و لەسەری دەنووسرا.

لە دوای ڕاپەڕین، كە حیزبە كوردییەكان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن، ئاموونییەكان دەچنە نێو پارتی و بەرەی چەقۆكێشەكانیش دەچنە نێو یەكێتی... دواتر شەڕی نێوخۆ هەڵدەگیرسێت.



هێزی پارتی بە ئاموونییەكانیشەوە لە شار دەكرێنە دەرەوە، قەڵەندەر ئاموونی نوێنەری خالید، لەم شەڕەدا بە دەستی برادەرەكانی مەنگوڕی بابە گەورە دەكوژرێت... كاتێك خالید ئاموون لە سەفەرەكەی دەگەڕێتەوە، تەنها یەك ئاموونی لە شارەكە نەماون...! هەموو لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی پارتی جێنشین بوون... خالید ئاموون بۆ حەوانەوە لادەداتە ئوتێلی (باوەجان). دوای شەودرەنگان، لە بەرەبەیانێكی زوودا، دەستێكی نادیار تەقە لە باڵندەكان دەكات. دواتر كە هێزی پارتی دەگەڕێتەوە نێو شار ئەمجارەیان یەكێتییەكان شار بەجێدەهێڵن...! ئاموونییەكان بە ڕقێكی ئەستوورەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە دێنەوە ناوشار... ڕقەكەشیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەلایەك قەڵەندەر ئاموونیان لێكوژراوە، تەقە لە باڵندەكانی خالید كراوە، سەوسەن خانیش شووی بە كامەرانی سەلما كردووە...! لەم سێ ڕووداوەدا هەستیان بە شەرمەزاری دەكرد و پێیان وابوو، هەیبەت و سەروەری و كەرامەتیان وەك عەشیرەتی ئاموونی ژێر پێخراوە و لەكەدار بووە. لیستێك ناویان لەگەڵ خۆیان هێنابوو... بە هەرنرخێك بووایە، دەبوو تۆڵەی ئەم تێكشكانەی خۆیان بكەنەوە...! كە گەیشتنەوە نێوشار دوای پشوویەكی كورت، ماڵ بەماڵ بە دوای ئەوكەسانەدا گەڕان كە ناویان لە لیستەكەدا هەبوو، بەڵام جگە لە كامەرانی سەلما هیچكامێك لەوانەی ئەمان بەدوایدا دەگەڕان، دەستیان نەكەوت، هەرچەندە كامەران بە خاتری مەنگوڕی بابە گەورە شار بەجێدەهێڵێت، بەڵام دواتر خۆی لە مەنگوڕ دەشارێتەوە بە دزی ئەم دەگەڕێتەوە، بە هەمان جلی كوردییەوە دەچێتەوە نێو جێگا، لەپاڵ سەوسەن ڕادەكشێتەوە، چونكە سوێندی بۆ سەوسەن خواردبوو كە بەشداری هیچ شەڕێك نەكات. ئاموونییەكان كامەران لەگەڵ خۆیان دەبەن، نە گوێ لە سەوسەن ڕادەگرن نە لەهاتوهاوارەكانی فیكرەت گوڵدانچی... دەیبەن و بەرەبەیانی ئەمڕۆژە گوڵەیەك بەسینگی وەدەنێن و دەیكوژن... هەرچەندە ئەوەش باشدەزانن كە كامەران هیچ دەستێكی لەم ڕووداوانە نەبوو كە دژ بەوان كرابوون، بەڵام ڕقی تۆڵەسەندنەوەیان گەلێك لەوە ئەستوورتر بوو كە گوێ لە هاوكێشەكان و لێكدانەوەكانی مەنتیق ڕابگرن...! كامەران وەك باڵندەی سینە زامدار وابوو، ئەو باڵندە سینەزامدارەی دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەكەی، وەكو جوانترین دیاری خۆی پێشكەشی سەوسەنی كردبوو...! ئێستا خۆی بۆتە عاشقێكی سینە زامدار...! چ ڕێكەوتێكی خەمناك و پڕ جوانكارییەكانی هونەرییە ئەم دیمەنە...؟!! دوای مردنی كامەران، سەوسەن پەیوەندی بە حەقیقەتی شارەكە نامێنێت، چونكە بۆ سەوسەن كامەران و عەشقەكەی مانایەكی فراوانتریان هەبوو، كامەران گەڕیدەیەك بوو بۆنی دونیای لێدەهات. ئەم شارە بە نەمانی ئەم

گەڕیدەیە، بە نەمانی ئەم عاشقە، ئیدی خەسڵەتە مرۆڤبوونەکەی بە یەکجاری لەدەست دەدات. جگە لە مەرگ مانایەکی تری بۆ نامێنێتەوە، چونکە مێژوو و ناسنامەی ئەم شارە "هەر شەڕە و هەر شەڕە و هەر شەڕ...! لە وێنەیەکدا، قوربانییەکان و جەلادەکان تێکەڵاوی یەکتری دەبن. لەم شارەدا عەشق دەمرێت، ژیان دەمرێت...! وردە وردە باڵندەکانیش دەمرن. باڵندەکان پردێك بوون لەنێوان سەوسەن و دونیادا. (فیکرەت گوڵدانچی دەیزانی لەگەڵ مردنی دوا باڵندە، پەیوەندی سەوسەن بە جیهانی گەورەوە بەو دونیا بەرینەوە کە لە منداڵییەوە عاشقێتی، دەپچڕێت... ل٣٠١)، یان (لەگەڵ مردنی دوا باڵندە شار ناخۆشتر و تاریکتر و دوورتر لەجاران دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستمان دەکرد جۆرە پردێکی لەنێوان ئێمە و جیهاندا دروستکردووە کە ئاسان ناڕووخێت... هەمان لاپەڕە)، هوزار کوڕە خوشکی سەوسەنە واتە "کوڕی پڕوشە و دکتۆر ڕەفعەت ڕەمزیە"، بەڵام هوزار منداڵێکە، لەگەڵ گەورەبوونی پتر لە دونیای پورە غەمگینەکەی نوقم دەبوو، شەوێکیان هوزار بە پوری گووت (پورە سەوسەن لەگەڵ مردنی دوا تەیردا، من لەوشارەدا دەڕۆم و بە دونیادا دەگەڕێم، باڵندەی ترت بۆ دەهێنم، سەوسەن بە هێمنی دەستی خستە سەر دەمی و گووتی "کە باڵندەکان هەموو مردن تۆ دەڕۆیت تێگەیشتیت...؟ ل٢٩٩). سەوسەن بەهۆی مردنی کامەران، پەیوەندی بە شارەکەی خۆی پچڕابوو، واتە ئەو عەشقەی سەوسەن تاکە هۆکارێك بوو بۆ مانەوەی لەم شارەدا، بە مردنی باڵندەکانیش هێدی هێدی پەیوەندی بە دونیا کەمتر دەبوویەوە. لەگەڵ مردنی دوا باڵندەش، سەوسەن بە تەواوەتی پەیوەندی بە دونیای دەرەوە دەپچڕێت...! بە مردنی عەشق و مردنی باڵندەکان، ژیانیش لەم شارەدا دەمرێت. لێرەدا لەنێو هاوکێشەی ئەم شارە، ئیرۆس و ساناتۆس هاوسەنگییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن، لەنێو هاوکێشەی ئەم شارەدا، ئیرۆس لەنێو ساناتۆس دەتوێتەوە، واتە ژیان لەنێو مەرگدا وندەبێت...! هاوکێشەی ئەم شارە بەم خواروخێچی و بەم لاسەنگییەوە، لەگەڵ حەقیقەتی ژیان و گەشە و پەرەسەندندا نایەتەوە...! بۆ هاوسەنگراگرتنەوە و بەردەوامبوونی ژیان، وا پێویست دەکات ئەلتەرناتیفێك کە هێما بێت بۆ ئیرۆس و بۆ ژیان، لێرەدا هوزار کە هەر لە منداڵییەوە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ سەوسەن و لە ئامێزی ئەمدا بەسەربردووە، لەگەڵ گەورەبوونیشی لە دونیای پورە غەمگینەکەی نوقم دەبوو، ئێستا هوزار کۆپییەکە لە سەوسەن، پڕاوپڕ لە مەعریفە، باڵندەکان لە ئاسمان دەناسێتەوە، دەربارەی سنوورەکان و کیشوەرەکان و دەریاچەکان... هەمووشتێك دەزانێت...! هوزار لەم تەمەنە مێردمنداڵییەی، یان لاوێتییەی، دەبێتە کەسایەتییەکی گەڕیدەیی،



بەمانای هێماکانی گەردووناسێك یان دونیاناسێکی لێ ڕەنگدەداتەوە...! وەك چۆن باڵندەکان هێمابوون بۆ دونیا، یان پردێك بوون لەنێوان سەوسەن و دونیا. ئێستا هوزار لەگەڵ مردنی دوا باڵندە دەڕوات و سەفەر دەکات... ئەویش ماڵی خۆی دەگوازێتەوە نێو دونیا...! سەفەر دەکات و شوێن باڵندەکان دەگرێتەوە... لە هەرجێگایەکی ئەم دونیایە بێت دەبێت نامە بنێرێتەوە... دووبارە پەیوەندی ئەم شارە یان پەیوەندی سەوسەن بە دونیاوە دادەمەزرێتەوە... لێرەدا هوزار هێمایە بۆ دونیا، هێمایە بۆ ژیان و ئایندەیەکی تر...! بە ئۆتۆمبێلێك تا سەرسنووری ئێران دەیبەن، لەوێوە پێویستی بە کەس و بە هیچ یارمەتییەك نییە، خۆی ڕێگاکان و سنوورەکان و وڵاتەکان و کیشوەرەکان... دەناسێت. هەروەك گووتمان، هوزار بوونێکی گەردووناسە، نووسەر زۆر سەرکەوتووانە کۆتایی بە ڕۆمانەکەی دەهێنێت. تروسکە و ئاسۆی دونیایەکی پرشنگدارمان پێشاندەدات... ڕاستە باڵندەکان دەمرن و مۆمیا دەکرێن، بەڵام نووسەر باڵی هەموو باڵندەکانی بە هوزار بەخشیوە...! هوزار دەبێت بە باڵدار و گەڕیدەیەکی ئەوتۆ کە تەنها تا سەرسنوور پێویستی بە یارمەتییە، واتە شوێن هەموو باڵندەکان دەگرێتەوە...! لێرەدا ڕۆیشتنی هوزار و دروستبوونەوەی پەیوەندی ئەم شارە بە دونیاوە، هاوکێشەکە جارێکی تر هاوسەنگییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە...! چونکە هوزار هێمایە بۆ ئیرۆس و ژیان. دیسان و جارێکی تر ئیرۆس و ساناتۆس لە یەك هاوکێشە لەنێو ژیان و بوونی ئەم شارەدا لە بەرامبەر یەك دەوەستنەوە. دوای ئەوەی هاوکێشەی ژیان هاوسەنگی خۆی وەردەگرێتەوە، سەوسەن پێویستی بە ئارامی و حەوانەوە و پشوودان دەبێت، چونکە هوزار مژدەی ژیانێکی تر و ئایندەیەکی ترە، ئێستا وا کیشوەر بە کیشوەر تێکەڵ بە دونیا دەبێت و وەکو باڵندەکان باڵی گرتووە و بە ئاسمانی دونیادا دەفڕێت. لەژێر سابات و کەپرەکانی ئەم دونیایە نوێیە، سەوسەن و تەواوی مرۆڤەکانی دی پێویستیان بە ئارامی و حەوانەوە و پشوودانە. (ئاریان بەجۆرێك لەناو ڕەنگ و نیگارکردندا نوقمبوو وەك شێت دەردەکەوت. سەوسەن بە هێمنی دەستی خستە سەرشانی و گووتی (ئاریان کاتی ئەوە هاتووە پشوو بدەیت، کاتی ئەوە هاتووە هەمووومان پشوو بدەین تۆش دەبێت پشوو بدەیت، ئاه چەندە تۆم مانوو کرد لەگەڵ خۆمدا... ل٣٠٣).

(دوای ئەوە سەوسەن لە سەعات شەش و نیوی بەیانی دەچێتە بەر ئاوێنە، ماوەیەك بەبێدەنگی قژی خۆی دادەهێنێ. دواتر سەرێك لە فیکرەت گوڵدانچی و ساقی مەحمود و مەنگوڕی بابە گەورە دەدا، هەرسێکیان لە خەوێکی قووڵدابوون. سەری لە هەموو باڵندە مۆمیاکاندا، هەندێکیانی بە

هێمنی ماچکرد، بۆنی بە هەندێکیانەوە کرد، سەرکەوتەوە بۆ ژووری خەوتنەکەیدا، دۆڵابی جلەکانی خۆی کردەوە سێ نامەی زۆر دێرینی دەرهێنا. نامەکان نوێ دیار بوون، ئەو نامانە کە پتر بیست ساڵ لەمەوبەر ڕازیبوونی داواکارەکانی بۆ سەوسەن گواستەوە. نامەکان بۆن دەکات، یەکەمجار بوو هەست بکات کە کاغەزەکان بۆنێکی تایبەتیان لێدێت. بۆنی تێپەڕبوونی ژیان و بەباچوونی زەمان... ئینجا دەچێتە خوارەوە بۆ ئەو ژوورە تایبەتەی کە دۆڵابی یادگارە تاڵەکانی تێدایە. دۆڵابەکەی کردەوە نامەکانی خستە ناوی، هەندێك لە کتێب و دەفتەرەکانی هۆزاریشی هێنا ئەوانیشی خستە ناو دۆڵابەکەوە. لەویادا کەمێك وەستا دەستی لە جلەکۆنەکانی نەزاری برای دا، دەستی لە جلە خوێناوییەکانی کامەران دا و جارێکی تر بۆنی پێکردەوە، ئەو شووشە خۆڵەمێشەی هەڵگرت کە پاشماوەی ماڵی ساقی مەحمود بوو... دواجار وەك ئەوەی بۆنی زەمانێکی دوور لە سینەی خۆیدا هەڵگرێت، بۆنی بە هەموو شتەکانەوە کرد و بە حەسرەتێکی نادیارەوە دەرگای دۆڵابەکەی داخست و سەرکەوتە سەرەوە لە ژووری خەوتنەکەی خۆیدا پاڵکەوت و ئەلبوومی هەر سێ دڵدارەکەی دەرهێنا، پەردەی هەموو پەنجەرەکانی دادایەوە. کۆتری سینە زامداری خستە سەر سینگی خۆی، سێ ئەلبوومەکەی خستە سەر سینگی خۆی و بە ئارامی پاڵکەوت دوای کەمێك گوێی لە دەنگی کۆترەکە دەبێت لە تاریکیدا بە زیندوویی دەیبینێت. هەموو باڵندە مۆمیاکانیش زیندوو دەبنەوە و دەفڕن، بینی تەمێکی دەمە و بەیانی چڕ، بەڵام فێنك ئابلۆقەی دەدات، بەبێ دوودڵی بۆ نێو تەمەکە دەڕوات. تەمێك تا بەناویدا ڕۆ دەچوو ڕۆشنتر و ڕۆشنتر دەبووەوە. بێئەوەی بترسێت دوای بۆنی ئەو باڵندانە کەوت کە پێشی دەکەوتن... هەستی دەکرد جیهان، هەموو جیهان بەرەو ناخی خۆی داوەتی دەکات هەستی دەکرد جیهان، هەموو جیهان دەرگای خۆی یەك یەك بۆ دەکاتەوە... ئیدی بە خێراییەکی ئەوتۆ دەڕۆیشت پێشتر بە خۆیەوە نەبینیبوو. ڕایدەکرد و ڕایدەکرد. تا زیاتریش ڕایدەکرد کۆشکی غەمگینی باڵندەکان لەودیو تەمەوە کەمتر و کەمتر دەردەکەوت، تا زیاتر ڕایدەکرد، زیاتر دڵنیا دەبوو کە ئیتر ناتوانێت جارێکی دی هەرگیز بگەڕێتەوە...! لاپەڕەکانی کۆتایی).

ئەم دیماهیە سەرنجڕاکێشە دەرگایە بەڕووی دونیایەکی سپی سپی، دونیایەکی گەش و ڕوون، وەك تەمە سپییەکان، ناسك وەك باڵندەکان. تێپەڕاندنی ژیانی پڕ مەرگەسات و پڕ ئافات و دواکەوتوویی، ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە بۆی، ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی ئیجابییە بەرە و دونیایەك و ژیانێکی باشتر. ئەم گۆڕانە کرۆك و ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنێت. "بەختیار عەلی" لە دیماهی ئەم ڕۆمانەدا، وێنەیەکی جوانی پڕ لە ئیستاتیکا و پڕ لە بەها مرۆییەکانمان پێشان دەدات. ئەم گۆڕانەش لە ڕێگەی فیکر و مەعریفەوە دێتە دی. بەختیار هەروەکو لە نووسینەکانی تریشدا، ڕقێکی ئەستووری بەرامبەر حیزب و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا هەیە. ئەم ڕقەی بەرامبەر سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا لەم ڕۆمانەدا بە ڕۆشنی دەردەکەوێت. لە پشت سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاوە (تارماییەکانی شەڕ و مەرگ دەبیندرێن. عەشق دەکوژرێت، کتێب و فیکر و مەعریفە بۆ پارووە نانێك هەڕاج دەکرێن...!) لە ڕووبەرێکی فراوان و بەتایبەت لە دیماهی ڕۆمانەکە، لە هاوکێشەیەك (سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا- لەگەڵ فیکر و مەعریفەدا) لە ململانێدا دەبن. سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا، ڕۆڵێکی شەڕانگێزی و وێرانکاری و ناشیرین دەگێڕن. واتە هەڵگری هێما و کۆدە نێگەتیڤەکانن... فیکر و مەعریفەش، ڕۆڵێکی درەوشاوە و مرۆڤدۆستی، هەڵگری هێما و کۆدە پۆزەتیڤەکان و بەها مرۆییەکانن...! ئەم ڕۆمانە بە ڕوئیا و جیهانبینییەکی مۆدێرنیستانە نووسراوە. دەکرێت لەنێو قوتابخانەی مۆدێرنیزم دەلاقەیەك بۆخۆی داگیر بکات.

بەختیار عەلی، ئەم ڕۆمانەی بە زمانێکی تەواو جیاواز نووسیوە. تەنانەت تەکنیکی گێڕانەوەکەشی جیاوازە. کەمتر بەنێو خەیاڵ و فەنتازدا نوقمبووە. واتە "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" بە زمانی ڕۆمان نووسراوە، نەك زمانی شیعر، چونکە "بەختیار عەلی" لە ڕۆمانەکانی تردا، "زیاتر زمانێکی لوولدراو بە خەیاڵ و فەنتازیا، واتە زمانی شیعر، بە مانای لە ڕۆمانەکانی تری لەژێر کاریگەری زمانی شیعردا بووە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا سادەتر دەدوێت، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت"، دەکرێت بە زمانی سادەش داهێنان بکەین، ئەوەی کە ناکۆتا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت ئەوەیە، بە زمانی کارەکتارەکان دەدوێت. واتە کاراکتەرەکان خۆیان قسە دەکەن نەك بەختیار... چونکە لە ڕۆمانەکانی تری بەختیار خۆی قسە دەکات، واتە زمانی دەق زمانی نووسەرە، نەك کاراکتەرەکان...! لە ڕۆمانەکانی تری، لەنێو پانتایی زمان و خەیاڵ و فەنتازیادا زۆرتر چڕبۆتەوە، لێرەشدا توانای بەختیار لەوەدایە کە توانیویەتی بە دوو زمانی تەواو جیاواز بنووسێت... و داهێنانەکانیشی لەهەمان ئاستی بەرزدابن. زۆر گرینگە لە ڕۆماندا، نووسەر دیوی ناوەوەی کاراکتەرەکانمان وەك خۆی بۆ بکێشێت و کاراکتەرەکانمان بۆ بهێنێتە قسە... بە مانای کاراکتەرەکان وەك خۆیان دەربکەون بەبێ هیچ ڕتووشێك و موبالەغەیەك... ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، وابزانم لە پێشەکی کتێبی (فرمێسکەکانی کوکوختی) "شێرزاد حەسەن" دەڵێت (لە شوێنەواری سلبی کاراکتەری سلبی لەدایك دەبێت)، ڕێك حەقیقەتی ئەم گوتەیەی شێرزاد لەنێو

ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان دەخوێنینەوە. چ کەسایەتی و چ زمانێکی تەواو جیاواز لەنێوان (مەنگوڕی بابە گەورە و فەوزی بەگ و یان دکتۆر ڕەفعەت، یان سەوسەن و فیکرەت گوڵدانچی) بە ڕۆشنی دەبیندرێن. ئەمەش پەیوەندی بە باکڕاوند و شوێنەوار و شێوەی ژیانیانەوە هەیە. بۆیە پێکهاتەی کەسایەتی و باری دەروون و تەنانەت زمان و شێوەی قسەکردنیشیان جیاوازە. بە ڕەسمکردنی حەقیقەتی کاراکتەرەکان وەك خۆیان هەم لەزەتی بیۆێنەی بە خوێنەر بەخشیوە و هەم ئاستی داهێنانیش لەم ڕۆمانەدا زیاتر چۆتە سەر. مەبەستمە ئەوە بڵێم هەرچەندە بەختیار عەلی ئەم ڕۆمانەی بە زمانێکی شەفافتر و سادەتر نووسیوە، بەڵام ئاستی داهێنان، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری گەر زیاتر نەبێت، کەمتر نییە.

لەگەڵ ئەم ئاستە بەرزەی کە ڕۆمانەکەمان تیا نرخاندووە، دەبینین هەندێك تێبینی ورد بەرچاوی خوێنەران دەکەون. دیارە باوەڕمان بەوە هەیە، کە هەر دەق و کتێبێك، لە ئاستێکی زۆر بەرزی داهێنانیش بن، بەڵام ناچنە دەرەوەی ڕەخنە و تێبینی و وردەکارییەکانی ڕەخنەوە. لەم ڕۆمانەشدا لە چەند شوێنێك چەند تێبینییەکی ورد بەرچاو دەکەون. دەبووایە بەختیار وردتر مامەڵەی لەگەڵدا کردبان. بۆ نموونە:

چەقۆکێشەکان تایفەیەك یان بەرەیەك یان کۆمەڵە کەسانێکی دیارن لەنێو ڕۆمانەکەدا، تەنانەت کامەران و مەنگووڕی بابەگەورە هەردووکیان دووکەسایەتی چەقۆکێش و دوو کەسایەتی سەرەکی نێو ڕۆمانەکەن. زۆر باس لە چۆقۆ دەکرێت، لەلای ئەم کۆمەڵە کەسە، چەقۆ ڕەمزی ئازایەتی و بیرکردنەوە و تەنانەت یادەوەری و زۆر شتی ترە، ئەوەتا مەنگوڕ بە کامەرانی سەلما دەڵێت (بەڵام برای شیرینم، با هەمیشە چەقۆیەکت پێبێت، چووی بۆ هەر جێگایەکی دونیا با چەقۆیەکت پێبێت، کە ماندوو بوویت سەیری چەقۆکە بکە و ئێمەت بیر بکەوێتەوە...ل١١٩)، بەڵام لە شوێنێك ئەوە دەخوێنینەوە (لە قوولاییدا خۆشحاڵ بوو کە ئەو خەنجەرەی بەرکەوتووە، هەستی دەکرد ئەو خەنجەرە بەر بۆشی و بەتاڵی ژیانی کەوتووە، بەر ئەو هیچییە کەوتووە کە لە ناوەوەیدا دەژی، لاوازییەکەی لەوەوە بوو کە نەیدەزانی چی بکا... ل٥٢)، دەبینین لەم پەرەگرافە لە دوو شوێن ناوی خەنجەر هاتووە، گەرچی لە بنەڕەتدا مەنسور چەقۆی لێدراوە نەك خەنجەر، لەلایەکی تر، خەنجەر و چەقۆ هەڵگری هێما و ڕووخساری جیاوازن، خەنجەر سیما و ئەدگارێکی لادێیانەی هەیە، واتە باکڕاوندێکی لادێیانەی هەیە، بەمانای هەڵگری سیفات و هێما لادێیەکانە... بەڵام چەقۆ، ڕووخسارێکی شاری هەیە، هەڵگری هێما و باکڕاوندی شارییانەیە...



هەروەکو لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە، چەقۆکێشەکان و مەنسور و هەموو کاراکتەرەکانی تر لە شار دەژین... بۆیە نە دەبوا ناوی خەنجەر هاتبا، یان جێگۆڕکێکردنی چەقۆ و خەنجەر هەوڵێکی گونجاو نییە.

- لە شوێنێکی تر لە سەرەتای ڕۆمانەکە، ئەوکاتەی کامەرانی سەلما و مەنگوڕی بابەگەورە لەگەڵ مەنسور کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی کە داوای لێبکەن دەست لە سەوسەن هەڵبگرێت و وازی لێ بهێنێت. لەویادا نووسراوە (مەنسور تەنها دووجار لەگەڵ ئەم خانمە قسەی کرد بوو، ئێستا دەیتوانی بڵێ چی...؟)، هەر لەم لاپەڕەیەدا لە دێڕەکانی سەرەوەدا هاتووە (پێش دوو مانگ سەوسەن لەگەڵ کچێکی پووریدا هاتن بۆ ئاهەنگێکی زانکۆ، بەوەدا کچە پوورەکەی مەریەم هاوڕێی مەنسور بوو لە زانکۆ، وا ڕێککەوت لەنێو حەسودیی هەموو قوتابییە کوڕەکاندا مەنسور و سەوسەن بە درێژایی ئاهەنگەکە لە تەنیشت یەکەوە بن، کچێکی هێندە سیحراوی بوو هێندە جوان و ناسك بوو ئەم شێتی بوو... لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا بە چاوێکەوە ئومێد و شەیدایی تێزابوو، تکای کرد ژمارە تەلەفۆنێکی بداتێ بۆ ئەوەی زیاتر قسە بکەن، بەوەدا سەوسەن ژمارە تەلەفۆنی نەبوو، پێی گوتبوو هەر لە ڕێگای پورزاکەیەوە پەیوەندی پێوە بکات. لەو ماوەیەدا دووجار تەلەفۆنی کرد بوو...!)، لێرەدا ئەوە دەخوێنینەوە، کە ئەوکاتەی مەنسور چەقۆکەی بەر دەکەوێت، دوو جار سەوسەنی بینیوە، لە ئاهەنگەکەش تەواوی کاتەکە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، بە تەلەفۆنیش دووجار قسەیان کردووە... کەچی کە مەنسور بریندار دەبێت کاتێك، مەریەم شەڕی نێوان کامەران و مەنسور یان هەواڵی برینداربوونی مەنسور بە سەوسەن ڕادەگەیەنێت، سەوسەن لە وەڵامدا دەڵێت (بۆ دەبێت من بزانم پیاوان چی دەکەن... بۆ پێتوایە، دەبێت سەری خۆم بە شەڕی دوو کەسی نەفامەوە بئێشێنم، کە نایانناسم... ل٥٨)، "کە نایانناسم" وەڵامێك و دەربڕینێکی گونجاو نییە، چونکە مەنسور برادەرێکی نزیکی مەریەمە لە زانکۆ، هەروەك لە پێشدا نووسیومانە سەوسەن لەگەڵ مەریەمدا چۆتە ئاهەنگەکەی زانکۆ و هەموو کاتەکە لە تەنیشت مەنسور دانیشتووە، کاتێك مەنسور داوای ژمارە تەلەفۆنی لێکردووە سەوسەن ڕەتی نەکردۆتەوە و پێی گوتووە، لەڕێگەی کچە پورەکەیەوە تەلەفۆنی بۆ بکات. بۆیە "نایانناسم" ناتەبا دێتەوە، لەگەڵ یەکتر ناسینییەکانیان و یەکتر بینینییەکانیان...! دەکرا یان دەبووایە بڵێت (وەك پێویست نایانناسم...!) یان (لە نزیکەوە نایانناسم...!) ڕاستە هەروەك لە ڕۆمانەکەشدا

هاتووە (سەوسەن تا ئەوکاتە ناوی کامەرانی سەلمای هەر نەبیستبوو)، بەڵام دوو جار مەنسووری بینیوە و قسەی لەگەڵدا کردووە، واتە دەیناسێت...!

- لە گفتوگۆیەکی نێوان مەنگوڕی بابەگەورە و سەوسەندا، سەوسەن لە چەند شوێنێك پاشگری "خان" لە پاش ناوی مەنگوڕ بەکار دەهێنێت و پێی دەڵێت (جەنابی مەنگوڕ خان)، کەچی لە هەمان گفتوگۆ لە چەند شوێنی تر دەڵێت (کاك مەنگوڕ). هەرچەندە لە سەرەتای گفتوگۆکەوە، (سەوسەن لە شێوەی مەنگوڕ دیمەنی "خان"ی تەتاری یەکێك لە ئەتلەسەکانی دەهاتەوە یاد، ل١٢٩). لەگەڵ ئەوەی سەوسەن لە سیمای مەنگوڕدا کەسایەتی تری بیر دەکەوێتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە پاشگری خان بۆ ڕەگەزی نێرینە زیاد بکەین، چونکە لە زمانی کوردیدا پاشگرەکانی (خان، یان خانم) وەکو ڕێزگرتن بۆ ڕەگەزی مێینە بەکاردەهێندرێن. هەرچەندە بەختیار عەلی خانم-ی بەکارهێناوە بۆ ڕەگەزی مێ، بەڵام ئەگەر میمەکەی بخەینە سەر یان نا، بە مانای خان یان خانم هەردوو پاشگر، بۆ هەمان مەبەست و بۆ هەمان ڕەگەز بەکاردێن، کە ئەویش ڕەگەزی مێینەیە نەك نێرینە. بە مانایەك ناکرێت بڵێین (مەنگوڕ خان یان کامەران خان)، بەڵام دەتوانین بڵێین (سەوسەن خان یان مەریەم خان یان پڕوشە خانم...!) ڕەنگە لە زمانی میللەتانی تر وەك هیندی فارسی پاشگری خان بۆ نێرینەش بەکاربێت، بەڵام لە زمانی کوردی هێندەی بەرگوێمان کەوتبێت، پاشگری خان خراوەتە سەرناوی کچان و ژنانەوە. وەك پێشگرەکانی (کاك، مامۆستا... یان پاشگرەکانی ئەفەندی، ئاغا، بەگ) بۆ ڕێزگرتن و گەورەکردنی ڕەگەزی نێر بەکارهاتوون، پاشگرەکانی خان و خانمیش بە هەمانشێوە بۆ ڕەگەزی مێ بەکار دێن...!


ئیدی لەگەڵ ئەم تێبینی و باری سەرنجانەشمان، کەچی ئاستی داهێنان و جوانکاری ڕۆمانەکە هەر لە شوێن خۆیەتی. بەختیار عەلی لە قووڵایی چەندین کایە و ڕەهەندی جیاوازەوە ئیشی لەسەر ئەم ڕۆمانەی کردووە، بۆیە لە یەککاتدا وەك (دەروونناسێك و کۆمەڵناسێك و مێژووناسێك و بێگومان ڕۆماننووسێکی بە توانا)ش دەردەکەوێت. ئەم توانا فرەڕەهەندییەی بە تایبەت لەنێو ڕۆمانەکانیدا، تا ئەندازەیەکی زۆر خوێنەر سەرسام دەکات و هەم ئارامییەکی ڕۆحی پێدەبەخشێت، هەم پڕی دەکات لە مووچڕك و ختووکەکانی لەزەت. بۆیە لە دیماهی ئەم نووسینەم، بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم، کەوا (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) یەکێکە لە ڕۆمانە سەرکەوتوو و جوانەکانی، نەك تەنها ئەدەبی کوردی، بەڵکو هەموو ڕۆمان و ئەدەبیاتی جیهانی.



**سەرچاوەکان:**

- ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، نووسینی: بەختیار عەلی،
- نەرسیسیزم، نووسینی: ئەلیکساندەر لۆوین... وەرگێڕانی: ناڵە حەسەن.
- چەند سەرچاوەیەکی ئینتەرنێت.


تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە ٥٢ی گۆڤاری هەنار-دا بڵاوبووەتەوە.




رۆمانی شەو و تراژیدیای هۆلۆکۆست

## ڕۆمانی (شەو) و تراژیدیای هۆلۆکۆست

**پێشکەشە بە شاعیری بەڕێز و خۆشەویست: ڕۆژ هەڵەبجەیی**



ڕۆمانی شەو لە نووسینی "ئیلی ویسل" وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی، لەلایەن خێزانی ئیلی "ماریۆن ویسل". ئەم ڕۆمانە ڕووداوی هۆلۆکۆستمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو تراژیدیایەی، لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، لە ساڵانی ١٩٣٩ وە تا ساڵانی ١٩٤٥ لەسەر دەستی نازییەکان و هیتلەر، بەسەر جولەکەکانی ئەوروپا داهات... کە لە ئاکامدا شەش ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە... ئیلی، واتە نووسەری ئەم کتێبە، خۆی یەکێك بووە لە بەشداربووانی هۆلۆکۆست...! واتە خۆی بە چاوەکانی خۆی ئێش و ئازارەکان و مەرگ و



مەینەتییەکانی هۆلۆکۆستی بینیوە و چەشتوویەتی... کەسێك بووە لە گەڵ زیندانییان، تا کاتی ڕزگاربوون و ئازاد بوون لە کەمپەکانی مەرگ ماوەتەوە... هەرچەندە زۆرجاران بە ئەندازەی داوە موو لە مەرگ نزیك بۆتەوە، بەڵام بە هەموو توانایەکی هەوڵی داوە ورە بەر نەدات و خۆی لە گەردەلوولی مەرگ بە دوور بگرێت، لە ئاکامیشدا لە چنگی مەرگ ڕزگاری دەبێت و تا ڕۆژی ئازادی دەمێنێتەوە...! ئەم ڕۆمانە ڕووداوێکی ڕاستەقینەمان بۆ دەگێڕێتەوە، پشت دەبەستێت بە یادەوەرییەکانی نووسەر لە کات و زەمەنێکی دیاریکراودا. ڕۆمانەکە یان باشتر بڵێین بەسەرهاتی هۆلۆکۆست لەنێو ڕۆمانەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

(ئیلی لە خێزانێکی جولەکە دێتە دونیا، لە شارۆچکەی "سایت Sight"ی ترانسیلڤانیا، کە دەکەوێتە سەر سنووری هەنگاریا و ڕۆمانیا. باوکی "شلۆمۆ" دوکاندار بووە، کەسێکی ناودار و وەك ڕێبەری جولەکەکان بووە لە شارەکەیان. دایکی ناوی (سارا) بووە. ئیلی سێ خوشکی هەبوو کە دووانیان لە خۆی گەورەتر بوون بە ناوی "بیی و هییلد" و خوشکە بچووکەکەشی ناوی تزیپۆرا دەبێت. لە باری گوزەرانەوە ژیانێکی باشیان هەبوو. خێزانێکی ئایینپەروەر و پەیوەست بوون بە پرەنسیب و بنەما ئایینییەکەیان، وەك نوێژکردن و عیبادەت کردن و هتد... لە هەمانکات باوەڕێکی پتەویان بە خوداوەند و کتێبە پیرۆزەکەیان "Talmud" هەبوو. ئیلی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای خوداپەرستی و عیبادەت دەبێت... بۆ عیبادەتکردن سەردانی پەرستگەی Synagogue دەکات و بە ڕۆژیش زۆرجاران لە ماڵ دەمێنێتەوە و کتێبی پیرۆزی تالمود دەخوێنێتەوە، ئەو سەردەمانە لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا دەبێت. بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کەسێك بدۆزێتەوە تا دەربارەی ئەفسانەی خودا و ئایین و مەسەلە ڕۆحییەکان و زۆر شتی تری فێربکات یان دەرسی ئایینی پێ بڵێتەوە... بە ڕێکەوت لە پەرستگە "Moishe The Beadle" دەناسێت. کە کەسێکە وەك مجێوری پەرستگەکە وایە. مۆیشی زۆر پێی سەرسام دەبێت و جارێکیان لێی دەپرسێت (کاتێك عیبادەت دەکەیت ئەوە



بۆچی دەگریت...؟) ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت (نازانم...! بەڵام ئەوەندە دەزانم، هەستێك لە ناوەوەمدایە وام لێدەكات بگریم...!) مۆیشی لێی دەپرسێت (ئەی بۆ عیبادەت دەكەیت...؟) ئیلی لاویش ئەم پرسیارەی زۆر بەلاوە سەیر دەبێت و لە وەڵامدا دەڵێت (ئەی من بۆ دەژیم و بۆ هەناسە دەدەم...؟!) دوای ئەوە زیاتر یەكتری دەبینن و ئیلی یش زیاتر لە پەرستگەكە دەمێنێتەوە و مۆشی-یش دەبێتە ئەوكەسە كە ئیلی بەدوایدا دەگەڕێت... مۆیشی بەڵێنی پێدەدات، هەموو شتێكی فێربكات و وەڵامی هەموو پرسیار و نیگەرانییەكانی بداتەوە دەربارەی ئایین و خوداوەند و كتێبی پیرۆز و هەموو شتێك... مۆیشی جولەكەیەكی پەنابەرە لەم شارەدا، ڕۆژێك لەلایەن پۆلیسی هەنگارییەوە دیپۆرت دەكرێتەوە... دوای ماوەیەك بە برینداری ڕادەكات و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارە. ئەوەی بەچاوەكانی خۆی بینیویەتی و چۆن خۆشی بە موعجیزە لەدەست مەرگ ڕزگاری بووە...! دەیەویست خەڵكەكە لەم وەزعە مەترسیدار و ترسناكە ئاگادار بكاتەوە، بەڵام، كەس گوێی لێ نەدەگرت و باوەڕیان پێی نەدەكرد...! خەڵكەكە وایاندەزانی، بۆیە وادەكات تا بەزەییان پێیدا بێتەوە...! ئەوكاتە ساڵی ١٩٤٢ بوو. لە ساڵی ١٩٤٣ هەمووشتێك بە ئاسایی تێدەپەڕێت... دیارە ئەوكاتە هیتلەر و ئەڵمانیا لە گەرمەی شەڕی جەنگی دووەمی جیهانیدا دەبن... و لە ساڵی ١٩٣٩ ڕا بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە جولەكەكان، بەرنامەی دارێژراوی لەمێژینەی بیرۆكەی Antisemites، واتە ئەنتی جولەكەیی یان دژە جولەكەیی، لەلایەن هیتلەر و سوپای ئەڵمان خرابووە پراكتیكەوە... لەوسەردەمانە ئەڵمانیا دەستی بەسەر زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپا گرتبوو... بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٤-دا، هەواڵێك لەنێو شاری سایت بڵاو دەبێتەوە، "كە جولەكەكان دەبێت شار چۆڵ بكەن...!" لە سەرەتا خەڵكەكە پێیانوابوو، سوپای سووری سۆڤیەت دەیانپارێزێت. هیتلەر ناتوانێت ئازاریان بدات تەنانەت، ئەگەر مەبەستیشی بێت...! ئیلی داوا لە باوكی دەكات كەوا هەمووشتێك بفرۆشن و بڕۆن و ئەم شارە جێبهێڵن... بەڵام، باوكی لە وەڵامدا پێدەڵێت (من لەم تەمەنەمدا، توانای ڕەوكردنم نییە...!) سێ ڕۆژ دوای ئەم هەواڵە، سوپای ئەڵمان لەنێو شەقامەكانی شاری سایت دەبینرێن. ئیتر خەڵكەكە لەنێو ترس و دڵەڕاوكێ و نیگەرانیدا دەژین. لە سەرەتا، سەرباز و ئەفسەر و بەرپرسەكانی سوپا، بەڕێزەوە قسە لەگەڵ خەڵكەكە دەكەن و ئازاریان نادەن. (Passover) جەژنێكی ئایینی هەشت ڕۆژەی جولەكەكانە، بەڵام لە كاتی جەژن خەڵكەكە لە ماڵەكانیان كۆدەبنەوە، چونكە پەرستگەكان و شوێنە ئایینییەكان داخراون...! لە ڕۆژی حەوتەمی جەژن، سوپا سەركردەی جولەكەكان دەستگیر دەكات...!



لێرەوە هەمووشتەكان خێرا تێدەپەڕن...! چونكە مەرگ، لێرەوە پشكۆكانی خۆی دەردەكات و درێژە بە بوونی دەدات...! لەم كاتەدا دوو بڕیاری پڕ مەترسی و مەرگئامێز دەردەچن.

یەكەم: بۆ ماوەی سێ ڕۆژ جولەكەكان ناتوانن لە ماڵەكانیان دەربچن. هەركەسێك سەرپێچی بكات، ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە...!

دووەم: لە هەمان ڕۆژ پۆلیسی هەنگاری ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن و پێیان دەڵێن (هەركەسێك زێڕ و گەوهەر و شتی بەنرخی هەیە دەبێت تەسلیم-مان بكات، ئەگەر نا ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە...! باوكی ئیلی كەسایەتییەكی دیار و ڕێزدار بوو، لەهەمانكاتدا وەك دەمڕاستی جولەكەكان وابوو لەم شارەدا، خەڵكان پۆڵ پۆڵ دەهاتن بۆلای، تا نەزەری وەربگرن بۆ ئەوەی چی بكەن...؟! بەڵام نە باوكی ئیلی و نە هیچ كەسێك، هیچ ڕێگا چارەیەكیان بۆ نەدۆزرایەوە و بە ناچاری تەسلیم بە ئەمری واقیع بوون... بە مانای خۆیان دایە دەستی قەدەر...! لێرەوە پڕۆسەی گواستنەوەیان بۆ كەمپەكان دەست پێدەكات. هەریەكە و مافی ئەوەیان هەیە، كە هەندێك لە پێداویستییەكانی وەك خواردن و جلوبەرگ و ئەمجۆرە شتانە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. كاتێك لەسەر شەقامەكان وەستاون و چاوەڕوانی گواستنەوەیانن، خەڵكەكە زۆر دڵتەنگ و نیگەران و خەمناك دیارن... باوكی ئیلی فرمێسك لە چاوەكانی دێتە خوارەوە و دەگری، ئیلی لە هەموو ژیانیدا، بۆ یەكەمجارە باوكی بە گریانەوە ببینێت...! بە شەمەندەفەری بار یان شەمەندەفەری گواستنەوەی ئاژەڵان دەیانگوازنەوە. لێرەوە خەڵكەكە ڕووبەڕووی دۆزەخ و مەرگ دەبنەوە...! دوای دوو ڕۆژ دەگەنە شارۆچكەیەك لەسەر سنووری چیكسلۆڤاكیا. ئیلی لە فارغۆنێك دەبێت ئەفسەرەكان پێیان دەڵێن (هەركەسێك هەوڵی ڕاكردن بدات، وەك سەگ گوللەبارانی دەكەین...!) هەندێك لە خەڵكەكان بەرگەی ئەو ئازارە ناگرن، هۆشیان لەدەست دەدەن و شێت دەبن...! لە فارغۆنەكەی ئیلی ژنێكی تەمەن پەنجا ساڵە كە تەنها كوڕێكی تەمەن دە ساڵەی لەگەڵدایە... هۆشی لەدەست داوە و شێت بووە... ناوە ناوە هاوار دەكات و بە خەڵكەكە دەڵێت (ئەها ئاگر، سەیری ئەو مەشخەڵی ئاگرە بكەن ئێوە نایبینن...؟) بەشێكی شێتبوونی ئەو ژنە لەبەر ئەوە بوو كەوا مێردەكەی و دوو كوڕە گەورەكەیان ڕەوانەی كەمپێكی تر كرد بوو...! دوای چەند ڕۆژێك دەگەنە كەمپی (ئەچویتس) ئەم كەمپە، كەمپی كاری قورس و ئازاردان و دەتوانین بە كەمپی مەرگ ناوی بەرین...! لەم كەمپەدا حەوت كورەخانە هەیە، كەسی نەخۆش و پەككەوتە و لاواز و منداڵانیان... دەخستە نێویەوە و دەیان سووتاندن، قاعەی گەورە گەورەیان هەبوو، پێیان دەگووتن "گاز چەمبەر بەمانای ژووری

گاز" جێگای حەوسەد، هەشتسەد کەسی تیا دەبووەوە. قاعەکانیان پڕ دەکرد لە خەڵك. ئینجا بۆری گازەکانیان دەکردەوە تا قاعەکە پڕ دەبوو لە گاز، دوای ماوەیەکی کەم هەموویان دەخنکان و ئینجا فڕێیان دەدانە نێو فڕنەکانەوە و دەیانسووتاندن...! ... شەمەندەفەرەکە تۆزێك لە دووری کەمپەکە دەوەستیّ... دوای جیابوونەوەیان لە یەکتری، ژن و منداڵەکان بەیەکەوە و مێردمنداڵ و گەنج و پیاوەکانیش بە یەکەوە، ئیلی لەگەڵ باوکی دەبێت و خوشکە بچووکەکەی و دایکی بەیەکەوە دەبن... هەر دوای ئەم جیابوونەوە، ئیتر ئیلی دایك و خوشکە بچووکەکەی بۆ تا هەتایە نابینێتەوە...! لەوێوە بە پیّ بەرەو کەمپەکە دەڕۆن... بۆ ترساندنیان پێیان دەگووتن (وا بەرەو ئەو کورخانانە دەتانبەین و لەوێدا دەتان سووتێنین...!) یان دەیان گووت (ئێرە گۆڕستانی ئێوەیە، ئێوە دەبێت لێرەدا بمرن...! ئەوە جگە لە جنێودان و سووکایەتی پێکردن و ئیهانەکردنیان...!) کە بەرەو کەمپەکە دەڕۆیشتن، ئیلی لەوپەڕی بێزاری و لەنێو ئەوپەڕی ترس و دڵەڕاوکیّ دابوو... لەوودەمە چاوی بە وایەری کارەبا دەکەوێت، یەکسەر بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، پێی وایە بە لێدانی کارەبا بمری باشترە لە مردنی نێو کورە و ئازاری سووتاندن...! بەهەر شێوەیەك بێت دەگەنە کەمپەکە، شەوی یەکەم، بۆ ئیلی ناخۆشترین شەو و درێژترین شەو دەبێت...! ئەوەتا دەربارەی شەوی یەکەم





دەڵێت (پێویستە هەرگیز ئەو شەوە لەبیر نەکەم، کە ژیانمی گۆڕی بە شەوێکی درێژی بێبڕانەوە...!)، لە کەمپەکە ڕۆژانە کاری قورسیان پێدەکەن. هەمیشە ئەوەیان پێدەڵێن (یان کارکردن، یان کورەخانە و سووتاندن...!) یان زۆرجاران بۆ ترساندن و زیاتر ئازاردانیان، کۆیان دەکردنەوە و بە بەرچاویانەوە، هەندێکیان بەتایبەت ئەوانەی سەرپێچی بڕیارەکانیان دەکرد، گوللەبارانیان دەکردن، یان سێدارەیان بۆ هەڵدەواسین و لە سێدارەیان دەدان...! ڕۆژانە بە هەزاران کەس لە کەمپەکان لەبەر نەبوونی خواردن لە برساندا دەمردن، یان بە نەخۆشی یان لەژێر ئازار و ئەژکەنجە یان گوللەباران و لەسێدارە دەدران، یان لە کاتی لە سێدارەدانی کەسەکان، کاتێك پەتەکانیان دەخستە ملیان، ئەمانیش هاواریان دەکرد و دەیانگووت (بژی ئازادی، نەفرەت لە ئەڵمانیا...!) یان جۆرێکی تر، ناوە ناوە بۆ تەسفییەکردنیان لیژنەیەك بڕیاری دەدا کیّ بمێنێتەوە و کیّ ببێتە خۆراکی کورەخانە و بسووتێندرێت و کۆتایی بە ژیانی بهێنرێت...! هەرجارەی ئەوانەی نەخۆش و بێتوانا و یان چووبوونە نێو ساڵەوە ئیتر لەژێر بڕیاری لیژنە دەرنەدەچوون و دەبووایە مەحکوم بە مەرگ بن...! بەم کارەشیان دەگووت (سەلێکشن)... ئیتر هەرجارەی لە ڕۆژ و کاتی سەلێکشن ئاگاداریان دەکردنەوە، تا ئەوکاتە هەموویان لەوپەڕی دڵەڕاوکیّ و نیگەرانی و بێتاقەتیدا دەبوون، تەنانەت شەوانیش خەو نەدەچووە چاوەکانیان، چونکە کەسیان لەوە دڵنیا نەبوون ئەمجارەیان کیّ دەمێنێتەوە و کیّ دەبێتە خۆراکی کورەخانە...! لەپاڵ کاری قورسی ڕۆژانە و ئەم هەموو ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە، برسییەتیش تەواو تەنگی پیّ هەڵچنیبوون، جاری وا بووە بۆ ماوەی حەوت شەو و ڕۆژ هیچیان پیّ نەدراوە... خواردنی ڕۆژانەشیان، لەتێك نان و کەوچکێك سوپی ڕوونی وەکو ئاو وابوو... بۆیە هێندە بێتوانا و لەش داهێزراو زەعیف دەبوون بۆیە نەك توانای جووڵە، بەڵکو توانای هەناسەدانیشیان نەدەما و دەمردن...! دوای چەند مانگێك بۆ کەمپێکی تر دەگوازرێنەوە ناوی (بوونا) بوو. لەم کەمپەش بە هەمانشێوە، هەمان مامەڵە و هەمان ئازاردان و هەمان کاری قورس و هەمان برسییەتی و هەمان مەرگ... لەم کەمپە زستان دەستی پێکردووە و ڕەقبوونەوە لەسەرما ئەوەش سەربار... لەنێو ئەم سەرماو سۆڵە و شەختە بەندەدا دەبایە ئەوان هەموو ڕۆژە بڕۆن بۆ کار بە دەستی ڕووت و بیّ دەستکێش بەرد بکێشن... بۆیە زۆربەیان بەرگەی ئەم وەزعەیان نەدەگرت... هەندێکیان دەیان گووت (ئیتر تەواو ناتوانین زیاتر بەرگەی بگرین...! دەستیان لە خۆیان و ئومێدەکانیان بەردەدا و خۆیان بۆ مردن شل دەکرد...!) دوای ماوەیەك لەم کەمپەش دەیانگوازنەوە... ئەمجارەیان کەمپی (بۆچینوالد) کە بەرەو

ئەم کەمپە دەڕۆن سەرما و سۆڵەیەکە بەفر تا ئەژنۆ کەوتووە، بۆ ئەم کەمپە وەك کاروان بە پێ رێدەکەن... لە رێگا ئەوەی لە بەفر بچەقێ یان لە کاروان جێبمێنێت، یان ئەوانەی توانای رۆیشتنیان نامێنێت، هەر لە جێگای خۆیان گوللەبارانیان دەکەن و دەیانکوژن. ئیلی چەند رۆژێك بەر لەوکاتە نەشتەرگەری بۆ کراوە، واتە بە قاچی بە برینییەوە بە رێگادا دەڕوات، شوێن پێیەکانی لەسەر بەفر سوور دەچوونەوە، بەڵام هەر هەوڵی دەدا لە باوکی دانەبڕێت و لە هەمانکاتیش لە بەفر نەچەقێ و لە کاروان بەجێ نەمێنێت...! لە رێگادا ناخۆشی زۆر دەبینن، سێ چوار رۆژ هەر خەریکی رۆیشتن دەبن. زۆریان لە سەرما رەق دەبنەوە و زۆریشیان لەبرسان دەمرن... چونکە ئەو چەند رۆژەی بە رێگاوەن خواردنیان نادرێتێ...! یان لە برسان بەفر دەخۆن...! شەو لە رێگادا پەناگەیەك دەبینن کە وەك کەلاوە وایە، بە هازاران دەچنە نێویەوە، لەسەریەك کەڵەکە دەبن، ئەوانەی لەژێرەوەن تەنانەت توانای هەناسەدانیان نابێت...! زۆریان هەر لەوێدا دەمرن. دوای سێ رۆژ ئینجا دەگەنە شوێنی شەمەندەفەر... دوای چەند رۆژێکی تر دەگەنە کەمپی (بۆچینوالد)... لەم کەمپەدا باوکی نەخۆش دەکەوێت، ئیلی زۆر هەوڵ دەدا، بۆ ئەوەی باوکی دەست لە خۆی بەرنەدات و خۆی تەسلیم بە مەرگ نەکات، بەڵام سوودی نابێت و لە ٢١ی





جانیوەری باوکی دەمرێت. دوای مردنی باوکی ئیلی دەگوازنەوە بۆ بەشی منداڵان... کە شەشسەد منداڵێك دەبوون. لە ٥ی ئەپریل هەواڵی تێکشکانی هیتلەر بەنێو زیندانیان و کەمپەکە بڵاودەبێتەوە...!

لە ١٠ی ئەپریلی ساڵی ١٩٤٥ کاتژمێر شەشی ئێوارە یەکەم ئۆتۆمبێلی ئەمریکی دەگاتە بەر دەرگای کەمپی بۆچینوالد، کە ئەوکاتە بیست هەزارێك مابوون لەنێویان چەند سەدێك منداڵ و مێردمنداڵ بوون...! ئیلی تا بەیانی لە کەمپەکە دەمێنێتەوە. واتە لە ١١ی ئەپریلی ١٩٤٥ ئازاد دەبێت...! لە کاتی ئازادبوونیان نە بیریان لە تۆڵە سەندنەوە نە لە دایك و باوك و کەسوکار، تەنها بیریان لە نان و خواردن دەکردەوە، چونکە بۆ ماوەی هەفتەیەك دەبوو هیچیان پێنەدرابوو...!

سێ رۆژ دوای ئازاد بوون، ئیلی بەجۆرێك نەخۆش دەکەوێت دووهەفتە لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە، وەزعی لەنێوان مردن و ژیاندا دەبێت...! کە چاك دەبێتەوە لە ئاوێنە سەیری خۆی دەکات، گەلێك سەیری بە خۆی دێت، چونکە ساڵێك زیاترە خۆی لە ئاوێنەدا نەبینیوە...!

تێکڕای قوربانییانی ئەم کارەساتە تراژیدییە شەش ملیۆن دەبن...!)،

لە کاتی خوێندنەوەی ئەم رۆمانە هەندێك چەمك زۆر بەرچاو دەکەون، لەوانە چەمکی "مەرگ". مەرگ لەم رۆمانەدا لەگەڵ "کات و شوێن" بە هێڵێکی تەریب دەڕۆن...! بەمانای (مەرگ هەموودەم لە هەموو شوێنێکە...!) لەم رۆمانە کاتێك مەرگ بەرچاو دەکەوێت، تا کۆتایی پەرەگرافێك نادۆزیتەوە کە مەرگ خۆی یان هێما و کۆدەکانی مەرگیان هەڵنەگرتبێت...! بە مانایەك، لەوکاتەی جولەکەکان لە ماڵەکانیان دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکان، مەرگ لە هەموو شوێنێك و لە هەموو کاتێکدا ئامادەیی دەبێت...! رۆژانە بە کارەساتی جەرگبڕ وەك لەژێر ئازار و ئەژکەنجەداندا، لەژێر کاری قورس، سووتاندن و سێدارە و هەڵواسین، بە گاز خنکاندن و لە برسان و لە سەرما، رۆژانە بە هەزارەها دەمرن...! ئەوەتا نووسەر بە ئاشکرا دەڵێت (لێرەوە هەموو شتەکان خێرا روو دەدەن، پێشبڕکێ بەرەو مەرگ دەست پێدەکات...! ل١٠)، یان لە شوێنێکی تر، لەوکاتەی لە ماڵەکانیان دێنە دەرەوە و لەسەر شەقامەکان چاوەڕێی هاتنی شەمەندەفەر دەکەن بۆ گواستنەوەیان، نووسەر دەڵێت (یەکەم رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ دۆزەخ و مەرگ دەستی پێکرد...! ل١٩). تراژیدیترین و خەمناکترین مەرگ، سووتاندنی منداڵەکان بوو...! کە ئیلی یەکێکیان بە چاوەکانی خۆی دەبینێت...! ئەم تابلۆیە جەرگبڕ و ئازاربەخشە خەریك دەبێت مێشکی تێکبدات و شێتی بکات... هەوڵی دەدا کە قەناعەت بە خۆی و چاوەکانی بهێنێت، کە ئەمەی نەبینیوە...!

ئیلی لە لاپەڕە ٣٤ی ڕۆمانەکەی لەپاڵ ئەوشتانەی کە وا پێویست دەکات هەرگیز لەبیری نەچنەوە، دەڵێت (پێویستە هەرگیز ئەم سیما بچکۆلانەی منداڵان لەبیر نەکەم، کە فڕێیان دەدانە نێو کورەخانەکان و جەستەیان دەبوو بە دووکەڵ و لەژێر ئاسمانێکی بێدەنگدا...!)، یان هەڵواسین و لە سێدارەدانی ناسیاو و برادەرەکانیان... یان سەلێکشن و تەسفییەکردنەکان...! تابلۆیەکی تری زۆر ئازاربەخش و خەمناك، "جولیك" لاوێکی کەمانچە ژەنە، لەنێو کەمپەکان دەبێتە هاوڕێی ئیلی، کاتێك بەرەو کەمپی بۆچینوالد بەنێو بەفردا ڕێدەکەن... ئەم کەمانچەکەی بە کوڵ خۆی داداوە و دڵی نەهاتووە کەمانچەکەی جێبهێڵێت، نەوەك بیشکێنن...! لەوشوێنەی کە بۆ حەوانەوە لە پەناگە کەلاوەیەکە لا دەدەن، ئەمیش کەمانچەکەی لە تەنیشت خۆی درێژکردووە، ئیلی کە کەمانچەکەی لە تەکیا دەبینێت، سەری سووڕ دەمێنێت و وا دەزانێت شێت بووە. ئیتر شەو لەناو ئامێزی برسییەتی و ترس و سەرما... جولیك پارچەیەك لە سەمفۆنیایەکی بتهۆڤن دەژەنێت، چونکە لەنێو کەمپەکان، جولەکەکان بۆیان نەبوو سەمفۆنیای ئەڵمانی بژەنن...! لەوکاتەدا هەموو بەسەریەکدا کەوتوون لە بێ جێگەیی، یەکێك لە شوێن خۆی هاوار دەکات (ئەوە چ شێتێکە لێرە، لە لێواری ئەم گۆڕستانەدا کەمانچە دەژەنێت...!) ئیلی دەڵێت (من هەرگیز دەنگی وا سەرسام و پڕ چێژی کەمانچەم نەبیستبوو، بە تایبەت لە بێدەنگییەکی وا خامۆشدا...!) بەیانی کە ئیلی خەبەری دەبێتەوە، دەبینێت جولیك لە تەنیشت کەمانچەکەی ڕاکشاوە و مردووە...! دیمەنێکی تر، ئیلی زۆر لە خەمی باوکیدا دەبێت، هەمیشە بۆ قاوشەکەی باوکی لە هاتوچۆدایە، بەتایبەت ئەوکاتەی باوکی نەخۆش دەکەوێت... جارێکیان باوکی زۆر هیلاك و داهێزراو دیار دەبێت، ئیلی لێی دەپرسێت (هیچت خواردووە...؟) باوکی دەڵێت، نەخێر. ئیلی-یش دەڵێت بۆ...؟ باوکی دەڵێت (هیچیان بە ئێمە نەدا و گووتیان "ئێوە نەخۆشن هەر دەمرن ئیتر بۆ خواردنتان پێ بەفیڕۆ بدەین...!)، یان پۆلیسێکی چاودێر کە دەبینێت، ئیلی زۆر لە خەمی باوکیدایە و هەمیشە یارمەتی دەدا... بانگی دەکات و ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێت (لێرە هەرکەس خەمی خۆیەتی، لێرە نابێت خەمی کەسی ترت لەبەر بێت، تەنانەت باوکیشت، لێرە باوك، برا، برادەر، نییە تەنها خۆت و بەس، هەموو کەسەکان بە تەنیا دەژین و بە تەنیاش دەمرن...! چیتر نان و ژەمەکانی خۆت مەدە بە باوکت...! ل١١٠). دەتوانین سەدان تابلۆ و فاکتی تر، کە هەر هەموویان وێنەی ڕووتی مەرگمان پێشان دەدەن. هەروەك گووتمان لە هەموو شوێنەکان و لە هەموو کاتەکان مەرگ ئامادەیی هەیە...!



چەمکێکی تر کە زۆر بەرچاو دەکەوێت، چەمکی هەڵگەڕانەوەیە لە ئایین یان لە گەورەیی و میهرەبانی خودا...! ئیلی بەر لە گواستنەوەیان بۆ کەمپەکان، کەسێکی ئیماندار و باوەڕێکی پتەوی بە خوداوەند و کتێبە پیرۆزەکەیان هەبوو. بە قووڵیش خەریکی خوێندنەوەی تالمود و ئەفسانەکانی ئایین و خوێندنی وانەی ئایینی بوو... بە شێوەیەکی گشتی جولەکەکان، باوەڕێکی پتەویان بە ئایینەکەیان و خوداوەند هەبوو. زۆربەیان لەگەڵ ئەم کارەساتە تراژیدییە و پڕ ئەشکەنجەیە، لەگەڵ هەموو ئازارەکان و برسیەتییەکان و ناخۆشییەکان، کەچی هەر خەریکی نوێژکردن و شاوانان تا خەوتن هەر خەریکی ئایەت خوێندنەوە و عیبادەت بوون...! بەڵام لە ئاکامی بە ئەوپەڕی گەیشتنی ئازارەکان و کارە نامرۆییەکان و مەرگ و کارەساتەکان، لە ئاکامی بە ئەوپەڕی گەیشتنی کارە دڕندەییەکانی هیتلەر و سوپای ئەڵمان، هەندێکیان دەگەنە ئاستێك کە پەتی ئارام گرتنیان دەپچڕێت و هیچ باوەڕێکیان بە خوداوەند و کتێبە پیرۆزەکەیان نامێنێت...! بۆ ئەم چەمکەش دەتوانین چەندین تابلۆ و فاکتی ڕوون و ئاشکرا بهێنینەوە... ئیلی لە شوێنێك بە ئاشکرا دەڵێت (بۆ بە ناوهێنانی خودا دڵخۆش بم...؟ من دڵخۆش نیم بە ناوی خودا، چونکە بۆتە هۆی سووتاندنی هەزاران منداڵ...! ئایا هەر خۆی هەمووشتێك و ئەم کەمپەی دروست نەکردووە...؟! من ئێستا لە هەموو شتێك یاخیم...!) یان ئەوکاتانەی بە بەرچاویانەوە کەسەکان هەڵدەواسن، هەندێکیان دەست بەرز دەکەنەوە و دەڵێن (ئەی خودایە تۆ لە کوێیت...؟ گەر تۆ بوونت هەیە، چۆن ئەم وەزعە قەبووڵ دەکەیت...؟!) ئیلی لە شوێنێکی تر دەڵێت (بڕوایەك یان عیبادەتێك لەنێو مندایە بۆ خودایەك، کە چیتر باوەڕم پێی نەماوە...! ل٩١) ڕۆبیی جولەکەیەکی پۆڵەندییە، کەسێکی بە تەمەن و پیرە، هێندە بە نێو ساڵدا چووە پشتی کووڕ بووەتەوە... هەمیشە خەریکی نوێژکردن و عیبادەتە... لەسەر ئیش لەکاتی پشوودانەکان، لەنێو جێگا... بەڵام کاتێك ئازارەکان و مەرگ و برسییەتی بە ئەوپەڕی دەگەن، ڕۆژێك ئیلی دەربارەی خودا پرسیاری لێدەکات، ئەویش دەڵێت (ئیتر تەواو خودا چیتر لەگەڵ ئێمە نییە...!) لەوکاتەوە کە هیچ باوەڕێکی بە خودا و کتێبی پیرۆز و عیبادەتکردن نەماوە...! یان ئیلی لە شوێنێکی تر دەڵێت (من چۆن باوەڕ بە بەخشندەیی خودا بکەم...؟ خودا لە کوێیە...؟ کێ هەیە بەدەست ئەم باری ئازار و ژان و میحنەتانەوە، باوەڕ بە بەخشندەیی خودا بکات...؟!) یان لە شوێنێکی تر دەڵێت (پێویستە هەرگیز ئەو چرکەساتانە لە بیر نەکەم، کە خودا و ڕۆحم یان تیا کوشت و خەونەکانم بوون بە خۆڵەمێش...! ل٣٤)، ئەمانە و دەیان فاکتی تر کە لەم ڕۆمانەدا بە زەقی بەرچاو دەکەون...!

چەمکێکی تر "نائومێدبوون"ە...


دیارە زۆربەیان تا بۆیان دەکرا لەپێناو مانەوەیاندا، شەڕیان لەگەڵ مەرگ دەکرد. بەرگەی هەموو کارە قورسەکان و برسییەتی و سەرما و نەخۆشییەکان و بارە دەروونییەکان و هەموو شتێکیان دەگرت... بەس بۆ ئەوەی نەمرن تا ڕۆژی ئازادبوون بمێننەوە، بەڵام زۆریان، لەم زۆرانبازییە لەگەڵ مەرگدا، بە ئاستێك دەگەیشتن چیتر بەرگەیان نەدەگرت... دەستیان لە خۆیان و ژیان و ئومێدی ڕزگاربوونیان بەر دەدا، تەسلیم بە مەرگ دەبوون... ئەوەتا ئیلی لە شوێنێك لەکاتی پشوودانە و بە قووڵی کەوتووەتە نێو دەریای خەیاڵ و بیرکردنەوە... بیری لە ڕۆژانی ڕابردووی دەکردەوە، ژیانی قوتابخانە و ماڵەوە و گەڕەك و ستۆرەکەیان و... ئیتر کاتێك زنجیرەی خەیاڵەکانی دەپچڕان و خۆی لەم کەمپ و لەنێو ئەم ژیانە دڕندەییە و پڕ مەینەت و ئازارە دەبینییەوە، هەرچی ترووسکایی هەبوو بە بەر چاوانییەوە نەدەما و تا ئەوپەڕی نائومێدی بێئومێد دەبوو...! لەمبارەیەوە دەڵێت (ڕۆحم و دەروونم بە مەشخەڵێکی ڕەش ڕەش داپۆشرابوون...!) یان لە کاتی تەسفییە و سەلێکشنەکان، لەوکاتەی سەیریان دەکردن تا بڕیار بدەن کامەیان بمێننەوە و کامەیان ببێتە خۆراکی کورەخانە، زۆریان دەستیان لە خۆیان بەردەدا و توانای ئەوەیان تیا نەمابوو کە خۆیان بە هێز و ڕێك و بە توانا پیشان بدەن... پێیان وابوو کە ناتوانن چیتر بەرگەی بگرن، ئیتر مردنیان هەڵدەبژارد...!

باوکی ئیلی هەر خۆی ڕادەگرێت و مقاوەمەت دەکات... تا سێ چوار مانگ بەر لە ئازادبوون، کاتێك نەخۆش دەکەوێت لە تاو نەخۆشی و بێزاری و برسییەتی و ژان و خەمەکانی... هێندە نائومێد دەبێت، دەست لە خۆی بەردەدات و ئیلی ژەمە خواردنەکانی خۆی بۆ دەهێنێت و ئەویش چیتر نایخوات... خۆی دەداتە دەستی نائومێدی و مردن... خۆی ئەوە دەزانێت (ئێرە بۆ ئەو کۆتایی ڕێگاکەیە و پێی ناوەتە ماڵی مردن). بۆیە بە چرپەوە، نهێنییەك دەدا بە گوێی ئیلی (ئەو شوێنەی پارە و زێڕ و شتە بە نرخەکانی تیا شاردووەتەوە، بە ئیلی دەڵێ و ئیتر لەنێو ئامێزی مەرگی هەتا هەتایی ڕادەکشێ...!) یان لە کاتی پشوودانەکان، لەبەر هیلاکی و لە برسان لەسەر بەفر ڕادەکشێن و هەندێك جاریش دەخەون...! زۆربەشیان ئەوە دەزانن، بەم هیلاکییە لەسەر بەفر خەوتن ڕەقدەبنەوە و دەمرن، بەڵام هەروا دەکەن... زۆریان کە لەسەر بەفر دەخەون هەرلەوێدا بۆ هەتا هەتایە خەبەریان نابێتەوە و ڕەقدەبنەوە و دەمرن...!



ئەم ڕۆمانە، بە زمانێکی سادە و شیرین و پاراو نووسراوە، چونکە ڕووداوێك یان کارەساتێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە، بۆیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، پشتی بە گێڕانەوەیەکی ڕووت بەستووە و بەلای فەنتازیادا نەڕۆیشتووە... و لە زۆرێك سەرچاوەکان ئەم کتێبە بە باشترین ڕۆمان و بەرهەمی ئەدەبی دادەنێن کە لەسەر کارەساتی هۆلۆکۆست نووسرابێت. ئەم ڕۆمانە، کاتی خۆیی و ئێستاش کاریگەرییەکی بێوێنەی لەسەر خوێنەران هەیە، بە تایبەت گەنجەکان. کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکان هێندە سەرسام بوون بەم ڕۆمانە تا ئاستی ئەوەی، زۆرێك لە دەربڕین و قسەکانیان لەنێو نامە و چاتەکانیان بۆ یەکتری دەنارد و گفتوگۆشیان لەسەر دەکرد... یەکێکە لەپڕ خوێنەرترین ڕۆمانە لەسەر ئاستی دونیا... ڕەنگە سیحری جوانی و هێزی ئەم ڕۆمانە لەوە دابێت، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە باس لە تراژیدیترین و مەرگەساتیترین کارەسات دەکات، کە تەواوی دونیا و مرۆڤایەتی دەهەژێنێت. بەشەکەی تری پەیوەندی هەیە بە خودی شێوازی نووسینی ڕۆمانەکە و هەروەها گەورەیی و مرۆڤدۆستی و ئەو ڕۆحە بێگەردەی خودی نووسەر خۆی...! ئەوەتا لە کۆتایی ئەم ڕۆمانە مەسیجێکمان پێ دەدات و دەڵێت (لەوکاتەی یەکەم ئۆتۆمبێلی ئەمریکی دەگاتە بەردەم کەمپی بوچینوالد، لە کاتی ئازادبوونیان نە بیریان لە تۆڵەسەندنەوە و نە دایك و باوك و کەسوکار، تەنها بیریان لە خواردن دەکردەوە...!)، بە مانایەك نەك تەنها ساڵانی دوای ئازاد بوون (کە دەیانتوانی هەرشتێك بکەن کە مەبەستیان بێت...!)، بەڵکو خودی ئەوکاتەی لەنێو کەمپەکان بوون کە لە باوەش و لەنێو ماڵی مەرگ هەناسەیان دەدا، ئینجا بیریان لە تۆڵەسەندنەوە نەکردووەتەوە، تەنها خواردن... بە مانای تەنها ژیان و بەس...! ئیلی نووسەری ئەم کتێبە دوای ئازادبوونی تاکو ئێستا، هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی تەرخان کردووە و هەمیشە لەگەڵ دامودەزگا و کۆمیسیۆنە مرۆییەکان ئیشی کردووە...! تا ئاستی ئەوەی مەدالیای زێڕین و خەڵاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرتووە. پرشنگدارترین خاڵ لەم ڕۆمانە ئەوەیە، بە شێواز و زمانێك نووسراوە کە خوێنەر دەبێتە یەکێك لە کاراکتەری نێو ڕۆمانەکە، من لە سەرەتای ڕۆمانەکە تا کۆتایی هەمیشە خۆم لە تەك ئیلی و خۆم لەنێو زیندانییەکان دەبینی و تەواو لەگەڵ ئازار و ژان و موعاناتەکانیان دەژیام...! بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە منیش ئێستا وا دەزانم (کارەساتی هۆلۆکۆستم بە چاوەکانی خۆم بینیوە...!).

## - هۆلۆکۆست و گینۆساید



به کورتی دەتوانین بڵێین هۆلۆکۆست و گینۆساید به مانای (کوشتنی به کۆمەڵ) بەهۆی جیاوازی ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، ڕەنگی پێست، شوێن، زۆر شتی تر. هۆلۆکۆست و گینۆساید، هەردوو دەستەواژە یەك مانا دەگەیەنن، تەنها جیاوازییەك هەیانبێت ئەویش ئەوەیە (تراژیدیای هۆلۆکۆست، کات و زەمەنەکەی درێژخایەنتر و ژمارەی قوربانییەکانیش زۆرترن)، بۆ نموونە هۆلۆکۆستی جولەکەکان، له ساڵی ١٩٣٩ دەستی پێکردووە تا ساڵی ١٩٤٥ درێژەی هەبووە، ژمارەی قوربانیان گەیشتووەتە شەش ملیۆن...! بەڵام گینۆساید، له کات و زەمەنێکی کورتر و خێراتر ڕوودەدات و ژمارەی قوربانییەکانیش کەمترن. تەنها ئەم جیاوازییە نەبێت، ئەگەرنا هەردووك به مانای کوشتنی بەکۆمەڵ دێت. گینۆساید و هۆلۆکۆست، مێژوویەکی دووردرێژیان هەیە. به پێی ئەو سەرچاوەیەی لەبەر دەستماندایە، تا ئێستا سیوشەش ڕووداوی گینۆساید و هۆلۆکۆست، له مێژوو ڕوویداوە، هەر هەمووی لەم کتێبەدا به ئامار و بەروار و شوێن و ژمارەی



قوربانیان و بکەرەکان و تەواوی زانیارییەکانەوە تۆمارکراون. یەکەم کارەساتی گینۆساید، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٦ ساڵ بەر له زایین، که به دژی کارسەنگییەکان و لەلایەن سەربازانی ڕۆم ڕوویداوە، که ژمارەی قوربانیان ١٥٠ هەزار کەس دەبوون. دەکرێت هەر بۆ نموونە هەندێکیان باس بکەین. هۆلۆکۆستی ڕەشپێستەکانی ئەفریقیا که دووەم کارەساتە، که له ناوەڕاستی سەدەی پانزەیەم دەستی پێکردووە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم درێژەی هەبووە. که لەلایەن حکومەتەکانی، ئیسپانیا و بەریتانیا و فەڕەنسا و هۆڵەندا به ئەنجام گەیاندراون. تێکڕای ژمارەی قوربانیان گەیشتووەتە سیوشەش ملیۆن...! کارەساتی گینۆسایدی ئەرمەنییەکانیش، له ساڵی ١٩١٥ به دەستی ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی تورك ڕوویداوە، که ژمارەی قوربانیان گەیشتوونەتە یەك ملیۆن و سەد هەزار... هۆلۆکۆستی جولەکەکانی ئەورووپاش که باسمان کردووە لەپێشدا، که ژمارەی قوربانیان گەیشتووەتە شەش ملیۆن، که لەلایەن سوپای ئەڵمانیا و به بڕیاری هیتلەر به ئەنجام گەیاندراوە... گینۆسایدی گواتیمالا، له ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٨٣ درێژەی دەبێت، ٢٠٠ هەزار قوربانی لێدەکەوێتەوە... گینۆسایدی ئێمەی کوردیش، که به دەستی ڕژێمی بەعسی فاشیستی عەرەب، له ساڵی ١٩٨٨ که ١٨٢ هەزار قوربانی لێدەکەوێتەوە، یان گینۆسایدی بۆسنیا، لەلایەن سربەکانەوە له ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی ١٩٩٥ درێژەی دەبێت و ٢٠٠ هەزار قوربانی لێدەکەوێتەوە... دوایەمین گینۆساید له سودان له ساڵی ٢٠٣ لەلایەن سوپای سودانەوە، به دژی زاگواییەکان، که ٤٥٠ هەزار قوربانی لێدەکەوێتەوە...!

ئەگەر به قووڵی لەم کارەسات و تراژیدیانە وردبینەوە، ڕەنگە بگەینە ئەو ئاستەی شەرم له مرۆڤبوونی خۆمان بکەین... شەرم لەوە بکەین، که مێژووی مرۆڤایەتی لێوانلێوە له تراژیدیای مەرگئامێز و کارەساتی نامرۆڤانە و تا ئەوپەڕی ترسناك و دڕندەیی. بۆیە له سەرچاوەیەك وا دەڵێت (هۆلۆکۆست مەعریفە و بوونی مرۆڤایەتی خستووەتە ژێر پرسیارەوە...!) دەبێت چ بیر و هۆشێك؟ چ کەسایەتییەك و مرۆڤێك؟ ڕێگە به خۆی بدات ئەم تراژیدیانە وە بەرهەم بهێنن! مەعریفەی مرۆڤ و هۆشمەندی مرۆڤ، له بەرامبەر ئەم کارەسات و تراژیدیانە چ مانا و بەهایەکیان دەمێنێت...؟!

لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە و ڕامان و قووڵبوونەوە لەم کارە نامرۆییە و بەتایبەت، ئاکامی شەش ملیۆن قوربانی، یەکسەر ئەو پرسیارە به خەیاڵی خوێنەردادێت، باشە ئەم تاوانە بۆ...؟ هۆلۆکۆست بۆ؟ شەش ملیۆن قوربانی بۆ؟! دوای سێرچ و بەدواداگەڕان سەرچاوەکان بەم شێوەیە باس له هۆکارەکان دەکەن. ئەڵمانیا جەنگی یەکەمی جیهانی دەدۆڕێنێت، هۆی ئەم دۆڕاندن و شەرمەزاربوونەیان، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە گوایە، جولەکەکان وەك پێویست سەپۆرت و پاڵپشتی ئەڵمانیایان نەکردووە، هۆکارێکی تر گوایە ژێر بەژێر خەریکی ڕکابەری و موئامەرەن لەسەر گەلی ئاری... لەلایەکی تر، جولەکەکان بۆ باشتربوونی ژیانیان و بەدەستهێنانی ئومێد و خواستەکانیان له هەڵبژاردن دەنگیان به کۆمارییەکان دەدا، نەك حیزبەکەی هیتلەر.

بە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ٥ی جانیوەری پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا دادەمەزرێت، هیتلەر لە ١٦ی سێپتەمبەر دەبێتە ئەندامی ئەم حیزبە، لە ٢٤ی فێبریوەری ئەم حیزبە لە پلاتفۆرمێك ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ "پارتی کرێکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا" (NSDAP) دواتر دەبێت بە حیزبی نازی. هیتلەر لە ساڵی ١٩٢١ دەبێتە سەرۆکی ئەم حیزبە... لەنێو ئەم حیزبەدا باڵی ڕاست و چەپی تیا دەبێت، بەڵام لەژێر کاریگەری هیتلەر و هاوبیرانی، باڵی ڕاست تەواو سایە بەسەر حیزبدا دەکات و حیزب بە ئاقاری ڕاستدا دەبەن. لەوساوە ڕا بیری ئەنتی سیمیتیزم، واتە ئەنتی جولەکەیی لەپاڵ مەسەلە نەتەوەیی و گرینگەکان دەخەنە بەرنامەی حیزبەوە، لە بەرنامەکان و لە میدیاکان، بە تایبەت هیتلەر، لە دیمانە و وتار خوێندنەوەکان، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هێرشی دەکردە سەر جولەکەکان، تا ئاستی ئەوەی لە هەموولایەك، بە خائین و دژ بە نەتەوەی ئەڵمانیان دەناساندن... تا وای لێهات ئەم بیرکردنەوەیە ببوو بە بیرکردنەوەی هەموو نەتەوەی ئەلمانیا، هەموو خەڵکێك بەم چاوە سەیری جولەکەکانیان دەکرد، ئیتر تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٩ ئەم پلانی تۆڵەسەندنەوە لە جولەکەکانیان خستە پراکتیکەوە و لە ئاکامدا تراژیدیای هۆڵۆکۆست ڕوویدا و شەش ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە...!



- کورتەیەك دەربارەی نووسەر

ئیلی ویسل لە ٣٠ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٢٨ لە خێزانێکی جولەکەی ئایینپەروەر، لە شاری سایت، کە ئێستا سەر بە ڕۆمانیایە دێتە دونیا. لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ جولەکەکانی تری ئەورووپا لە شارەکەیان دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکان... ئیلی یەکێکە لە بەشداربووانی کارەساتی هۆڵۆکۆست... لە کەمپەکان باوك و دایك و خوشکە بچووکەکەی دەمرن... خۆی و دوو خوشکە گەورەکەی ڕزگایان دەبێت. دوای ئازادبوونی ماوەیەك لە هەتیوخانە دەمێنێتەوە، لە ساڵی ١٩٤٨ دەڕواتە فەڕەنسا لە زانکۆی سۆربۆن (Sorbonne) لە فەلسەفە دەخوێنێت. هەر لەو ساڵەدا، دەست بەکاری ڕۆژنامەنووسی دەکات. لە ساڵی ١٩٥٨ یەکەم ڕۆمانی خۆی بە ناوی (شەو) بەچاپ دەگەیەنێت. تا ئێستا نزیکەی چل کتێبی هەیە، هەندێك لە ڕۆمانەکانی ڕووداوی ڕاستەقینەن. لە کتێبەکانی مامەڵە لەگەڵ مەسەلە مرۆییەکان و هۆڵۆکۆست و ئایین و ئاشتی و ئازادیی مرۆڤدا دەکات. لە ساڵی ١٩٦٩ ناسنامەی ستیزن هاوڵاتی ئەمریکی وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ ماریۆن ژیانی خێزانی پێکدەهێنێت. لە ساڵی ١٩٧٢ یەکەم منداڵیان دەبێت. لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە مامۆستا و پرۆفیسۆر لە زانکۆی بۆستن Boston لە ئەمریکا، هەروەها بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەبێتە سەرۆکی کۆمیسیۆنی هۆڵۆکۆست، ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی دەبێت لە سیاسەت و جێگەوڕێگەی جولەکەکان چ لە ئسرائیل چ لەسەر ئاستی دونیا. لە ساڵی ١٩٨٥ مەدالیای زێڕی کۆنگرێسی ئەمریکی وەردەگرێت... لە ساڵی ١٩٨٦ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەردەگرێت. ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا لە ژیان بەردەوامە و لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدایە.


بەفرانباری ٢٠١١

سەرچاوەکان:

-Night
Elie Wiesel
A New Translation by
Marion Wiesel

-THE HOLOCAUST
JACKR FISCHEL

-GENOCIDE
A GROUNDWORK GUID BY
JANE SPRINGRE




**دەنیز لێڤەرتۆڤ و شیعری سیاسی**

## دەنیز لێڤەرتۆڤ و شیعری سیاسی

### - سیاسەت لەنێو شیعر وەك فۆڕمێكی جیا



دەنیز لێڤەرتۆڤ، ژنە شاعیری ئەمریكی بە ڕەچەڵەك بەریتانی، یەكێكە لە شاعیرە ناودارەكانی ئەمریكا، بەتایبەت لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە... یەكێكە لە ڕیزی شاعیرانی (قوتابخانەی چیای ڕەش)... لە پاڵ ولیەم كارلۆس ولیەم و ڕۆبەرت كریلی و چارلس ئۆلسن و ڕۆبەرت دانكان ناوی دێت. دیارە لەم دەورانەدا قوتابخانەی چیای ڕەش وەك قوتابخانەیەكی ئەدەبی و هونەری ڕۆڵی سەرەكی بینیوە لە نوێبوونەوە و بەرەوپێشەوەچوونی شیعر و ئەدەبیاتی ئەمریكی... هاوكات لەگەڵ شاعیرانی تری هاوچەرخ



گەشەیان بە بیری نوێ و بیری مۆدێرنیزم داوە، هەمیشەش لە پێشبڕكێ و ململانێدا بوون لەگەڵ ستایلی كۆن و نەوەكانی پێش خۆیان. لێڤەرتۆڤ یەكێك لەو شاعیرە نوێخوازانە بوو، كە هەمیشە بیری نوێخوازی و پێشكەوتنخوازی لەنێو شیعرەكانی دەبیندرا. لە هەمانكاتیش لە گۆشەكانی جوانی و مرۆڤدۆستییەوە لە ژیانی دەڕوانی... چونكە لێڤەرتۆڤ باوەڕی وابوو، (هیچ ڕووبەرێك یان سنوورێك لەنێوان ژیان و هونەردا نییە)... لەلای ئەم خانمە شاعیرە شیعر و ژیان هیچ سنوورێكیان لەنێواندا نەبووە... شیعر نەیتوانیوە هیچ پێناسەیەك و مانایەك لەخۆ بگرێت، جگە لە هاوشان و هاوتاكردنی بە ڕووبەری بەرینی ژیانەوە... لێڤەرتۆڤ لەنێو ئەم ڕووبەرە بەرینەوە كاری لەسەر شیعر و داهێنان و زمان و چەمكی جوانی دەكرد... بەو پێیەی شیعر لەم ڕووبەرە فراوانە كاردەكات، بۆیە دەتوانێت هەموو بابەتێك لەخۆ بگرێت، بەڵام پێویستە لەژێر دەسەڵاتی شیعر و زمانی شیعریدا بێت. لەنێو شیعرەكانی لێڤەرتۆڤ سیاسەت ڕووبەرێك و شوێنێكی بەرچاوی هەبووە، بەڵام سیاسەت دەنگ و ڕەنگ و جوانییەكانی شیعری نەشێواندووە. لەگەڵ ئەوەی شیعری سیاسی زۆر نووسیوە، بەڵام بە چڕی ئیشی لەسەر زمانی شیعر كردووە... چونكە لەلای ئەو زمان تەنها ئامرازێك نەبوو بۆ گەیاندن، بەڵكو زمان ئامرازێك بوو بۆ داهێنان و نوێبوونەوە هاوكات سەرچاوەكیش بوو بۆ جوانی. بۆیە لێڤەرتۆڤ لە نووسینی شیعرە سیاسییەكانی هیچ دوودڵییەكی نەبوو، چونكە لە ڕوانگەی ئەودا، چەمكی سیاسەت مانایەكی تری هەبوو. ڕەنگە ئەمەش كرۆك و مەبەستی ئەم نووسینەمان بێت. بە مانای پێشاندانی دیوێكی تری چەمكی سیاسەت لەنێو پانتایی ئەدەب و هونەردا. ئەوەتا لێڤەرتۆڤ لە دیمانەیەك لەگەڵ ئێ گی بڕۆوس لە ساڵی ١٩٦٨دا، زۆر بە ڕۆشنی دەڵێت (من وا هەست دەكەم شیعر منی بەرەو سیاسەت برد، نەك سیاسەت وای لە من كردبێت شیعر بنووسم...!)، كەواتە لێڤەرتۆڤ لە ڕێگەی شیعرەوە بە سیاسەت ئاشنا بووە، لە ڕێگای شیعرەوە لە دەرگای سیاسەتی داوە... واتە پێشوەخت نە كەسێكی سیاسی و نە هەڵگری هیچ بیروباوەڕێك و ئایدیۆلۆژیایەكی سیاسی بووە. لەگەڵ ئەوەش سیاسەت لەنێو شیعرەكانی ئەم ڕووبەرێكی بەرینیان داگیركردووە، بەڵام بە ئاگاهانە كاری لەسەر ئەم تێزە شیعرییانە كردووە، شیعرەكانی خۆی نەخستووەتە خزمەت هیچ ئایدیۆلۆژیایەكی دیاریكراوەوە. كەواتە سیاسەت لەنێو شیعرەكانی ئەو فۆڕمێكی تر و مانایەكی تریان هەبووە. دەتوانین بڵێین، سیاسەت لەنێو شیعرەكانی ئەو (هاواری ویژدانی مرۆڤایەتی بووە بۆ جوانكردنی ژیان، وەستانەوە بووە لە دژی هەموو شەڕ و كاولكارییەكان و شتە ناشیرینەكان)، كە ئەمەش ئامانجێكی بنەڕەتی شیعر و

ئەدەبە، چونکە زۆربەی شیعرە سیاسییەکانی لە دژی شەڕ بوون... هاوارێك بوون بۆ نیشاندانی ئافاتەکانی شەڕ و کوشتنی مرۆڤی بێتاوان و توندوتیژییەکان و وێرانبوونی بنەماکانی مەدەنییەت و ژیان... ئەم هەولانەش لە بەرگێکی ئێستەتیك و هونەریدا... لەوکاتەشدا شەڕ و هێرشەکانی ئەمریکا لە دژی ڤێتنام لەئارادا بوو... شەڕی ئەمریکا لە دژی ڤێتنام لە سەرتاسەری دونیا ویژدانی مرۆڤایەتی هێنابووە هاوار و هەژان، نووسەران و ڕۆشنبیران لە ئەمریکا و شوێنەکانی تری دونیا هاتبوونە دەنگ، لێڤەرتۆڤیش یەکێك لەو دەنگە دیار و بەرچاوانە بوو... چونکە ئەو لە نەوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو و لە ساڵەکانی جەنگدا، دەچێتە خولی برینپێچی و دوای تەواوکردنی ماوەی ڕاهێنان، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کاری برینپێچی دەکات، بۆیە لە نزیکەوە کاریگەرییەکان و تراژیدیای شەڕی بینیبوو... و لە هەمووکەس زیاتر ئەوەی لەلا ڕۆشن بوو، کە شەڕ چ ماڵوێرانییەك و ئافاتێکی بەدواوەیە...! نووسینی شیعری سیاسی و وەستانەوە لە دژی شەڕ لەلای ئەم شاعیرە تەنها هەستێکی بەرزی مرۆیی بوو. دوور لە هەر مەبەست و مەرامێکی مادی و تاکەکەسی...! بۆیە سیاسەت لێرەدا، فۆڕمێك نییە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بێت و بۆ بەرژەوەندی و خۆزگە تاکەکەسییەکان بەکاربێت...! خودی لێڤەرتۆڤ خۆی بەوە گەیشتبوو کەوا (سیاسەت و جوانی و شیعر) ناتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن، بەومانایەی، ناتوانن بەیەك ئاراستە بڕۆن. بەمانای ناتوانین سیاسەت وەك خۆی یان سیاسەت لە بەرگە گشتییەکەیدا بهێنینە نێو شیعر! بە مانایەکی تر، تەنها دەتوانین ئیش لەسەر دیوە جوانەکەی سیاسەت بکەین لەنێو شیعر و ئەدەبدا...! لێرەدا دەتوانین بڵێین **(سیاسەت لە شیعردا یان فۆڕمی سیاسەت لەلای شاعیر جیاوازە لەگەڵ فۆڕمی سیاسەت لەلای ئاکتیڤیستێك یان ئایدیۆلۆژیستێکی سیاسی...! سیاسەت لە شیعردا، جێگای درۆ و فێڵ و تەڵەکەبازی و یاریکردن بە چارەنووسی کۆمەڵگە و سەوداو مامەڵەکردن بە مەسەلە چارەنووسسازەکان و کوشتنی مرۆڤ و زەوتکردنی ئازادییەکانی تیا نابێتەوە...! سیاسەت لە شیعردا، جێگای خەونە پیسەکانی بوون بە کارێزمای تیا نابێتەوە...! سیاسەت لە شیعردا، لەگەڵ جوانی و بەها مرۆییەکان بە هێڵێکی تەریب دەڕۆن... لەگەڵ ئومێد و خەون بینین بە دونیایەکی جوانتر و باشتر تەریب دەڕۆن...! سیاسەت لە شیعردا، فۆڕمێکە تیایدا، مرۆڤ پڕ بەهاترین و پیرۆزترین بوونەوەرە...!)** ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لێڤەرتۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەشی زۆربەی کاتەکانی خۆی تەرخان کردبوو لەپێناو دەستەبەربوونی ئازادی و ڕزگاری ژنان و لە زۆربەی



چالاکی و ڕێپێوانەکانی بە دژی شەڕ بەشداری دەکرد، تا ئەو ئاستەی ئامادەبوو قوربانی بە ژیان و هەموو شتێکی خۆی بدات... لە ساڵانی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ مێردەکەی لەنێوەندی چالاکییەکاندا لێڤەرتۆڤ وەك سیمبوڵی نارەزایەتییەکان ناسرابوو. تەنانەت تووشی زیندانیکردنیش ببوو. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا، ڕوانگە و بیرکردنەوەکانی لێڤەرتۆڤ چ بۆ ئەدەب و داهێنان و چەمکی ئیستاتیکا و تەنانەت سیاسەتیش، لە ئێریش فریدی شاعیرەوە زۆر نزیکە، بەتایبەت هەردووکیان لە نەوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانین... هەردووکیان خاوەن داهێنانی جوانن، شیعری سیاسییان نووسیوە، لە دژی شەڕ هاتوونەتە دەنگ، لەم پێناوەدا زیندانی کراون زۆرێك لە بیرکردنەوە و هەوڵەکانیان لەیەك دەچێت.

لێڤەرتۆڤ شیعرە سیاسییەکانی خۆی لە سێ کتێب بە چاپ گەیاندوون.

١- The sorro dance

٢- To stay alive

٣- Life in the forest

لێڤەرتۆڤ یەکەم شیعری سیاسی خۆی لە دژی شەڕ لە ساڵی ١٩٦٦ بە ناوی (ژیان لە شەڕدا) نووسیوە. لەم شیعرەیدا، لەنێو وێنە و خەیاڵەکانی ژیانی دوکەڵاوی شەڕی کێشاوە. لەنێو ئەم ڕووبەر و سپەیسە دوکەڵاوی و خۆڵەمێشییەدا، باس لە هەناسەدان دەکات، هەناسەدان لەم ڕووبەرەدا مانای ژیان دەگەیەنێت، واتە ژیان لەژێر سابات و چەتری شەڕدا چەندە نا تەندروست و نامۆ دەردەکەوێت؟ بە زمانێکی زۆر چڕ ئەم شیعرەی نووسیوە، واتە لەنێو پانتایی زمان زۆر چڕ بووەتەوە... لە پشت کۆد و وێنەکان تراژیدیایەکی زۆر خەمناك ئامادەیی هەیە، هەموو ئەو شتانە دەبینی کە بەهۆی شەڕەوە جوانییەکانیان لەدەست دەدەن، ژیان بەهۆی شەڕەوە چەندە ناشیرین و قێزەوەن دەردەکەوێت؟! لە دێڕەکانی کۆتایی ئەم شیعرە دەڵێت (ناتوانین ئەو شتانە بڵێین کە ئاشتی هەیەتی، یان ئاشتی دەیڵێ) بەمانای لە کاتی شەڕدا ئاشتی ناتوانێت ئەو ئارامییە ڕۆحییە و ئەو بەختەوەرییەمان پێببەخشێت... ناتوانین بە زمانی ئاشتی قسە بکەین... ئاشتی لە کاتی شەڕ لە قسەیەکی تووڕەهات هیچیتر نییە بەمانایەك هیچ ئامادەییەکی نییە... ئاشتی و شەڕ لە دوو ڕووبەر و لە دوو وەرزی جیاوازن... ئاشتی و شەڕ هەمیشە بە دوو ئاراستەی پێچەوانە ئاراستە وەر دەگرن... دەبینین لەگەڵ ئەوەی بە زمانێکی چڕ دەنووسێت، بەڵام لە هەمانکاتیش هێندە پڕ سۆز و کاریگەرانە دەنووسێت دەیەوێت خوێنەر بهێنێتە نێو خەیاڵ و هەست و شعورەکانی خۆی... لەئاکامدا وا دەکات هەر تاکێك کاردانەوە و وەڵامی هەبێت. بەمانایەکی دی، دەیەوێت

خوێنەرەکانی بهێنێتە قسە...! لەم شیعرە و لە زۆربەی شیعرە سیاسییەکانیدا، ڕاناوی ئێمەی کۆ زۆر بەکار دەهێنێت... ئەمەش دەلالەت لەو ڕەهەند و دەنگە مرۆییەی دەکات کە لەنێو شیعر و بیرکردنەوەکانی بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێن... خۆی بەشێك لە کۆمەڵگە و بەشێك لە تەواوی مرۆڤایەتی دەبینێت...! هەرچەندە دەنیز لێڤەرتۆڤ شیعری سیاسی زۆر نووسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، داوا ناکات هەموو کەسێك شیعری سیاسی بنووسێت... ئەو پێی وایە شاعیران چۆن ئارەزوو دەکەن با وا بنووسن... ئەوەتا لە ساڵی ١٩٩٥ لە دیمانەیەکدا دەڵێت (من داوا ناکەم هەموو شاعیرێك دژ بە شەڕ بنووسێت، وەك ئەوەی "وات ئۆتمان" لە شەڕی ئەهلی نووسیویەتی لە هەمانکات "ئیمیلی دیکنسۆن" نەینووسیوە...)، چونکە لێڤەرتۆڤ هەر ئەوە نییە شیعری سیاسی نووسیبێت، بەڵکو شیعری ڕۆمانسیشی زۆر نووسیوە... بابەتەکانی عەشق و جوانییەکانی سروشت و داب و نەریت و خێزان و ئایین و باوەڕی بە خودا و... زۆر بابەتی تر کاریگەری زۆریان بەسەرییەوە هەبووە و لەنێو شیعرەکانیدا ئەم کاریگەرییانە بە تۆخی ڕەنگیان داوەتەوە... هەر بۆیە پێیان وابووە کە لێڤەرتۆڤ ئەو شاعیرەیە کە تێکەڵاوییەکە لەنێوان (مۆدێرنیزم و نیۆ ڕۆمانسیزم).

لێڤەرتۆڤ خۆی شاعیرێکی بەتوانا و توانایەکی خۆڕسکی هەبووە بۆ شیعر و داهێنان، بەڵام لە هەمانکاتدا، سوودی زۆریشی بینیوە لە شاعیرەکانی تر، هەمیشە سەرسام بووە بە داهێنانەکانیان. هەر لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە چەند شیعرێکی خۆی بۆ "ت س ئیلیۆت" دەنێرێت و ئەویش زۆر گرینگی بە شیعرەکانی دەدا و لە وەڵامنامەیەکی دوو لاپەڕەییدا ئامۆژگاری و تێبینی زۆر جوان و پڕ بەهای بۆ دەنێرێتەوە... کاریگەری ئەم نامەیە لەسەر تەواوی تەمەنی شاعیرێتی دەمێنێتەوە. دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنێت و دەچێتە ئەمریکا، لە ڕێگەی هاوسەرەکەیە زۆرێك لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەوسەردەمە دەناسێت و لە پەیوەندییەکی دۆستانەی نزیکدا دەبێت لە گەڵیاندا... بەتایبەت لەگەڵ ویلیەم کارلۆس ویلیەم، زۆر سەرسام دەبێت بە شیعرەکانی تا ئەو ئەندازەیەی دەڵێت (ویلیەم کارلۆس یەکێکە لەوانەی کە زمانی ئەمریکی پێبەخشیم...!) و هەمیشە لەسەر شیعر و بابەتە ئەدەبییەکان نامە دەگۆڕنەوە، لە دواییشدا نامەکانیان کۆدەکرێنەوە و لە کتێبێکدا چاپ دەکرێن. لێڤەرتۆڤ لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ساڵی ١٩٦٠ دەبێتە یەکێك لە شاعیرە هەرە دیارەکانی ئەمریکا، شیعر و داهێنانەکانی زۆر جێگەی بایەخی لێکۆڵەرەوان و ڕەخنەگران دەبێت، تا ئەو ئەندازەیەی گۆلد کلایمێتی ڕەخنەگر دەڵێت (لێڤەرتۆڤ و ئەدەبی ئەمریکی وێنەیەکن ناتوانین لە یەکتری جیایان بکەینەوە...!) بەو مانایەی، شیعر و داهێنانەکانی لێڤەرتۆڤ تا ئەو ئەندازەیە کاریگەری بەسەر ئەدەبی ئەمریکییەوە هەیە.



## - سەما وەك دەقێکی شیعری

لێڤەرتۆڤ جگە لە کاری نووسین و شیعر، سەماکارێکی لێهاتوو و بەتواناش بووە. بە قووڵی و تامەزرۆییەکی زۆرەوە خەریکی ئەم هونەرەش بووە. حەز و ئارەزوویەکی بێوێنەی بۆ سەماکردن هەبووە. لەکاتی سەماکردن، وەك نووسینی شیعر ڕۆدەچوو بە نێو دونیای خەیاڵ و تێکەڵ بە خەم و خولیا و دەستلەملانێی غەریزەکانی دەبوو... سەما بۆ ئەو ئەو شتە ڕوحییە بوو وەکو شیعر دەیگەیاندە ڕووبەرە نادیارەکان و بەهۆیەوە لەنێو خەون و حەزەکانی دەتوایەوە... بە عەشقەوە سەمای دەکرد و خۆشەویستییەکەشی بۆ سەما، خۆشەویستییەکی ئەفسووناویی بووە...! "هێنری جەیمس" پێیوابوو (نووسین لە تێرمی نیگارکێشانە) لێڤەرتۆڤیش پێیوابوو (نووسین لە تێرمی سەمایە)... بۆ لێڤەرتۆڤ نووسین و سەما نزیکایەتییەك و تێکەڵاوییەکی زۆریان هەیە بەیەکەوە. لەنێو نووسینیش بە تایبەت شیعر... یان سەمای وەك دەقێکی شیعری چاولێدەکرد... لە دیمانەیەك باس لەوە دەکات (کەوا شیعر بیرکردنەوە و هەستکردنە وەکو سەما) یان پێیوابوو، وەك چۆن ڕامانێکی قووڵ و خەون و خەیاڵ پێکهاتەی کاران لە شیعر، سەماش بە هەمان شێوە...! یان دوورکەوتنەوە لە چرکەساتەکانی ئاگایی و مانەوە لەنێو ڕووبەرەکانی خەیاڵ... لێڤەرتۆڤ پێیوابوو، ئەگەر شیعر لە ڕێگەی زمانەوە ئەم ڕووبەرە پڕ دەکاتەوە، ئەوا سەماش بەهۆی ڕۆیشتن و خۆبادانەوە، واتە بەهۆی (جەستە و جووڵەوە)... واتە "خۆبادان و جووڵەی جەستە" زمانی سەمایە...! جووڵەی جەستە، وەك وشە یان کۆدێك تەعبیر لە شتێکی دیاریکراو دەکات. یان جووڵە و خۆبادانەکان وەك وێنەی شیعری پێویستیان بە شیکردنەوە و ڕامان و بە دواداچوون هەیە. هەر بۆیە لێڤەرتۆڤ دەیگووت (سەما مەعریفەی نێوان وشەکانە...!). دیارە هەموو دەقێکی ئەدەبی خۆی لەخۆیدا، بریتییە لە دەقێکی مەعریفی، کۆمەڵێك خەیاڵ و بیرکردنەوە و ڕامانی مەعریفی لەخۆ دەگرێت. لێڤەرتۆڤ بەم هەست و نەستەوە سەیری سەمای کردووە و هەروەك دەقێکی شیعری مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. هەردەقێکیش لە بەرگە گشتییەکەیدا هەروەك "جولیا کریستیڤا" دەڵێت (ئامرازێکی زمانەوانییە یان لەژێر سیستمێکی زمانەوانی بەڕێوە دەچێت...) لێڤەرتۆڤ سەمای بەم ئامرازە زمانەوانییە چاولێکردووە... جووڵە و خۆبادانی جەستەی بە ئامرازی زمان لێکچواندووە. لەلای ئەو سەما وەکو هەر دەقێك لەژێر سیستمێکی زمانەوانی بەڕێوەدەچێت و پڕیەتی لە وێنە و کۆد و دیمەنی ناڕۆشن. ئەم بەرئەنجام و ڕوانینانەش هەمووی لە

ئاكامی قوولّبوونەوە دەستەبەر دەبوون... وەك چۆن ڤانكوخ لە كاتی ئیشكردندا، هێندە لە ڕەنگەكان ڕادەما تا ئەو ئاستەی وایدەزانی ڕەنگەكان دەنگیان هەیە...! بەمانایەك لەلای ڤانكوخ ڕەنگەكان وەقسە دەهاتن... لای لێڤەرتۆڤیش بە هەمانشێوە، لەكاتی سەما جەستەكان قسەیان دەكرد، زمانی جەستە زمانی تەعبیر لە خەون و خولیاكان بوو، زمانی ناسینەوە و دەربڕینی ناوەوە بوو... وەك چۆن شاعیران خۆیان دەنووسنەوە، سەماكارەكانیش لەكاتی سەماكردندا بە جەستە و جووڵەكانیان خۆیان نمایش دەكەن، ناوەوەی خۆیان و تەعبیریان لە حەز و غەریزەكان و پێكهاتەی دەروونی و تەنانەت كەسایەتی خۆیان دەكەن، بەمانایەك، حەقیقەتی خۆیان نمایش دەكەن...!



## - كورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەكانی دەنیز لێڤەرتۆڤ (١٩٢٣- ١٩٩٧)

لە ٢٤ی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٢٣ لە ئینگلاند لەدایك بووە. باوكی جولەكەیەكی ڕوسی بووە، ئەوكاتانەی لە ئەڵمانیا كە لە زانكۆ دەیخوێند چووەتە سەر ئایینی مەسیحی. لێڤەرتۆڤ بە منداڵی نەچووەتە قوتابخانە هەر لە ماڵەوە فێری نووسین و خوێندنەوە بووە. دایكی لە ماڵەوە كتێبەكانی وێلا كاسێر و جوزێف كۆنراد و چالز دیكنز و لیۆ تۆلستۆی بۆ دەخوێندنەوە. هەر لە منداڵییەوە دەست بە خوێندنەوەی شیعر و نووسینی شیعر دەكات... لەنێوان تەمەنی حەڤدە و بیستویەك ساڵیدا یەكەم بەرهەمە شیعری خۆی لە دیوانێك بە ناوی (The double image) كۆدەكاتەوە و لە ساڵی ١٩٤٦ بە چاپی دەگەیەنێت. ئەوكاتە هێشتا هەر لە ئینگلاند دەژیا. لە ساڵی ١٩٤٧ شوو بە نووسەر و ڕۆشنبیرێكی ئەمریكی دەكات بە ناوی میشێل گودمان. ساڵێك دوای هاوسەرێتییەكەیان دەڕۆنە ئەمریكا لە شاری نیۆرك ژیان بەسەر دەبەن. لێڤەرتۆڤ لە ساڵ ١٩٥٥ ستیزنی ئەمریكی وەردەگرێت و دەبێت بە هاوڵاتییەكی ئەمریكی. هەر لە ڕێگای داهێنانەكانییەوە بۆ ماوەیەكی كورت ئیمیرسۆن و ئەزرا پاوەند و ولیەم كارلۆس ولیەم دەناسێت... لە ڕێگای مێردەكەشییەوە ڕۆبەرت كریلی و زۆربەی شاعیرانی قوتابخانەی چیای ڕەش دەناسێت و لە پەیوەندییەكی نزیكدا دەبێت لە گەڵیاندا. لەو سەردەمانە زۆربەی شیعرەكانی خۆی لە گۆڤاری (Black Mountain Review) بڵاو دەكردەوە، كە گۆڤارێكی سەرەكی نووسەرانی قوتابخانەی چیای ڕەش بوو، سەرنووسەرەكەشی ڕۆبەرت كریلی بوو. لێڤەرتۆڤ هەر لە سەرەتای دەستپێكردنی نووسین، ئومێد و خۆزگەی گەورەی دەبێت بۆ داهێنان، بە خولیا و عەشقێكی بێوێنەوە شیعرەكانی دەنووسی، بۆیە هەر زوو ئەو مەبەستەی خۆی دەپێكێت و لەقەبی شاعیرێكی داهێنەر و نوێخواز بۆخۆی بەدەست دەهێنێت. بۆیە دەبینین لە ساڵی ١٩٥٠ تا ساڵی ١٩٦٠ یەكێك لە شاعیرە هەرە ناسراوەكانی ئەمریكا دەبێت. لە ئەمریكا لە ساڵی ١٩٥٦ كتێبی (Here and Now) بڵاودەكاتەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ كتێبی (Overland to the Islans)، لە ساڵی ١٩٦٨ كتێبی (With Eyes at the back of Our Head) بڵاو دەكاتەوە... لێڤەرتۆڤ بەم سێ كتێبە یەكبەدوایەكە، لە ئاكامی ئیشكردن لەسەر ستایلی نوێ و گرینگیدان بە زمان و ڕەگەز و پێكهاتەكانی تری شیعر، توانی مۆری داهێنان و

نوێخوازی خۆی لە شیعر و ئەدەبی ئەمریکی بدات و بە یەکێك لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئاڤان گرەید و مۆدێرنیست ناوی بهێندرێت. لیڤەرتۆڤ لە پاڵ شیعری خۆشەویستی و لیریکی و شیعری بەرگری و سیاسی زۆر نووسیوە، لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەمان باسی شیعرە سیاسییەکانمان کردووە. وەکو ئاکتیڤیستێك هەمیشە لە ناوەندی نارەزایەتییەکان ئامادەیی هەبووە، بەتایبەت نارەزایەتییەکانی دژ بە شەڕی ڤێتنام. وەکو شاعیرێك یارمەتی زۆری ژنە شاعیرە فیمینیستەکان و ژنە شاعیرە ئاکتیڤیستەکانی تری دەدا، سەپۆرتی دەکردن و یارمەتی دەدان لە بڵاوبونەوە و چاپکردنی کتێبە شیعرییەکانیان. هەروەها زۆر بە قووڵی لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی بووە، بەتایبەت باوەڕی بە بوونی خوا، لەمبارەوەش شیعری نایابی نووسیوە، یەکێك لەوانە لە شیعری mass سەرسامی خۆی نیشان داوە، لە بەرامبەر گەورەی و بەخشندەیی و داهێنانەکانی خودا...

لیڤەرتۆڤ لەپاڵ نووسینی شیعر، بۆ بژێوی ژیانی خۆی ئیشی جوراوجۆری کردووە، وەکو: بۆ ماوەی سێ ساڵ کاری برینپێچی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانی لەندەن، ئیشکردن لە بازاڕێك بۆ فرۆشتنی شتی کۆنی گرانبەها، کتێب فرۆشتن... بۆ ماوەی سێ مانگ گوتنەوەی وانەی ئینگلیزی لە هۆڵەندا، یان لە هەندێك لە زانکۆ و پەیمانگەکانی ئەمریکا وەك پرۆفیسۆر و مامۆستا دەرسی شیعر و گرافیکی دەگووتەوە، هەندێك لەوانە زانکۆی سیتی لە نیۆرك، زانکۆی کالیفۆرنیا، کیرکلاند کۆلیج و زۆر شوێنی تر... لیڤەرتۆڤ لە ماوەی ژیانیدا زیاتر لە بیست کتێبی شیعری بە چاپ گەیاندووە ئەوە جگە لە پەخشان و لێکۆڵینەوە و هەندێك کاری وەرگێڕانیش... هەروەها لە بەرامبەر داهێنانە شیعرییەکانی و وەك ڕێزلێنان، ئەم خەلاتانەی وەرگرتووە. خەلاتی شیلی میمۆریەل، مەدالیای رۆبێرت فرۆست، کینۆر مارشەل پرایز، خەلاتی لانان. کاسرین لوك میمۆریەل، دوایەمین خەلاتیش لەلایەن پەیمانگای هونەر و نامەکان پێی بەخشراوە. لە ساڵی ١٩٩٧ لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، لە گۆڕستانی (لەیك ڤیو) لە واشنگتۆن نێژراوە.




سەرچاوەکان:

١- Under Discussion
Denise Levertov
Edited, with on Introductio by Albert Gelpi

٢- Conversation With
Denise Levertove
Edited by Jewel spears brooker

٣- چەند سەرچاوەیەکی تری ئینتەرنێت.




**مەرگ وەك چەمكێكی فرەمانا**

**لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە)ی شێرزاد حەسەن**

## مەرگ وەك كۆدێكی فرە مانا

## لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە)ی شێرزاد حەسەن



ڕۆمانی "ژنێك بەسەر منارەوە" یەكێكە لە ڕۆمانە جوانەكانی شێرزاد حەسەن. كە لە ئاستی جیاجیادا داهێنانی گەورەی پێشكەش كردووین. بەر لەوەی باس لە خاڵە پرشنگدارەكان و ئاستی داهێنانەكانی نێو ئەم ڕۆمانە بكەین، لە تایتڵ و بەرگی پێشەوەی كتێبەكە دەست پێدەكەین. بەمانایەك خوێندنەوەمان بۆ تایتڵ و تابلۆی بەرگەكە دەكەینە دەستپێك و سەرەتایەك بۆ چوونە نێو باسەكەمان. لە "ژنێك بەسەر منارەوە"دا، منارە وەكو كۆدێك بە پێی لێكدانەوەكانی "سیگمۆند فرۆید" لە "شیكردنەوەی خەونەكان"دا، هێمایە بۆ كۆئەندامی نێر و بیركردنەوە و باكڕاوندێكی زایەندییانەی لەپشتە. لەهەمانكاتدا، بەپێی ئەم



تایتڵە دەكرێت منارە هێماش بێت بۆ هێز، یان دەسەڵاتی نێر یان دەسەڵاتی باوكایەتی... "ژنێك بەسەر منارەوە" دەكرێت هێما بێت بۆ دەسەڵاتی مێ بەسەر یان لە سەرووی دەسەڵاتی نێرەوە. ئەگەر سەیری تابلۆكەش بكەین دەبینین، "ژنێك لەژێر منارەوە" یە... بەمانایەك دەسەڵاتی مێ لەژێر یان لە خوارەوەی دەسەڵاتی نێرەوەیە...! ئەم هاوكێشە و خوێندنەوەیە، دەمانگەڕێتەوە بۆ قۆناغەكانی سەرەتای مێژوو...! ئەوسەردەمەی بە (كۆمۆنەی سەرەتا) ناویان بردووە. واتە سەردەم و ژیانی بێ چین و چەوساندنەوە. ژیانێك هەموو مرۆڤەكان تیایدا بە هەرەوەزی و بە یەكسانی ژیاون...! لەو قۆناغەی كۆمۆنەی سەرەتادا وا باس دەكرێت لەوێدا، ڕۆڵی ئافرەت لە پیاوان كەمتر نەبووە. تەنانەت نەوەكان بە ناوی دایكان دەناسرانەوە و بانگ دەكران...! بە مانایەك لەوێدا، ژنان بەسەر منارەوە بوون...! دەسەڵاتی مێ لە دەسەڵاتی نێر كەمتر نەبووە، ئەگەر زیاتریش نەبوو بێت...! بەڵام دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی كات و چوونەسەری ئاستی بیركردنەوە و وشیاری مرۆڤ و هاوكات پێشكەوتنی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان و كۆنترۆڵكردنی سەرمایە لەلایەن دەسەڵاتی نێر و گۆڕینی خاوەندارێتی لە كۆوە بۆ تاك، لەوكاتەوە كێشەی كار و سەرمایە دەست پێدەكات. ڕەگەزی نێر دەبێتە خاوەنی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان، ئیدی كۆمەڵگەی چینایەتی دەست پێدەكات و یەكەم قوربانیانی كۆمەڵگەی چینایەتیش ڕەگەزی مێ دەبێت...! ئیتر لەوساوە تا ئەمڕۆ دەسەڵاتی باوك زاڵە بەسەر دەسەڵاتی دایك...! شێرزاد حەسەن-یش لەنێو ڕۆمانەكەیدا لە شوێنێك ئەم بیرۆكەیەی باسكردووە (لەوەتەی پیاو هەیە لە سەردەمی ئەشكەوت و چاخی بەردینەوە سەرگەرمی جەنگ بووە، یان ڕاوكردن، لەوەتەی ژنیش هەیە سەربەهەش و چاوەڕێی دەست بە دوعاوە نزاو نوشتەی دونیا دەكات براو مێرد و نێرینەكانی تیرە و هۆز و بنەماڵەكەی بە سەلامەتی بگەڕێنەوە...! ل١٥٧) دیارە لەم فاكتەی سەرەوەش ئەوە دەخوێنینەوە كە لە سەردەمی چاخی بەردینەوە دیارە مەبەستی نووسەر كۆمۆنەی سەرەتایە، هەروەكو دیارە لەوساوەڕا پیاوان هەر خەریكی جەنگ و ڕاوكردن بووینە و تاكە سەرچاوەیەكی ئابووریش ڕاوكردن بووە، ئامرازەكانی بەرهەمهێنانی ئەوكاتانەش "تیروكەوان و چەقۆ و خەنجەر و شتی لەم بابەتانە بووە"... دیاریشە ڕەگەزی نێرینە خاوەنی ئەم ئامرازی بەرهەمهێنانە بووینە...! ئیدی لە ڕێگەی ئەم دەستپێكەوە دەمانەوێت لە دەرگای "ژنێك بەسەر منارەوە" بدەین. دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەكە دەبینین، ئەم هاوكێشەیەی باسمان كرد، واتە ململانێی نێوان دەسەڵاتی نێر و مێ، لە سەرەتای ڕۆمانەكە تا كۆتایی ئامادەییەكی بەردەوامی هەیە...! لەم ڕۆمانەدا، وێنەیەكی ڕۆشن و حەقیقەتی دەسەڵاتی باوكسالاری دەبینین... وەك دەسەڵاتێكی خاوەن هێز، دڵڕەق و بێڕەحم و چەوسێنەر، لە بەرامبەریشدا ڕەگەزی مێ، وەك ڕەگەزێكی ڕۆح تێكشكاو، نابووت و نائومێد، نەرمونیان، پڕسۆز و بەوەفا، مرۆڤدۆست و میهرەبان، وەك مرۆڤێكی پلە دوو لە ئاستێكی نزمتر

لە پیاو چاولێدەکرێن...! ئەگەر کەسایەتی "هۆمەر" وەك نوێنەر و سیمبولی ڕەگەزی نێرینە و یان دەسەڵاتی باوك وەربگرین، "شادی" یش وەك نوێنەر و سومبوڵی ڕەگەزی مێیینە و دەسەڵاتی دایك، دەبینین هەر لەڕووی چینایەتی و پێکهاتەی کەسایەتی و بیرکردنەوە و ڕوانینیان بۆ عەشق و ژیان و بەها مرۆییەکان و جیاوازییەکی زۆر دەبینین، تەنانەت یادەوەرییەکانیشیان...! سەرتاپای یادەشتەکانی هۆمەر خوێنی لێ دەچۆڕێت...! ئەوەتا لە دەمی شادییەوە لە شوێنێك کە باس لە هۆمەر دەکات و دەڵێت (یاداشتەکانیم خوێندەوە کە داستانی خوێن بەربوونێك بوو لەنێوان براکاندا، زۆر کوشندەتر بوو لەو خوێن بەربوونەی من، بەڵام سەفەرێك بوو بە ناو جەهەنەمدا...! ل١٩٤). هۆمەر وەك مرۆڤی چاخە بەردینەکان هەموو ژیانی لە جەنگ و ڕاوکردن بەسەربردبوو، جگە لە زمانی مەرگ و خوێن نازانێت بە هیچ زمانێکی تر قسە بکات...! یاداشتەکانی پڕبوون لە خوێن، خوێنی براکان بێت، دوژمن بێت، باڵندە و ئاژەڵەکان بێت، ژنەکان بێت...! تا ئاستێکی باش دەتوانین ئەم وێنەیە بکەینە ناسنامەی زۆربەی باوك و براکانی نێو ئەم ڕۆمانە...! لە بەرامبەردا ڕەگەزی مێیینە، ئەوانیش لەسەفەری مەرگ و خوێن دابوون بەڵام، (خوێنی هەموو دۆڕانەکان...!) ئەوان لە نیشتمانێکدا دەژین کە پێی دەڵێن (ئێرە مەملەکەتی قەیرەکچ و بێوەژنە تەنیاکانە...!) نیشتمانێك کە ماڵەکانی (زیندانێکی گەورەن بۆ خۆشەویستی...!) خەمی ژن بوون یەکێکە لە گەورەترین و ناسۆریترین خەم و کێشەکان...! مەملەکەتێك کە تیایدا، ژن بوون جگە لە ناسنامەی مەرگ یان کاڵایەکی بێبەها هیچ مانا و ناسنامەیەکی تری نییە...! نووسەری ئەم ڕۆمانە زۆر بە ئاگاهانە و وشیاریەکی پڕ مەعریفەوە ئەو پەیوەندییە مێژووییە قووڵەی نێوان ژنەکان و مەرگمان پێشان دەدات...! (خودا هاوار چ میحنەتێکە کچ بوون و ژن بوون...؟!) دیارە "شێرزاد حەسەن" وەك نووسەرێکی مۆدێرنیست و پێشکەوتووخواز، هەمیشە لە بەرامبەر دڵڕەقی و جەور و ستەمەکانی دەسەڵاتی باوکسالاری هاتووەتە دەنگ، بە دیوێکی تر، چەوساندنەوە و بێبەها سەیرکردنی ڕەگەزی مێینە بابەتێکی گرینگی چیرۆك و ڕۆمانەکانییەتی... ئەم هەست و بیرکردنەوەیەی لە ئاستێکی بەرینتر لە نۆڤلێتی "حەسار و سەگەکانی باوکم" دەبینرێت... لەوێدا، (کوشتنی باوك یان گرێی ئۆدیب) هەوێن و بیرۆکەی نۆڤلێتەکەیە. لەم ڕاستایەدا ئەم ڕۆمانەشی وەکو هەوڵێکی تر دەچێتە پاڵ هەوڵە جوانەکانی تری. لە ئاکامی خوێندنەوەی "ژنێك بەسەر منارەوە" بەوە دەگەین کەوا "منارە" وەکو کۆدێك هەمان ئەو مانایەی هەیە کە بۆ خوێندنەوەی تایتلی ڕۆمانەکە باسمان لێوە کرد. کە هێمایە بۆ کۆ ئەندامی نێرینە و باکڕاوند و خەیاڵێکی زایەندییانەی لە پشتە، ئەوەشمان باسکرد کە دیارترین کێشە و بیرۆکەی ئەم ڕۆمانەش ململانێی نێوان ڕەگەزی نێر و مێینەیە لە چوارچێوەی عەشقێکی ناکامدا، پنتی نێوان ململانێیەکەش ڕووخاندن و نەڕووخاندنی منارەیەکە... دیارە زۆر ڕەهەند و بابەتی تریش لە پشتی ئەم ململانێیە



دەبیندرێت کە دواتر باسیان لێوە دەکەین. بەپێی لێکدانەوە و تیۆرەکانی"فرۆید"یش هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەژێر کاریگەری چەمکە زایەندییەکاندا ئاراستە وەردەگرن...! ئەم ڕۆمانەش لەژێر بنەمای بیرۆکە و تیۆرەکانی فرۆید بە تایبەت لە (شیکردنەوەی خەونەکان)دا نووسراوە. کە شێرزاد حەسەن لەم ڕووبەرەدا قەڵەمێکی ڕەنگینی هەیە. لەلایەکیتر (دەقی ئەدەبی و خەون) لە ڕوانگەی فرۆیدەوە وەکو یەك وان. بەمانای دەقی ئەدەبی لە خەون دەچێت جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە...! چونکە هەردووکیان لە سەر ئارەزووە لاشعوریەکان و ئارەزووە چەپێندراوەکان ئیش دەکەن. بۆیە هێماکانی نێو ئەم ڕۆمانە یان هەر دەقێکی ئەدەبی دەکرێت بەپێی "شیکردنەوەی خەونەکان" بیان خوێنینەوە. مەبەستیشمان لێرەدا، منارە و ئەو وێنە و بارە دەروونییە چەپێندراوەی پشت هێماکانی منارەیە...! دەکرێت هەندێك فاکتی نێو ڕۆمانەکە بە نموونە بهێنینەوە. (منارەیەك لە مار، پێچ و لوول هەڵکشاو بەناو بۆشایی ئاسماندا...! ل٩)، ڕۆچوونی منارە، یان هەر قووچەکێك بەنێو بۆشایی یان جەستەی ئاسماندا...! ئەم دیمەنە جگە لە وێنەیەکی زایەندی و گەیاندنی خەیاڵ و هەستێکی زایەندییانە هیچی تر ناگەیەنێت...! یان (هەموو بەیانییەك کە لە خەو بێدار دەبێتەوە، یەکەمین شت کە بیری لێ بکەیتەوە بینینی منارەکەیە وەك ئەوەی غەریبی باڵای بکەیت و ئامادەبیت باڵاگەردانی بیت...! ل١٠)، یان لە شوێنێکی تر دەڵێت (چەند لە بێوەمێردێکی تەنیا دەچێت کە بێوەژنێکی تەنیا عاشقی بێت...!ل)، یان لە پەرەگرافێکی تردا دەڵێت (ئەوەیان نوێژی بەیانی تۆیە لە بەرامبەر منارەکەت و نەدەکرا لە یادی بکەیت و قەللای بکەیتەوە...! ل١٦)، یان (تا ئێستا بۆ یەکجاریش دڵت نەهاتووە پەردەکان دابخەیتەوە...! ل١٦)، ئەگەر لەم نموونانە بڕوانین و ورد ببینەوە بێ هیچ پێچ و پەنایەك زۆر بە ڕۆشنی ئەو مەبەست و مانایەمان دەست دەکەوێت کە لەپێشدا باسمان لێوە کردوون. بە مانای لە پشت کۆدی منارەوە، وزەیەکی زایەندی و بوخچەیەك لە غەریزەی چەپێندراو و خۆزگە و ئومێدی ئیرۆسییانە دەبیندرێن. بە مانایەکی تر، دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە پەخشکردنی بیرۆکە و تیۆرە دەروونییەکانی فرۆیدە بەسەر پێکهاتە و بیرکردنەوەی کاراکتەرە سەرەکییەکاندا، چونکە لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا دەبێت چ سیحرێکی ئەفسووناوی لەم منارەیەدا هەبێت؟ کە وادەکات شادی وەك بێوەژنێکی تەنیا و غەمبار، هەموو بەیانیان کە خەبەری دەبێتەوە یەکەمین شت دەبێت سەیری ئەم منارەیە بکات و تا ئەو ئەندازەیەی وەکو نوێژ لەلای پیرۆز بێت و نەتوانێت فەرامۆشی بکات...! یان وەکو بێوەمێردێکی تەنیا عەشقی لەگەڵدا بکات...! یان تەنها بۆ یەکجار نەتوانێت پەردەی پەنجەرەکەی دابخات نەوەك منارەکەی لێ دیار نەبێت...! ئایا هەر لەبەر ئەوەی منارەکە شوێنەوارێکی کۆن و ئەنتیکە و مێژوویەکی دێرینی هەیە و ئەمیش نیگارکێشێکی دەسترەنگینە و شتە کۆن و ئەنتیکەکانی خۆشدەوێت...؟! بەبڕوای من مەسەلەکە ئەوە نییە، تەنها لەبەر ئەوەی

منارەکە وەستایانە و هونەرییانە دروستکراوە و مێژوویەکی دێرینی هەیە و تەنانەت بووەتە ناسنامەی شارەکەیان و شارەکەشیان بەم منارەیە دەناسرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەوە بەشێکی وەڵامی پرسیارەکەمان بێت، بەڵام بەشە سەرەکییەکەی تر، ئەو خولیا و ئومێد و غەریزە چەپێندراوە زایەندییانەی کە "شادی" لە ئاکامی عەشقێکی ناکام و بێ ئەنجام لە دەستیانی داوە و چەندین ساڵە لە چاوەڕوانییەکی کوشندەدا وەك خەمێکی گەورە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت...! بە پیرۆزکردنی منارە تا ئەو ئەندازەیە دەرهاویشتەی ئەو غەریزە کەڵەکەبووانەیە کە لە هەستی نائاگایی شادی ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە...! شادی وەك نیگارکێشێك بەشێکی زۆر بابەتی سکێچەکانی لە پاڵ مەرگی پەپوولە و باڵندەکان بووەتە وێنەکێشانی منارە، منارە لە شێوەی پیاو، منارە لە شێوەی ژن بەجۆرەها شێوەی تر، ڕەنگدانەوە و کاریگەری منارە تا ئەو ئەندازەیە، تەنانەت خەونەکانیشی پڕ بووە لە منارە...! ئەوەتا لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت (هەتا لە خەوەکانیشتدا هەر منارەیە و بەسەر تۆ و ماڵەکەتدا دەڕووخێت، هەر هەموو شت لە شێوەی منارە خۆشەویستەکەی خۆتە...! ل٦٠)، هەرچەندە فاکت و نموونەکان ئێجگار زۆرن، بەڵام لەمە زیاتر پێویست بە باسکردنیان ناکات. دیمەنەکان زۆر لەوە ڕۆشنتر و ئاشکرا ترن. جگە لەوەش شێرزاد حەسەن خۆی لە ڕێگەی کاراکتەرێکی دەروونناسەوە، هێما و کۆدەکانمان لە ڕێی ئەم دەروونناسە بۆ باس دەکات. شێرزاد خۆی لە ڕێگەی ئەم کاراکتەرەوە باس لە ناوەڕۆك و سەرەکیترین هێڵەکانی نێو ڕۆمانەکەی دەکات، دەروونناسەکە دەڵێت (ئەم بێوەژنە دیارە چییەتی... عوقدەی خەساندنی هەیە و هیچی تر... بێجگە لەو کەپتە زۆرەی کە مێردە پیرەکەی نەیتوانیوە هیچی بۆ بکات، بە کورتی و بە کوردی تێر نەبووە... مەعلوومە... ئەم بەزمی مار و منارەیە جگە لەو دەردی بێبەشبوونە لە سۆز و سێکس هیچی تر نییە، ئەو ژنە لە تاو تەماعی شتێکی دیکە خووی داوەتە ئەم منارەیە... مەعلوومە چییە... خۆتان پیاون و دەیزانن جارجاریش چاوی ڕەشکە و پێشکە دەکات ماری ڕەش و سوور دەبینێ... "فرۆید" واتەنی مەسەلەکە تەعویزە کە ئەمڕۆکە لە نووسیندا بە قەرەبووکردنەوە ناوی دەبەن...! ل١١٤)، لێرەدا هیچ شتێك بە نارۆشنی نامێنێتەوە. بە مانایەك بوارێك بۆ خوێنەر نامێنێتەوە تا لە ڕۆمانەکە قووڵ بێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە بەدواداگەڕانی بۆ بکات...! بە بڕوای من شێرزاد حەسەن نەدەبوا پیازێکی سپی کراومان بداتە دەست. لە جیاتی ئەم پرۆفیسۆرە دەروونناسە دەبوایە خوێنەران لە ئاکامی ڕامان و قووڵبوونەوەیان لە دەقەکە بەم بەرئەنجامە گەیشتبان...! دیارە شێرزاد حەسەن بەوەندەش واز ناهێنێت لە شوێنێکی تر، ئەمجارەیان لە دەمی شادی-ەوە لە ڕێگەی تابلۆکانییەوە ئەم باسە دەکاتەوە و باس لە تەلاری فالووسی دەکات و دەڵێت (تەلارسازی فالووسی قوتابخانەیەکی میللی و هەم پیشەگەرانەی لێدروست بووە، کە پڕ بووە لە مەزاق و مەیلێکی شێتانە کە هەرچی درێژ و قیت



بوو شتێکە نزیك لە چووکی ڕەپی پیاو، ئەمەیان بۆ منارەکانی مزگەوت و گومەزەکانیش مەمك بن بە ڕاست دەگەڕێت، سەنعەتەکە وەها سووك و ڕەزیل بووە بە ناوی شیکاری دەروونییەوە، کە ئەگەر ئافرەتێك دەست بگرێت بە سۆندەیەکەوە بەو نیازەی باخچەکەی خۆیان ئاو بدات... ئەوە بەغالەت بردنە بە پیاو...! ل١٥٥)، شێرزاد حەسەن لەم پەرەگرافەی سەرەوە، زۆر بە ڕۆشنی ئەوە بەیان دەکات کە چ شتێك بووەتە هۆکار و پاڵنەر بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانەی، چونکە بەر لەوەی ئەوە دەروون و ڕوانگە و پێکهاتەی بیرکردنەوەی کاراکتەرەکانی بێت، من پێموایە ئەوە بیرکردنەوە و ڕوانین و خەیاڵەکانی خۆیەتی...! بە مانایەك، لە پەنا کاراکتەرەکانی حەقیقەتی باری دەروونی و ئومێد و خۆزگە و حەز و غەریزە لاشعورییە چەپێندراوەکانی خۆیمان بۆ ڕەسم دەکات...! تا ئێرە خوێندنەوەیەکی گشتی بوو بۆ ڕۆمانەکە... بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، دەمانەوێت هەڵوێستە و قسە لەسەر زمانی دەقەکە، واتە زمانی ڕۆمانەکە بکەین، چونکە من پێموایە لە هەر دەقێکدا زمان ئاستی داهێنانەکان دیاری دەکات. بە بڕوای من "شێرزاد حەسەن" داهێنانێکی ئێجگار گەورەی کردووە لەم ڕۆمانەیدا، ئەویش بەهۆی زمانی گێڕانەوەی چیرۆکەکە... زمانی گێڕانەوەکەی تا ئاستێکی زۆر خوێنەر سەرسام دەکات. کە دواتر بە درێژی قسەی لەسەر دەکەین. خاڵێکی تر کە زۆر درەخشان و بڕشتی قووڵی بە ڕۆمانەکە داوە ئەویش زەمەنی ڕۆمانەکەیە... زەمەن لەم ڕۆمانەدا تەنها (یەك ڕۆژە...!)... (بەیانییەك تا نیوەڕۆ... نیوەڕۆیەك تا ئێوارە...!) لە ڕێگای گێڕانەوە بە هەناسەیەکی درێژ زۆر درێژەوە بە زمانێکی شیرین، هەموو تەمەنی "شادی" و "هۆمەر" و چیرۆکی عەشقێکی ناکام و چاوەڕوانییەکی چەندین ساڵە و مێژووی شۆڕشی کورد لە سەردەمی شاخەوە تا ڕاپەڕین و تەنانەت دوای ڕاپەڕینیش، ڕێڕەوی ڕۆمانەکە بە ئاراستەی جیاواز و ڕەهەندی جیاواز دەبات و لە دەرگای زۆر باسی جیاجیا دەدات...! بەبێ ئەوەی خوێنەر هەست بە بێزاری بکات...! گێڕانەوەی بە هەناسە درێژییەکی لەم چەشنە، ئەگەر نووسەر وریا و زرینگ نەبێت، بەتایبەت لەگەڵ شێوەی گێڕانەوەکە و مامەڵەکردنی لەگەڵ زمان، هەر زوو خوێنەرەکانی هەست بە بێزاری و هەناسەتەنگی دەکەن...! بەڵام لە ڕۆمانی "ژنێك بەسەر منارەوە"، نەك خوێنەر بێزار نابێت، بەڵکو هەموو دەمارەکانی سۆز و عاتیفەی خوێنەر بە سەما دەهێنێت و لەنێو شاگەشکەیی و سەرسامییەکی بێوێنە ڕایدەگرێت و پڕیدەکات لە ختووکەکانی خۆشی و لەزەت...! بە بڕوای من زمانی دەق لەم ڕۆمانەدا لە ئاستێکی بەرزی داهێناندایە. کە جیاوازییەکی بەرچاو دەبینین لە گەڵ چیرۆك و داهێنانەکانی تری نووسەر. ڕەنگە بەشێك لە هۆکارەکان ئەوە بێت، نووسەر لە ڕۆماندا ڕووبەرێکی فراوانتری لەبەردەستدایە، دەتوانێت بە ڕەهەند و ئاراستەی جیاواز ئیش بکات. هەر وەك "ڕۆبەرت ستۆن" ڕۆماننووسی ئەمریکی لە چاوپێکەوتنێك، دەربارەی جیاوازی ئیشکردن لەنێوان چیرۆك و ڕۆماندا دەڵێت (من لە نووسینی

ڕۆماندا، بە ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆم و لە ڕووبەرێکی فراواندا کاردەکەم، وە مامەڵە لەگەڵ چەندین کاراکتەر دەکەم کە زۆرجاران بیرکردنەوەی جیاوازیان هەیە دەربارەی شتەکان...!)، بەڵام ئێمە مەبەستمانە قسە لەسەر زمانی ڕۆمانەکە بکەین... شێرزاد حەسەن لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی ئاسایی دەستی بردووە بۆ زمانێکی نائاسایی...! دیارە نائاسایی بە مانا ئیجابییەکەی... بە مانای خۆی لە مانا باو و جێگیربووەکان قوتارکردووە، لە پشتی وشە و کۆدەکان مانای نوێی داهێناوە...! یان ئیشی لەسەر دیوێکی تری وشەکان کردووە. هەروەك "نۆرمان جاکۆبسن" زمانناسی ڕوس، ئەرك و وەزیفەکانی زمان بۆسەر شەش تەوەر دابەشکردووە، یەکێکیان، مەسیجە، واتە گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی نووسەر بۆ خوێنەر، شێرزاد حەسەن لەم گەیاندنە داهێنانی کردووە، لەلایەك زۆر ڕۆشن و کاریگەرانە مەبەستەکەی گەیاندووە، لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەکی نوێ، واتە مانای نوێی بۆ چەمکەکان داهێناوە... هەروەك "ئەدۆنیس"یش لە دیمانەیەکدا، داهێنانەکانی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە هەوڵی داوە، پەیوەندییەکی تازە دروست بکات، بەمانایەك شتەکان سەرلەنوێ ناوبنێتەوە...! کە ئەوەش ناوەڕۆکی باسەکەی ئێمەیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا... لە سیاقی گێڕانەوەکە چەندین چەمکی فرە مانا دەبیندرێن، ئەو چەمکانە لە یەککاتدا زیاتر لە مانایەکیان هەیە... لە هەمانکاتیش بە ئاراستە و ڕەهەندی جیاواز کاردەکەن. لە سەرەتای ڕۆمانەکە لە دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشی تراژیدی لەژێر یەك کەپردا، ڕژانی خوێنمان لە دوو بار و لە دوو جەستەی جیاواز پیشان دەدات...! یەکێکیان، خوێن لە جەستەی کوکوختییەك کە بە دەستی ڕاوچییەکانەوە زامدار بووە و هەر لەوێدا لە هەناسەدان دەکەوێت و دەمرێت...! ئەوەی دووەم، چەند دڵۆپە خوێنێکە لە جەستەی "شادی" کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەڕژێ...! خودا هاوار...! ئەم چەند دڵۆپە خوێنە چی بەسەر ئەم مرۆڤە دەهێنێت و ئاراستەی ژیانی بە چ کەندەڵانێك و ڕووبەرێکی پڕ تراژیدیدا دەبات...! چ ئازارێکی ڕۆحی و چ بارێکی دەروونی شپرزە و نائارام، چ تەنیاییەکی کوشندە، چ مەرگێکی هەمیشەیی پێ دەبەخشێت...! ئاخر لە دەستدانی پەردەی کچێنی بەر لە هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و تەقلیدیدا، کارێکی هێندە ئاسان نییە...! کۆمەڵگەیەك کە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و شەرەفی تاك و خێزان و بنەماڵە و سەربەرزی و شکۆمەندی مرۆڤ لە پەردەیەکی تەنکدا ببینێتەوە...! بێگومان ئەوکەسە نیگارکێش بێت، نووسەر بێت، فەیلەسوف بێت یان هەرچییەك بێت، بێویستی خۆی تەسلیم بەو واقیع و بیرکردنەوەیە دەبێت (من کچێکی دۆڕاوم بە عورفی هەموو کەسێك...! ل٧٣)، یان هەست دەکات (جلەکانی بەری ناتوانن دایپۆشن، هەمیشە هەر ڕووتە...!) لەم ڕۆمانەدا خوێن دەبێتە سەرچاوەی دوو جۆرە مردن. مردنێك وەك ئەو خوێنەی لە جەستەی کوکوختییەکان ڕژا، بەهۆیەوە لە هەناسەدان کەوتن و مردن... ئەوەی تریان ئەو چەند دڵۆپە خوێنەی لە جەستەی شادی-دا ڕژا،



شادی-یش بەهۆیەوە دەمرێت، بەڵام مردنێك لەنێو ژیاندا بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و هەناسە دەدات، مردنێك لەنێو ژیاندا بۆ ئەبەد دەمێنێتەوە و ئیش دەکات، وەك کاراکتەرێکی زیندوو ڕۆڵی دەبێت بەسەر ئاراستەی ڕۆینەکان و ڕەنگکردنی هاوکێشەکان و بیرکردنەوەی کاراکتەرەکان و لە زۆر ڕووبەری جیاجیای تردا...! شێرزاد حەسەن ئیشی لەسەر مردنێك کردووە کە لە جۆری دووەمدا... مردنێکی زیندوو...! مەرگێکی فرەمانا، دەمێك ڕۆڵی سلبی دەگێڕێت، دەمێك ئیجابی...! ئەم ڕۆمانە چیرۆکی مەرگێکی هەمیشەیی عەشقێکی ناکامە... مەرگ لەم ڕۆمانەدا وەك ڕۆمانی (شەو)ی "ئیلی ویسل" لە هەموو کاتێك و لە هەموو جێگایەکە...! لەم ڕۆمانەدا ئەوە فێر دەبین، هەموو چەمکێك یان وشەیەك هەرچەندە لە بنەڕەتدا مانایەکی سلبی و خەمناکانەی هەبێت، دەکرێت بەشێوەیەکی تر بەکاری بهێنین مانایەکی تری پێ ببەخشین...! شادی لە ئاکامی لەدەستدانی پەردەی کچێنی لەگەڵ بەهرام-ی خۆشەویست و دوڵبەری، تەسلیم بە مەرگێکی هەمیشەیی دەبێت. بەهرام-یش هەر دوای ئەم ڕووداوە، وەك هەر کوڕێکی بێباك سەری خۆی هەڵدەگرێت و سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات، بەرەو شوێنێکی نادیار و ئاییندەیەکی نادیار دەڕوات...! شادی-یش لەگەڵ خۆیی و خەمەکانی و چەند دڵۆپە خوێنێکی وشکهەڵاتووی سەر لبادێك و ئازارێك لە چەشنی ڕۆحکێشان و تەنیاییەکی کوشندە دەمێنێتەوە...! ئیتر دوای تەمەنێکی دوورودرێژی چاوەڕوانی لەئاکامدا بۆ لە گۆڕنانی ئابڕووی تکاوی خۆیی و بنەماڵە و بەهرام-ی خاڵۆزا و دوڵبەری، دوای نائومێدبوون لە هەر ترووسکاییەك، بە ناچاری شوو بە هۆمەر-ی ڕاوچی و مرۆڤکوژ و باڵندەکوژ و ئاژەڵکوژ و ژنکوژ دەکات... هۆمەرێك دووبەرابەر لە تەمەنی خۆی گەورەتر...! کە ناتوانێت (پێخەفی ژنێکی غەمبار و دڵسارد و ڕۆح مردوو گەرم بکاتەوە...! ل١٨١)، هۆمەرێك (بەرلەوەی شووی پێبکات بۆنی مەرگی لێدەهات...!) لەڕاستیدا، بەر لە هۆمەر ئەم بۆنە لە شادی خۆیشی دەهات...! دوو جەستەی پڕاوپڕ لە بۆنی مەرگ... لە چوارچێوەی یەك ماڵدا ئاوێتەی یەکتری دەبن... کە هەر یەکێکیان خوێن لە یادەوەرییەکانی دەچۆڕێت...! گووتمان مەرگ لە هەموو شوێنێکە و لەنێو ژیاندایە و هەناسە دەدات، مەرگ چەمکێکی فرەمانایە و ڕۆڵی سلبی و ئیجابی دەگێڕێت... مەرگ بەشێوەیەك کار دەکاتە سەر بیرکردنەوەکانی شادی نیگارکێشی دەست و پەنجە ڕەنگین کەوا، پڕی دەکات لە نائومێدی، باکڕاوندی تابلۆکانی سوور سوور دەکات، یان سکێچەکانی بە خوێن و فرمێسك ڕەنگ دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆیانە شادی واز لە کاری مامۆستایەتی دەهێنێت... بەم دیوەدا مەرگ ڕۆڵ و مانایەکی سلبی دەگێڕێت...! بەڵام بە دیوێکی تر، مەرگ مانا و ڕۆڵی ئیجابی دەگێڕێت...! شادی دەڵێت (مەرگ لە مندا پاسەوانی مەرگی کەسێکی دیکەی دەکرد...! ل١٨٣)، مەرگی شادی ببوو بە پەرستار و پاسەوانی مەرگی هۆمەر...! هەوڵی دەدا هۆمەر بگەڕێنێتەوە نێو ژیان، یان مەرگی

نێو هۆمەر لە هەناسەدان نەکەوێت...! لێرەدا مەرگ ڕۆڵی فریادڕەس دەبینێت...! مانای ڕزگارکردن و بەخشینەوەی ژیانی کەسێکی تر...! ئەوەتا لەنێو ڕۆمانەکەشدا دەڵێت (سەیرە مەرگ بۆخۆی هێزی ئەوەی هەبێت ژیان بپۆشێت و خۆی برازێنێتەوە تاوەکو مردوویەکی دیکە شادومان بکات...! ل١٨٤)، لێرەدا مەرگ ڕۆڵی ئەوە دەبینێت کە مردوویەکی دیکە شادومان بکات و ڕووناکی و بەختەوەری بخاتەوە نێو دڵی، لە شوێنێکی تر مەرگ وەکو مامۆستایەك ڕۆڵی فێرکار دەبینێت...! شادی هەوڵ دەدات لە مەرگەوە فێر بێت، بەوەفا بێت و ڕێز لە بەرامبەرەکەی بگرێت، بێگوێدانە باکراوندی کەسەکان، لە دەرس و تەجرەبەکانی لەگەڵ مەرگ ئەوە فێر دەبێت کە مرۆڤ پیرۆزترین بوونەوەرە و شایستە بە ڕێزلێگرتننە، بەتایبەت ئەوکاتانەی کە ئیرادە و وزە و تواناکانی مرۆڤ دەکەونە دەستی قەدەرەوە...! شادی لە دەمی خۆی پێمان دەڵێت (لای من مەرگی هێواشی ئەم پیاوە فێری کردم کە ئاخۆ دەتوانم ببم بەو ژنە بە ئەمەك و دڵسۆزەی کە ڕێز لە پیاوێك بگرم کە قەدەر هەڵیداوەتە بەردەمی من...! ل١٨١)... ئیدی ئەوە چ گەمەیەکی زمانەوانی و داهێنانێکی پڕ سیحرە کە مەرگ ئەم هەموو ڕۆڵە جوانانە ببینێت...؟! هەر مەرگە ورە و توانا بە شادی دەبەخشێت کە بچێتە نێو شەڕێکەوە لەگەڵ مرۆڤە دەڵڕەق و کەللەپووچەکاندا، ئەو مرۆڤانەی هەمیشە خەریکی ڕاوکردن و مرۆڤکوژتن بوون... ئەو مرۆڤانەی بە بێبەها و بە چاوێکی سووك سەیری ڕەگەزی مێیان دەکرد... شادی دەڵێت (بۆ من تاکە لەزەتێك ئەوەیە بەرامبەر ئەو چەك بەدەست و ڕاوچی و جەنگاوەرە دێرینانە بجەنگم کە ئێستا بوونەتە قۆنتەراتچی و قومارچی...! ل١٥٨)... یان دەڵێت (گەورەترین دەستکەوتم لە شووکردن بەم پیاوە کە لە بینینی مەرگ بێباکی کردم یان لە تامکردن و بۆنکردنی مەرگ...!)، لێرەدا هۆمەر ڕەمزێکە بۆ مەرگ، چونکە دەمێك ساڵە لەگەڵ مەرگدا دەژی، بەهۆی ئەو ژەهرەی لە ساڵانی شاخ دەرخواردی دراوە... کەواتە لێرە مەرگ وا لە شادی دەکات لە مەرگ بێباك بێت...! باوەڕی بەخۆی بێت و توانای ئەوەی پێ دەبەخشی بۆ بەرگریکردن لە خۆی و لە ژنانی وەك خۆی یان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی و پارێزگاریکردن لەو شتەی خۆشی دەوێت، بۆی بجەنگێت، مەبەست لەو شتانەش بەپێوە ڕاوەستان و نەڕووخاندنی منارەکەیە. لێرەدا مەرگ وەك سەرچاوەیەکی توانا و وزەبەخش دەردەکەوێت...! (دواجار لەو خوێن و فرمێسکەوە زۆر شت فێربووم، توانیم دەست و پەنجەم لەگەڵ ژیان و مەرگدا نەرم بکەم...! ل١٩٣)، دوای ئەوەی ئازار و ژان و میحنەتەکان، جەور و ستەمی ژنبوون و دڵڕەقی پیاوانی ستەمکار و بێهەست و سۆز، ئازارە پڕسۆیەکەی مەرگ و مردنە هەمیشەییەکان، تەنیایی و چاوەڕوانییەکی ئەبەدی و بێئاکام... وای لێدەکەن وەکو مرۆڤێکی یاخی بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە لەگەڵ پیاوە گەندە و گەلۆرەکان بجەنگێت، بۆ یەك چرکەش خەمی تەنیایی و یان دۆڕاندن نەیڕووخێنێت...! مەرگ وای لێدەکات یان باشترە بڵێین فێری دەکات، لەزەت لەو جەنگ و



مقاوەمەتکردنە ببینێت...! بۆ سەلماندنی بوونی خۆی و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی... (من تەنها خەمم بەرجەستەکردنی جوانی بوو، جوانییەك کە خۆشنوودی لەنێو دڵەکان بەرپا بکات...! ل١٥٥)، ئێمە لە دەستپێکی ئەم باسەمان ململانێی ڕەگەزی نێر و مێینەمان پێشاندا، دواتر گوتمان ئەم ململانێیە لە سەرەتای ڕۆمانەکە تا کۆتایی بەردەوامی هەیە. ئەوەتا لێرەدا دەبینین، ئەم ململانێیە زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە و "شادی" وەك نوێنەر و سیمبول و دەنگی مێینە دەردەکەوێت... شادی بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و ڕزگاربوون لەدەست دەسەڵاتی باوکسالاری دەجەنگێت...! دیارە ئامانج لە شەڕەکە بە ڕووکەش بە پێوە وەستان و نەڕووخاندنی منارەکەیە، بەڵام ئەوە هۆکارە سەرەکییەکەی شەڕەکە نییە بەتەنها...! لە حەقیقەتدا شەڕەکە مەبەست و ڕەهەندێکی قووڵتری لە پشتە...! بە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافەی خوارەوە ڕۆشنتر ئامانجی ئەو شەڕە و بیرکردنەوە مرۆییەکانی شادی-مان بۆ دەردەکەوێت... (ساڵانێکی دیکە وا بڕوات دەبێ بە ڕووناکی نیوەڕۆ بە چرایەکەوە بگەڕێین تاوەکو جوامێرێك بدۆزینەوە کە ڕەوشتی ڕۆژانی شاخ و حیکمەتی ناو کتێبەکانی پێ مابێت، حەیف... هەزار حەیف و مەخابن، من لە داخی ئەم هەموو پیاوە پووچ و پواوانە، ئەو هەموو مەیموونەی لەبەردەم سەردارەکانیاندا سەما دەکەن و بۆن بە پاشەڵی گەورەکانیانەوە دەکەن و کلکە لەقێیان بۆ دەکەن، لە تۆڵەی دۆڕانی سەدەها کچ و خوشك و دایکی ڕەشپۆش و هەناسە ساردی ئەم وڵاتە لەزەت لەو شەڕە بچکۆڵەیەی خۆم دەکەم...! ل١٦٠)، شادی وەك ڕۆحێکی یاخی و سەرکەش لە مەرگ فێردەبێت، شەڕ لەگەڵ مەرگ و مردن بکات، هەڵگری ڕۆحی هەزارەهای وەك خۆی بێت، هەر لە مەرگیشەوە فێر دەبێت کەوا لە مەرگ بێباك بێت...! لەم ڕۆمانەدا، مەرگ ئەم هەموو ڕۆڵە جوان و ئیجابییانە دەگێڕێت...! لە هەمانکاتیش مەرگ سەرچاوەی مانەوە و مەقاوەمەت و چوونە نێو جەنگێك بۆ پارێزگاریکردن لە بوون و لە شتە پیرۆز و لە مەبەستە گەورەکانیش...! شادی کاتێك شوو بە هۆمەر دەکات هەردووکیان بۆنی مەرگیان لێدێت...! هەردووکیان جەستەیەکن لەنێو مەرگ...! سەرچاوەی مەرگی هەردووکیشیان ژەهرە...! سەرچاوەی ژەهری نێو جەستەی هۆمەر لە سیاسەتەوەیە، ژەهری نێو جەستەی شادی-یش لە خۆشەویستییەوە، واتە لە (عەشق)ەوە...! لەو چەند دڵۆپە خوێنەیە کە ڕۆژانی گەنجێتی لە ژووانی ژێر کەپرێك لەنێو جەستەی تکا و بوو بە کچێکی (بێ بن...!) ئەم چەند دڵۆپە خوێنە بوو بە مەرگێکی هەمیشەیی و بوو بە ڕووباری خوێنێکی بەردەوام...! ژەهری عەشق و ژەهری سیاسەت...! سیاسەت و عەشق وەك دوو کاراکتەری دڕندە و زیانبەخش ژەهری مەرگ دەرخواردی مرۆڤەکان دەدەن و بە گۆڕستانێکی هەمیشەییان دەسپێرن...! لەڕاستیدا، ئەوە داهێنانێکی پڕ سیحرە، لەهەمانکاتیش جەرائەتێك و دڵێکی گەورەیە کەوا، سیاسەت و عەشق بەیەك ئاراستەدا ببەی، یەك ڕووخسار و یەك مانایان پێ ببەخشیت...! بەڵام لە حەقیقەتدا، ئەوەیە

داهێنان...! ئەوەیە وەزیفە و ڕۆڵی زمان لە دەقێکی سەرکەوتوودا، چونکە ئیشی دەقی ئەدەبی هەر ئەوە نییە تەنها وێنەی شتە نۆڕماڵ و ماقولەکان بکێشێت، یان هەموو ئەو شتانەی لە بنەڕەتەوە لەگەڵ یەك دەگونجێن و تەریبن لەگەڵ یەکدا... دەکرێت دەقی ئەدەبی لەسەر هەموو ئەو شتە ناشاز و ناماقوڵ و ناتەباکانیش ئیش بکات...! عەشق لەم ڕۆمانەدا وەك چەمکەکانی: مەرگ، خوێن، منارە..... فرە مانا و فرە ڕەهەندە...! ئەوەتا عەشق بۆ شادی هێمای مەرگێکی هەمیشەیی دەگەیەنێت، بەڵام بۆ هۆمەر، مانای فێربوون و پاشگەزبوونەوە و بەخۆداهاتنەوەیە، هاوکات، پەشیمانبوونەوە لەو هەموو دڵڕەقییە و لەو مێژووە دوورودرێژەی پڕ لە تاوان و کوشتن و بڕینەی هەی بووە...! جوانی و کارامەیی و دەستڕەنگینی و دانایی شادی وا لە هۆمەر دەکات لە ناخەوە عەشقی بێت و خۆشی بوێت، ئەم عەشقە وا لە هۆمەر دەکات، وەکو مرۆڤ بیر بکاتەوە و هەست بە بەهای جوانییەکان بکات، لە هەمانکاتیش ببێتە پاڵپشتێك بۆ شادی و پشتگیری بکات و هانی بدات و لە تەکیا بوەستێت...! بەڵام بە دیوێکی تر، عەشق و خۆشەویستی، ماڵەکان دەکەن بە زیندانێکی هەمیشەیی...! زیندانێکی تاریکی بێ خۆشەویستی...! شادی دوای مردنی هۆمەر وەکو بێوەژنێکی تەنیا و غەمبار، بە تەواوی و یەکپارچە دەبێتە ڕۆحێکی سەرکەش و یاخی...! یاخی و یاخی و یاخی...! جارێکی تر شوو بە هیچ پیاوێك ناکات تەنانەت بە بەهرام-ی خاڵۆزا و کۆنە دولبەریشی...! هەرخۆی لە دەمی خۆی بە بەهرام دەڵێت (من شوو ناکەم نەك بەتۆ بە هیچ پیاوێك، چونکە پیاوبوون تەنها کەڵەکەبوونی سەرمایەیە، توانای پەڕین و زەڕینە...! ل١٥٩).


لێرەدا، ئەم ڕۆحە تەنیاییە غەمبار و دڵ پڕ لە میحنەتە و هەروەها سەرکەش و یاخییەی شادی دەبینین بەرامبەر پیاوان و هەموو ئەو دڵڕەقی و دڕندەیی و نابەرابەرییەی دەسەڵاتی باوکسالاری...! لەو خوێندنەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم ڕق و تووڕەییە و یاخیبوونەی شادی، ڕق و تووڕەبوون و یاخیبوونی کەسێك نییە بە تەنها...! ئێمە گووتمان شادی کاراکتەرێکە هەڵگری هەزارەها و ملیۆنەها ڕۆحی کەسانی وەك خۆیەتی... بۆیە ڕق و تووڕەبوون و یاخیبوونەکانیش ڕەنگدانەوەی ڕق و تووڕەبوون و یاخیبوونی هەزارەها و ملیۆنەها ڕۆحی ترە لەنێو جەستەی شادی-دا...! شادی بە لەدەستدانی پەردەی کچێنییەکەی هەرخۆی دەزانێت چ ئازارێکی بێوێنە و لەنێو چ زیندانێکی ڕۆحی ژیانی بەسەر برد...! تەسلیم بە چ ئایندەیەکی بێڕەحم بوو...! دوای هاتنەوەی بەهرام لە گفتوگۆیەکدا پێیدەڵێت (تا ئێستا ئەو دڵۆپە خوێنەی لە مندا تکاندت برینێکە هەرگیز سارێژ نەبووە و هەر خوێنم لێ دەڕوا...! ل١٧٨). شادی بەهرامیش ڕەت دەکاتەوە و شووی پێ ناکات، چونکە لە ڕوانگەی ئەو، پیاوەکان هەموویان وەکو یەکن، بەیەك شێوە بیردەکەنەوە و یەك تێڕوانینیان هەیە، بۆ ژیان و خۆشەویستی و بۆ ژن و شەرەف و بەها مرۆییەکان و بۆ شتەکانی دی...! شادی لە درێژەی قسەوباسەکانی دەڵێت (ئەو پیاوانەی لەزەت لەوە دەبینن خۆیان



قاپی عارەقی سەرمۆر بکەنەوە و پەردەکان بتەقێنن...! ل١٩٨)، هەرچەندە وشەی تەقاندن زۆر گونجاو نییە لەم ڕستەیەدا، چونکە پەردەی کچێنی ئەگەر مەتاتی و شێوە لاستیکیش بێت، بەڵام پەردەی لەم چەشنە دەدڕێت یان کونبەدەر دەبێت...! ئەگەر لە شێوەی میزڵدان بووایە دەکرا وشەی تەقاندن بەکار بهێنین. بۆیە وشەی کونکردن گونجاوتر بوو... شادی لە شوێنێکی تردا دەڵێت (ئەو پیاوانەی وا تێدەگەن ناو گەڵی ئەو کچانە سێگۆشەی (بەرمۆدایە) و چی جامانە و کڵاو و خەنجەر بو تەزبێح و چی شەرەف و ناو موڵك و ماڵیان هەیە ئەم سێگۆشەیە هەر هەمووی هەڵدەلۆوشێ...! ل١٩٩)، شادی وەکو ژنێکی شۆخ و شەنگ، نیگارکێشێکی دەست و پەنجە ڕەنگین لەنێو ئەو زەڵکاوی دواکەوتووییە ژیان بەسەر دەبات و لەگەڵ غەمی بێ بنی و تەنیاییەکی کوشندە و میحنەتەکانی مەرگێکی هەمیشەیی و کە هیچ ڕێگاچارەیەکی لەبەردەمدا نییە جگە لە شەرکردن و چوونە نێو جەنگێکی بەردەوام نەبێت، بۆ ڕزگار بوون لەم واقیعە تاڵە و لەو زیندانەی کە بەناهەق بۆیان دروستکراوە...! کۆتایی ڕۆمانەکەش، کۆتاییەکی زۆر سەرکەوتووانەیە... کە شەڕەکە بەردەوامە بەبێ هیچ ئاکام و یەکلایی کردنەوەیەك...! ئەمەش مانای حەقیقەت و بەردەوامبوونی ژیانمان پێشان دەدات...! شێرزاد حەسەن لە دیماهی ئەم ڕۆمانە دەیەوێت پێمان بڵێت، بەردەوامبوونی ژیان بەبێ ململانێ و تەنگژە و ڕووبەڕووبوونەوەکان مانایەکی نییە، بۆ ڕزگاربوون لە میحنەتەکان و مەرگە هەمیشەییەکان و نابەرابەرییەکانیش دەبێت لە ململانێ و جەنگی بەردەوامدا بین...! چونکە لە ڕوانگەی نووسەر، مرۆڤ بەهایەکی پیرۆزی هەیە چ مێ بێت چ نێر، هەموویان وەکویەك شایستە بە هەموو خۆشی و ڕێزێك و بە هەموو بەهایەکی جوانی و بەختەوەرییەکانن...! ئەم ڕۆمانەی شێرزاد حەسەن چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چ لە ڕووی زمانەوە، لە ئاستێکی بەرزی داهێناندایە... ئومێدی داهێنانی گەورەتر بۆ ئەم نووسەر و مامۆستایە ئازیزەمان دەخوازم... ئیدی، هەر پڕ خەرمان و بەرەکەت بێت ڕۆمان و ئەدەبی کوردیمان...!


سەرچاوە:

ژنێك بەسەر منارەوە، ڕۆمان، شێرزاد حەسەن.




**خەونی پیاوێکی گەڵحۆ**

## خەونی پیاوێکی گەمژە



Notes From Ander Ground کتێبێکی دەستۆفسکی-یە، ئەم کتێبە چەند چیرۆکێکی لەخۆ گرتــووە، یــەکێك لەوانە (خەونی پیاوێکی گەمژەیە). یان خــەونی پیــاوێکی گاڵتــەجاڕ، چونکە وشەی Ridiculous بە مانــای گــەمژە دێــت و بــە مانــای گاڵتەجاریش دێت، بــەڵام مــن بــۆ ناونیشانی ئەم چــیرۆکە گــەمژە بــە شیاوتر دەزانم. کاتێك لە خوێندنەوەی چیرۆکەکان بوومەوە، چیرۆکی خــەونی پیــاوێکی گــەمژە لــە هــەموو چــیرۆکەکانی تــر زیــاتر ســەرنجی ڕاکێشــام و تووشــی ڕامــانێکی قــووڵی کــردم. دیــارە دەستۆفسکی بە ڕۆمانەکانی (برایانی کارامازۆف و تاوان و سزا)وە ناوبانگی دەرکردووە و یەکێکە لەو نووسەرە زیندووانەی کەوا، مێژوو بۆ هەمیشە بە زیندوویی باسی دەکات. لەگەڵ ئەوەش هــەر یەکێك لەم چیرۆکانە لە ئاستی ڕۆمانەکانی (برایانی کارامازۆف و تــاوان و ســزا)دان. دیــارە مــن



بۆخۆم لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە ڕێگەی ڕۆمانی (شەوە سپیەکان) ەوە، بە دونیای دەستۆفسکی ئاشنابووم و پێی سەرسام بووم. لە شەوە سپییەکانەوە فێربووم، لە پاڵ شیعر و چــیرۆك، ڕۆمــانیشــم خۆش بوێت...! (خەونی پیاوێکی گەمژە) بە بڕوای من، چ ناونیشانەکەی چ ناوەڕۆکەکــەی چــەندین خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، چونکە مەدلوولــەکان هێنــدە قــووڵ و پــڕ واتــان، هــەر لــە دەسپێکی چیرۆکەکە تا کۆتاییەکەی خوێنەر حەپەساو دەکات. بەرلەوەی بچــمە نێــو خوێندنــەوە و ڕۆچوون بە نێو ڕەگ و ڕیشە و کۆڵانە پێچاوپێچەکانی چیرۆکەکە، دەمەوێت ئەوە بڵێم کەوا، ئەگەر (چارلز دیکنز) لە ڕۆمانی (دێڤد کۆپەرفیێلد)دا وێنــەی منــداڵی خــۆی کێشــابێت و ژیــانی پــڕ مەینەت و ناسۆرییەکانی خۆی لەم ڕۆماندا بەرجەستە کردبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، کەوا دەستۆفسکی-ش لــەم چــیرۆکەیدا، وێنــەی خــۆی و بیرکردنــەوە و تێڕوانینــەکانی خــۆی زۆر بلیمەتانە لە دەقێکی هارمۆنی و جواندا خستووەتە ڕوو. من بۆخــۆم لــە ســەرەتای چــیرۆکەکە تــا کۆتاییەکەی هەستم دەکرد، لەگەڵ پیــاوێکی گــەورەدام یــان لەگــەڵ فەیلەســوف و بیرمەنــدێکی گــەورەدام...! وام هەســت دەکــرد، لەگــەڵ کەســێکدام دەکرێــت شــەرم لــە تواناکــانی بکــەیت... موعجیزەیەکی سەیر و سەمەرە، خاوەن دونیایەکی پڕاوپڕ لە نهێنی و پڕاوپڕ لە گۆشە و کــەلێن و قوژبنی تاریك...! بەمانایەك، ئەگەر بمانەوێت بەدوای خۆشــی و لەزەتــەکانی ژیانــدا بگــەڕێین لــە هەمانکاتدا، مانایەکمان دەست بکەوێت بۆ بوون و بەهاکانی جــوانی، پێویســتمان بەوەیــە (ئــەو گۆشە و کەلێن و قوژبنە تاریکانەی نێو دونیای نووسینەکانی دەستۆفســکی ڕوونــاك بکەینــەوە و لێیان بڕوانین...!). (خەونی پیاوێکی گەمژە)... هەر لەسەرەتاوە گەورەترین پرسیار لە پشت زاراوەی گەمژە لەلای خوێنەر دەورووژێنێت. لــە پشــت ئــەم زاراوەیــە، کێشــە و تەنگــژەکان خۆیــان ڕووت دەکەنەوە، ئەم حاڵەتە وا لە خوێنەر دەکات بە چەشەیەکی زیــاتر و بــە تامەزرۆییــەکی زیــاترەوە، بەنێو ناواخنی چیرۆکەکە ڕۆبچێت، هەر بەم شاگەشکەییەوە خوێنەر واز لە مانا ڕووتەکەی گــەمژە دێنێت و بەدوای مانا شاراوەکانیدا دەگــەڕێت، بــەڵام دەستۆفســکی زۆر لێزانانــە ئــەم زاراوەیــەی هەڵبژاردووە بۆ ناونیشانی چیرۆکەکەی. مەبەستیەتی لە پشت ماناکانی گەمژەوە بە خوێنەر بڵێت، ژیانێك پڕاوپڕ بێت لە جیاوازی و هیچ بەها و پیرۆزییەك و ڕێزێك بۆ مرۆڤەکان بە ڕەوا نــەبینرێت، مرۆڤەکان بۆ هەمیشە کۆیلە و زەلیل بن، ئیدی ئەمجۆرە ژیانە لە گەمژەیی زێتر هیچی تر نییــە...! ئاخر مرۆڤ بۆ ئەوە دروست نەبووە کە تــەنها بــۆ پەیــداکردنی پــارووە نانێــك ئامادەبێــت هــەموو کۆششەکان و تەنانەت مەرگی خۆشی ببەخشێت...! یان لە هەموو ئەوشتانە بێبەش بێت کــە بــزە

دەهێننە سەر لێوان و فەرامۆشی بە ڕۆح و جوانییەکانی سروشت دەبەخشن...! ئاخر گەر مرۆڤ لە گەرمەی خۆشییەکانیدا نەتوانێت بە ئازادی گۆرانییەکانی بچڕێت، بۆ ڕەواندنەوەی ناسۆرییەکان و بەتاڵکردنەوەی خود، دەبێتە کائینێکی بێبەها و مردوو...! شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، لەو کۆمەڵگە چینایەتییە پڕ چەوساندنەوەی کە دەستۆفسکی لەم چیرۆکەیدا وێنەی کێشاوە، مرۆڤەکانی خوارووی چینی خواپێداوەکان دەبێت بۆ هەتاهەتایە هەر قەشمەر و گەمژە و زەلیل بن...! نابێت هیچ ناسنامەیەکی مرۆڤانەیان هەبێت. شایستە بەوەن هەتا مردن سەرگەردان و داماو لەسەر شۆستەکاندا بخەون، سواڵ بکەن، لەنێو جەنجاڵییەتی هەراوزەنای ئاوازە ناشازەکانی مەرگی شێنەییدا بە ونبوویی بمێننەوە. وەك چۆن "بەرتۆلد برێخت" لە شانۆگەرییەکانیدا، هەوڵی ئەوە دەدا، برین و ژان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و مەینەتییەکانی مرۆڤ بخاتە بەردەم بینەر و لەهەمانکاتدا، ئەوە لە مێشکی بینەر بەجێبهێڵێت (گەر مرۆڤ لە هەوڵ و کۆششەکانی بەردەوام بێت، دەتوانێت وەڵام بە کێشەکانی بداتەوە و چارەسەریان بکات...!)، هەر بۆیە لە شێوازی برێختیدا، دیواری چوارەم لەنێوان ئەکتەر و بینەر نامینێت. وەك ئەوەی بینەریش بەشدار بێت لە نمایشەکاندا...!).

دەستۆفسکی لەم چیرۆکەیدا، سەخافەتەکانی دونیای سەرمایەداریمان بۆ ڕەسم دەکات. دونیایەکی تەواو جیاواز، دونیایەك کە تیایدا هیچ خۆشەویستییەك لەنێوان مرۆڤەکاندا نییە، مرۆڤەکان تەریك و دابڕاوانە، لە کونجی ژوورە تاریکەکان لە گۆشە تەنهاییەکاندا بێئاگا لە یەکتری دەژین و دەمرن...! بە مانایەك دونیایەکی بێ ڕۆح، بێ هەست، بێ هەناسە، دونیایەکی نەخشێندراو بە کۆمیدیایەکی توورەهات و پڕوپووچ، بێبەها و بێ ناوەڕۆك...! لەلایەکی ترەوە، وەسفی دونیایەکی ترمان بۆ دەکات دونیایەك کە تیایدا، مرۆڤەکان لەنێو کەرنەڤاڵی خۆشەویستی هەناسە دەدەن و دەژین. پڕاوپڕ بە مانای خۆشەویستی هەموو یەکتریان خۆشدەوێت... خۆشەویستی و پێکەوەیی، سیماو شوناسی ئەم کۆمەڵگایەیە. بەیەکەوە گۆرانییە بەسۆزەکانی ژیان دەڵێنەوە، بە یەکەوە پێکی شەرابی ئازادی و ڕەهایی هەڵدەدەن...! دەستۆفسکی لەم ژیانە ئارام و هێمن و سەرفرازییە ناودەبات بە بەهەشت، بەڵام بەهەشتێکی واقیعی، بەهەشتێك لە سەر زەمین و باوەشێنکراو بە هەناسەکانی مرۆڤ...! ئەم بەهەشتە لەسەر ئەستێرەیەکی تری ئەو کەونەیە، کابرای گەمژە ڕۆچووە بەنێو خەونێکی خۆشەوە دەیەوێت پەی بە نهێنییە پڕ ترسەکانی مردن ببات... دەیەوێت وەرزەکانی مردنیش تاقی بکاتەوە و لە دەرگای ئەو تاسە و خۆزگانەش بدات، کە برینە حەسرەتییەکانی مرۆڤ سارێژ دەکەن. بەهۆی سەفەری خەونەوە لە جێگە و ڕێگە و



هاومەملەکەتییەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە، لەوێندەرێش هەر مرۆڤێکی ماندووە، هەر سادە و ساکار و دڵ پڕ بەزەییە، هەمیشە دڵی بۆ مرۆڤەکانی لای خۆیان لێدەدا و بیریان دەکات. ئارەزووی ئەوە دەکات بگەڕێتەوە لایان، کە بەرەو بەهەشت دەڕۆن بەهەشتەکە دوورە و لەسەر ئەستێرەیەکی ترە... لە ڕێگادا کۆمەڵە ئەستێرەیەك دەبیندرێن و دەدرەوشێنەوە...! بە بڕوای من ئەو وێنانە ئەوە دەگەیەنن (گۆڕینی دونیا و گەیشتن بە ژیانێکی باشتر) کارێکی هێندە ئاسان نییە... پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی زۆر و قوربانیدان هەیە، دالەکانی (دووری، مردن، ئەستێرە، خەون) ئەم مەبەستانە دەپێکن کە باسم کردوون. بەمانایەك، هیچ شتێك مەحاڵ نییە لەبەردەم تێکۆشانەکانی مرۆڤ، هەرچەندە قوربانییەکان گەورەش بن...! لە ئاکامدا ئاسۆیەکی گەش و ڕوون دەخاتە بەردەم مرۆڤەکان. دەکرێت وێنەی درەوشانەوەی ئەستێرەکان نیشاندەر و مژدەبەخشی گەیشتن بەم دونیایە جوانە بێت... چەند شکۆمەندییە بۆ نووسەر بەم مەبەستە پیرۆزەوە بنووسێت و قەڵەمەکەی ببێت بە گەشترین مۆم بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگا تاریکەکانی بەردەم ئامانجە گەورەکان...! (مەکسیم گۆرکی) لە کتێبی (هەدەفی ئەدەبیات) باس لە جێگە و ڕێگەی نووسەر و ئامانجی نووسین دەکات. نووسەران لە ئاستێکی زۆر بەرز دەبینێت، بەرز تا ئاستی پەیامبەر...! واتە نووسەر و پەیامبەر دوو مرۆڤن بۆ کۆمەڵگە دەئاخڤن... ڕۆژانە خەڵك چاوەڕوانی پەیامەکانیان دەکات. هەوڵدەدەن لەڕێگەی پەیامەکانیان مرۆڤ بەرەو ڕزگاری و بەرەو ئامانج و ئومێدەکانیان ببەن. جیاوازی نووسەر و پەیامبەرەکان لە سەرچاوەی وەحی و ئیلهامەکانیانە، سەرچاوەی وەحی و ئیلهامی پەیامبەرەکان لە سەرچاوەیەکی ون و خالقێکی نادیارەوەیە، بەڵام وەحی و ئیلهامی نووسەران لەنێو ئێش و ئازار و مەینەت و خولیا بەرزەکانی مرۆڤایەتییەوەیە...! واتە سەرچاوەیەکی واقیعی و دیار و هەستپێکراو...! ئەم دونیا جوانەی دەستۆفسکی وێنەی کێشاوە، ئەڵتەرناتیڤی ئەو دونیا واقیعییە پڕاوپڕ لە کێشە و ڕق و قینە و گۆشەگیرییەی سەردەمە، کە مرۆڤەکان لەبەر ئەنجامی ناسۆری مەینەتییەکانیان لەنێو خەون و خۆزگەکانیان وێنەی ئەڵتەرناتیڤەکەیان کێشاوە و ئەویش دونیایەکی باشتری بێ چین و چەوساندنەوەیە. بە مانایەك، ئەو بەهەشتەی دەستۆفسکی لە چیرۆکەکەی وێنەی کێشاوە. ئەم خەونە بووەتە بەشێك لە بیرکردنەوە و ئومێد و لەنێو ڕووبەری نەستیان شوێنێکی فراوانی داگیر کردووە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم، "مارکس و ئەنجلس" بە نووسینی هەموو بەرگەکانی کاپیتال و نووسینەکانی تریان، وەك ڕەخنە لە هیگل و فیورباخ و سۆشیالیستە تۆباوییەکان و ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتە و ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی و... بەم هەموو کارە گەورانەوە هەر ئەو مەبەستەیان پێکاوە کە دەستۆفسکی لەم چیرۆکەیدا پێکاویەتی...! دیارە مەبەستم ئەوە نییە لە بەهای ئیشەکانی مارکس و ئەنجلس

کەم بکەمەوە، بەڵام مەبەستمە ئەوکارەی دەستۆفسکی بەرز بنرخێنم. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیام نووسینەکانی مارکس و ئەنجلس یارمەتیدەر و سەرچاوەیەکی گەلێك بەسوود بوون بۆ بەرهەمهێنانی ئەم چیرۆکەی دەستۆفسکی...!

دەستۆفسکی لەم چیرۆکەیدا، خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان، بە بنەڕەتیترین بگرە هۆکارێکی پێشمەرج بۆ خۆشی و حەزوئارەزووەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی ئارام و خۆشبەخت داناوە. بەمانایەك ژیان بەبێ خۆشەویستی (گەلحۆیی و مردنە) مرۆڤ پەنا بۆ کوشتنی خۆی ببات گەلێك باشترە...! بەمانای لە کۆمەڵگەیەکی بێ خۆشەویستی، مردن سەرفرازترە لە بوون...! ئەوەتا لە شوێنێکدا پێمان دەڵێت (خەڵکت خۆش بوێت وەك ئەوەی چۆن خۆت خۆش دەوێت...!) لە سیاقی مانای ئەو ڕستەیە و ناونیشانی چیرۆکەکە، هەست بە وێنەیەکی پارادۆکسی دەکەین بەمانایەك، دوو حاڵەتی دژ بەیەك لە چوارچێوەی یەك ڕستەدا یان دەقێکدا، ئاخر گەلحۆیەك کە هەموو کۆمەڵگە ڕێز و حورمەتێکیان بۆ قایل نییە و هەمیشە بە گاڵتەجارِ و گەلحۆ سەیری دەکەن، پێی پێدەکەنن، لە ئەنجامی تووڕەهاترین و نزمترین ئاستی ژیانی خۆیدا، لەپەڕی گۆشەگیری و تەنیاییدا، تا ئاستی ئەوەی مەرگ بە ئاوات بخوازێت یان لە هەوڵی کوشتنی خۆیدا بێت، کەچی خەونەکانی ئەم گەلحۆیە دونیایەکی تەواو پێچەوانەی ئەم پێناسەیەی سەرەوەیە...! وەك مرۆڤێکی ڕزگاربەخش هەوڵ دەدات، لە موسیبەتەکان ڕزگارمان بکات و دونیایەکی نەخشێندراو بە ئومێد و ئارەزووەکانمانەوە. دونیایەکی هەوتەریب لەگەڵ خەونە جوانەکان و پیرۆزی مرۆڤایەتی دەخاتە بەردەممان. هەر لێرەوە پرسیار و گرێی وێنە پارادۆکسییەکەمان مانا پەیدا دەکەن. یان دیمەنێکی تر کە مرۆڤ تووشی سەرسامی دەکات ئەوەیە، کە مرۆڤ تا ئەوپەڕی بێسنووری لەنێو خەیاڵ و ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی کابرای گەلحۆ پیرۆزە و کائینێکی پڕ بەهایە. بۆیە لە کاتی دوورکەوتنەوە دڵی بۆیان لێدەدا و ئومێدی ژیانێکی باشتریان بۆ دەخوازێت و هەموویانی خۆشدەوێت، بە ئەوانەشەوە کە گاڵتەیان پێدەکرد و پێی پێدەکەنین...! ئەمەش ڕێك هەمان ئەو وێنەیەیە کە "لیڤ تۆلستۆی" لە چیرۆکی (کۆچی هەتاهەتایی)دا وێنەی کێشاوە. لە هەردوو چیرۆکەکە وا هەست دەکەیت، مرۆڤ شایستە بە هەموو پیرۆزییەك و ڕێز و خۆشەویستییەکە، ئەم ڕەسانەیەتی و بنەڕەتیبوونە بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە. هەر لەم چیرۆکەدا، واتە لە (خەونی پیاوێکی گەلحۆ)دا، دووجۆر پێکەنین دەبیندرێت، یەکێکیان، لە پشت مەدلوولەکانی زاراوەی گەلحۆوە کە لەنێو کۆشکە ڕازاوەکانی خواپێداوەکان دەبیسترێت...! پێکەنینێکی بێمانا، مردوو، نامۆ بە پیرۆزی و بەهاکانی مرۆڤ، نامۆ بە جوانییەکانی سروشت و ڕووخسارە ئیرۆسییەکەی خۆشەویستی، نامۆ بە خەون و خەیاڵە پەمەییەکانی مرۆڤ...! پێکەنینێکی تر، لە پشت مەدلوولەکانی خۆشەویستییەوە



دەبیندرێت، کە لەژێر کەپر و دەوارە شڕەکانی ئەو خێڵانەوە دەبیسترێت، کە لەم دونیایە نایەکسانەدا فڕێدراونەتە کەنارەوە و خواپێداوەکان پێیان دەڵێن گەلحۆ...! پێکەنینێك کە لە ناخی ناخەوەی ڕاستی و پاکی و بەرائەت و سۆزی مرۆڤەکان هەڵقوڵابێت، پێکەنینێك هاوجووت لەگەڵ جوانییەکانی گوڵ و گۆرانییەکانی ڕووبار و تریفە ئومێدبەخشەکانی باران...! شتێکی تر لەم چیرۆکەدا دەکرێت باسی بکەین، ئەویش (خەون)ە... کە وەك کردارێکی ئامانجدار، بۆ گەیشتن بە ترۆپکی مەبەستەکان بەکارهاتووە. بە مانا فرۆیدییەکەی، دەستۆفسکی لە ڕێگەی کرداری خەونەوە توانیویەتی بۆ نێو ڕووبەرە نەستییەکان ڕۆبچێت و لاپەڕەی غەریزە چەپێندراوەکان هەڵبداتەوە و لەوێدا، ئاوات و هێڤیە تۆز لەسەر نیشتووەکانی مرۆڤەکان ببینێت. تاسەکانیان، ڕازەکانیان، عەشقەکانیان، خەون بە داهاتوویان، هەموو ئەمانە ببینێت. لەڕاستیدا ئەم جوانکاری و ئەفراندنە لە بواری دەروونی و دەرخستنی ڕاستییە شاراوەکانی نێو ناخی مرۆڤ و شیتەڵکردن و خوێندنەوەی دەمار بە دەماری حەزوو ئارەزووەکان، من پێموایە ئەوە داهێنانێکی گەورەیە، هەر ئەوەیە وایکردووە، کە ئەم دەقە بۆ هەتاهەتایە بە زیندوویی بمێنێتەوە... لە کۆتایی چیرۆکەکەش دەستۆفسکی ئەم مەبەستەشمان پێدەڵێت، کە ئەو دونیایە باشترەی بە بەهەشت ناوی بردووە دەکرێت مرۆڤەکان پێی بگەن... بەڵام مەرج نییە وەك شتێکی ئەزەلی و ئەبەدی بمێنێتەوە...! دەکرێت تەنگژەکان، کێشەکان، مردنەکان، شەڕەکان، گەلحۆییەکان،... دووبارە دەست پێبکەنەوە و دیسان بە ڕەنگێکی تر و لە بەرگێکی تردا دووبارە ببنەوە...!

کە ئەمەش فاکتێکە بۆ بەردەوامبوونی ژیان و مرۆڤ...!

سەرچاوە:
Dostoyevsky
Notes From Under Ground
Anew Transistion with Afterword
By Andrew R.Macandrew

## موعانات و کەسایەتی خۆرهەڵاتییانەی تاکی کوردی

## موعانات و کەسایەتی خۆرهەڵاتییانەی تاکی کوردی

ئایا موعانات ڕۆحی مرۆڤ گەورە (ئیرتقا) دەکات؟ ئێمەی مرۆڤ دەبێت گرفتمان هەبێت تاوەکو هەست بە شتەکانی دەوروبەر بکەین و هەستی بەرامبەرەکەمان ڕابگرین...؟ بەرلەوەی دەست بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەمان بکەین، وا پێویست دەکات تۆزێك لە مانای وشەی موعانات وردبینەوە. ڕەنگە مەبەستمان ئەوە بێت، لە زمانی کوردیدا بەچی دەڵێن موعانات؟ یان مانا فەرهەنگییەکەی موعانات چییە؟ لە زمانی ئینگلیزیدا موعانات یانی (suffer) کە زۆر نزیکە لە وشەی (pain) واتە ئازار. هەتا لە زمانی ئینگلیزی ئەم دوو وشەیە زۆرجاران بە هەڵە لە شوێن یەکتری بەکاردەهێنرێن، چونکە ماناکانیان زۆر لە یەکترییەوە نزیکە. لە هەندێك شوێن هێندە لە یەکتری نزیك دەبنەوە تا ئەو ئاستەی دەبن بە یەك هێڵ. لە زمانی کوردیشدا بە ئازارچەشتن دەڵێن موعانات... ئەگەر بمانەوێت وشەی ئازار لەگەڵ موعانات لە یەکترجیایان بکەینەوە هەروەکو لە ئینگلیزیشدا هەیە. دەتوانین بە ئازارە جەستەییەکان بڵێین ئازار وە بە ئازارە ڕۆحی و مێشکییەکان بڵێین موعانات. بێگومان ئازار و ژانە ڕۆحییەکان موعاناتێکی قووڵ و



بەسۆن... و سارێژبوونیشیان ئەگەر هەبێت لە باری چۆنییەتییەوە زەحمەتترە و لە باری زەمەنیشەوە درەنگتر سارێژ دەبن. ئازارچەشتن یانی موعانات: ئینجا با لێرەوە سەیری پەیوەندییەکانی موعانات و ڕۆحی مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیان بکەین. لێرەدا پەیوەندییەکی نەپچڕاو دەبینین لەنێوان ئازارچەشتن و ڕۆح. خۆیلەخۆیدا مرۆڤ کە موعاناتی دەبێت ناخ و ڕۆحی پڕ دەبێت لە خەم و ژان واتە ئازار. لەو کاتانەی مرۆڤ موعاناتی هەیە و بە دەست ئازارەکانی گیرۆدەیە و ڕۆحی پارچەیەکە لە خەم و مەینەت، ئایا لەمبارەدا دەبێت هەست و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ لە چ ئاستێکدا بن؟ ئایا هەست بە باری بەرزەفڕی و ئیرتقایی دەکەن یان بچووك دەبنەوە، بە مانایەکی تر یان هەستەکانیان ناسك دەبێتەوە؟ لێرەدا دەکرێت سەیری موعاناتەکان و خەون و خولیاکانی مرۆڤ بەگشتی و تاکی کورد بەتایبەتی بکەین. مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەندە و پێکهاتەیەکە لە خەون و خۆزگە و ئومێد. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژەکانی سەرەتایی مێژوو، لەو ڕۆژانە بڕوانین کە مرۆڤ هەستی بە شتەکان کردووە و بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا زاڵ بووە. لەو ڕۆژەوە تاکو ئەمڕۆ مرۆڤ لە شەڕێکی بەردەوامدا بووە لەگەڵ سروشت بۆ کەشفکردن و دۆزینەوەی نهێنییەکان. لەگەڵ دۆزینەوەی نهێنییەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی تازە، مرۆڤەکان بازنەی بیرکردنەوەکان و خەون و خەیاڵ و خۆزگەکانیان فراوانتر بووە. لەم ڕاستایەشدا ئێش و ژان و موعاناتە ڕۆحییەکانی زیاتر بووە. واتە مرۆڤ لە ڕێگای بەدەستهێنانی خەون و ئومێدەکانی و گەیشتن بە ژیانێکی باشتر موعاناتی بووە و لە میحنەتدا ژیاوە. جا لێرەوە مرۆڤ وەك کائینێکی هۆشمەند و زاڵ بەسەر سروشت و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە بەرئەنجامی بەرفراوانبوونی بازنەی خەون و خۆزگە و ئومێدەکانی (هەرچەندە موعاناتیشی هەبوبێت)، لەم بارەدا هەست بە حاڵەتی ئیرتقایی و گەورەیی و بەرزەفڕی دەکات، بەڵام لە بارێکی تردا کە موعاناتەکانی مرۆڤ جۆرێکی تر بێت، بۆ نموونە: کاتێك کەسێك بە دەست لەدەستدانی ئەندامێکی لەشی موعاناتی دەبێت، یاخود بەدەست کەمئەندامییەکی زگماکی و یان کەمدەماخییەکی زگماکییەوە لە مەینەت و موعاناتدا دەبێت، ئەمجۆرە موعاناتانە ڕۆحی مرۆڤ بچووك دەکەنەوە. بە پێچەوانەی حاڵەت و جۆری موعاناتی یەکەم. دەربارەی ئەوەش کە ئێمەی مرۆڤ دەبێت گرفتمان هەبێت تا هەست بە شتەکانی دەوروبەرمان بکەین و هەستی بەرامبەر ڕابگرین...؟ بەڵێ، زۆر جاران گرفت و کێشەکان وامان لێدەکەن ڕۆشنتر و وردتر هەست بە شتەکان و موعاناتەکانمان بکەین. بۆ نموونە: لەلای کۆمەڵگەیەکی ستەمدیدە و چەوساوە ئازادی زۆر بەبەهاترە لەلای کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشبەخت و کۆمەڵگە ستەمدیدەکان زیاتر

هەست بە ئێش و ئازار و موعاناتەکانیان دەکەن. لەشکرە تێکشکاوەکان و عاشقە دڵشکاوەکان و بێوەژنەکان و قەیرەکچان و کەمئەندامان و زیندانییەکان... هتد. لە هەموو کەس دروستر و واقیعیتر لە ناخ و لە دەروون و لە ئازارە ڕۆحییەکانی یەکتری تێدەگەن...! لە هەمان کات بە چاوی سۆز و بەزەییەوە دەڕواننە یەکتری ئەگەر بۆیان بکرێت هاوکاری و یارمەتی یەکتریش دەدەن. هەندێ جاریش، لە بەرئەنجامی بەدیهاتنی خۆزگە و ئاواتەکان و گەیشتن بە خەونە جوانەکان... مرۆڤەکان هەست بە حەقیقەت و تام و ڕەنگ و بۆی شتەکان دەکەن. هەر دەربارەی کۆمەڵگە ستەمدیدەکانەوە، کاتێك زنجیری گەردن و دەستەکانیان دەپچڕێت بە ڕۆژگارە پرشنگییە خۆرەتاوییەکانی ئازادی دەگەن، کاتێك بە واقیعی هەناسەکانی ئازادی هەڵدەمژن لەوێوە زیاتر هەست بە مانا واقیعییەکەی ئازادی دەکەن، لەوێوە میلۆدە ناسکەکانی موعاناتی ڕۆحی مرۆڤەکان هەست پێدەکرێت و بەها و مانا پەیدا دەکەن. لەوێوە زیاترمرۆڤ هەست بە خۆی و بە دەوروبەر و بە دنیای دەرەوەی دەکات.

## کورد وەك پێکهاتەیەکی خۆرهەڵاتییانە لە باری بیرکردنەوە و هەستەوە چ جۆرە مرۆڤێکە؟

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەخش و کاریگەری خۆیان هەیە بەسەر بیرکردنەوەکان و هەست و سۆزی مرۆڤ. لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە بەسەر هەستەکان و باری دەروونی مرۆڤەوە. کۆمەڵگەی کوردەواریش وەك زۆربەی کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدایە، وا خەریکە ئەم قۆناغە جێدەهێڵێت و پێ دەنێتە نێو قۆناغی سەرمایەدارییەوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشمان جۆری خێڵەکین. لەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش دابونەریت کاریگەری خۆیان هەیە و مرۆڤەکان کۆیلەی دابونەریتەکانن. لە قۆناغی دەرەبەگایەتی و لە جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێڵەکیدا خێزان کۆڵەگەیەکی دیار و چەسپاو دەبێت. گوێڕایەڵی و ڕێزگرتن و چەمانەوەی بچووك بۆ گەورە مەرجێکی داواکراوە لەم جۆرە پەیوەندییانەدا. کاردانەوەی ئەمجۆرە پەیوەندییانە کار دەکاتە سەر ڕۆح و باری دەروونی مرۆڤ...! هەر کەسێك و تاکێك کە گیرۆدەبێت بە دەست موعاناتە دەروونی و ڕۆحییەکان لەژێر کاریگەری ئەمجۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا، بێگومان موعاناتەکەشی لەو جۆرە دەبێت، واتە ڕۆح و هەستەکانی بچووك دەبێتەوە بە مانایەك (هەست و دڵی ناسك دەبێتەوە). لە باری مێژوو و



سیاسیشەوە لەوەتەی هەین خەونەکانمان سەردەبڕدرێت و ئومێدەکانمان زیندەبەچاڵ دەکرێت. ئەمەش گەورەترین گرێی دەروونی و گەورەترین کێشە و موعاناتی بۆ دروستکردووین. بۆیە کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکی دڵنەرم و بەبەزەییە لە باری دەروونییشەوە کۆمەڵگەیەکی ڕۆح شەقارشەقاربووی تێکشکاوە، بۆیە خەون و بیرکردنەوەکانی پڕاوپڕە لە سۆز. هەوڵ و تێکۆشانەکانی تاکی کورد هەمیشە بۆ مانەوە بووە، نەك بۆچوونە سەری ئاستی خۆشییەکانی ژیان. ڕۆحی مرۆڤی کورد وەك خاکێکی تێنوو پڕاوپڕە لە درز و برین، هەمیشە جۆگەلەی خوێنی پیادا ڕۆیشتووە، ڕۆحێکی تژییە لە موعانات. پەیوەندییەکان و مامەڵەی تاکی کورد لەگەڵ بەرامبەرەکانیان هەمیشە چەمانەوە و دەست لەسەر سینگ ڕاوەستان بووە (دەکرێت لێرەدا چاوێك لە هەڵوێست و ئاکار و ڕەفتاری سەرکردەکانی کورد بکەین لە هەموو قۆناغەکاندا). ئەوە بەرئەنجامی ئەو هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە لەپێشدا باسمان کرد بەمانای ئێمە لە باری سایکۆلۆژییەوە تێکشکاوین، ڕۆحێکی بچووکمان هەیە. بە خۆمان دەڵێین کۆمەڵگەیەکی هەست ناسکین، یاخود عاتفین. هەمیشە فرمێسك بە چاوی خەون و ئومێدەکانمانەوە دەبیندرێت.

## ئایا موعاناتە هۆکارەکانی خوڵقاندن، ئەوانەی موعاناتیان نییە چ جۆرە مرۆڤێکن؟

من پێموایە هیچ کەسێك نییە لە دنیادا موعاناتی نەبێت. مادام مرۆڤ بیردەکاتەوە و خەون دەبینێت، ئەوە مانای وایە موعاناتیشی هەیە. دەکرێت بەشێوەیەکی تر ئەم پرسیارە بکەین و بڵێین، ئەوانەی مامەڵەی دروست لەگەڵ موعاناتەکانیان ناکەن یان گوێ لە موعاناتەکانیان ڕاناگرن، چ جۆرە مرۆڤێکن؟ دەکرێت بڵێین ئەوجۆرە کەسانە کەسی نەرجسین، چونکە کەسە نەرجسیستەکان ئەوکەسانەن کە خۆیان لە سەرووی خەڵکانی ترەوە دەبینن. بەپێی ئەوەی چۆن بیردەکەنەوە چ شتێك بە خەیاڵیاندا دێت ئەوە دەبێتە بڕیاردەر بۆ ڕاپەڕندنی کارەکانیان. واتە گوێ لە هەست و موعاناتەکانیان ڕاناگرن و بەپێی هاوکێشەیەکیش کە دەڵێت (بیر لەگەڵ هەست پێکەوە کاردەکەنە سەر کاردانەوە و کردەوەکانی مرۆڤ. واتە بیر لەگەڵ هەست جوڵە و ئیرادەی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکان، بەڵام لەلای کەسە نەرجسیستەکان تەنها گوێ لە بیر ڕادەگرن، دەرگاکانی هەست و ناخیان قوفڵ دەدەن. واتە گوێ لە موعاناتەکانیان ڕاناگرن، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە بێباکن لەوەی چ جۆرە کارێك ئەنجامدەدەن. یان کارەکانیان چ جۆرە مەترسییەکی لێدەکەوێتەوە. ڕەنگە بەو کەسانە بڵێین موعاناتیان نییە! خۆی لە بنەڕەتدا موعاناتیان هەیە،

بەڵام گوێ لە موعاناتەکانیان ڕاناگرن. بەشێوە گشتییەکەش بەم جۆر و کەسانە دەڵێن ویژدانیان نییە، یان دڵیان ڕەقە. کەسە دیکتاتۆرەکان کەسی نەرجسین، ڕێژەی نەرجسییەتەکەیان هێندە بەرزە، گەیشتووەتە ئاستی نەخۆشی، بۆیە هەرچەندە تاوان و مرۆڤکوژی دەکەن شار و دێهاتەکان وێران دەکەن بە خەیاڵیاندا نایەت و لەلای خۆیانەوە پێیان وانییە تاوانێك یان شتێکی نائاساییان کردووە، چونکە دەرگاکانی دەروون و ناخ و هەست و موعاناتەکانیان داخستووە. ئەگەر بەراوردێکی ئەم بارە نەرجسیستییە لەگەڵ هیستریادا بکەین، دەبینین ڕێك بە پێچەوانەی یەکترین. کەسی هیستریکی زۆر بە قووڵی هەست بە ناخ و شعور و موعاناتەکانیان دەکەن و ئازاری زۆر بە دەست باری دەروونیان دەبینن. بچووکترین هەڵە و تاوان و کارێکی نەگونجاو ئازاری زۆریان پێ دەگەیەنێت و موعاناتەکانیان زیاتر دەبێت. ئیدی بەگوێرەی ئەم دوو دیمەنەی کە باسمان کرد، دەبینین کەسانێك هەن زیاد لە پێویست گوێ لە موعاناتەکانیان دەگرن و بە دەست موعاناتەکانیان لە میحنەتدان وەك کەسانی هیستریکی. کەسانێکیش هەن دەرگای ناخ و موعاناتەکانیان داخستووە و گوێ لە موعاناتەکانیان ناگرن تەنانەت ئەگەر تاوان و کاولکاریش بکەن، بە هیچ جۆرێك هەست بە تاوان و شەرمەزاری ناکەن. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسانی لەم چەشنەش گەلێك زۆرن، کەسە دیکتاتۆرەکانی لە چەشنی (هیتلەر و مۆسۆلۆنی و ستالین و سەدام و... زۆری تر)، هەموویان لەو جۆرە نەرجسیستییانە بوون کە باسمان کردن. جۆری نەرجسیستییەکەشیان (Psychopathic personality) یە بە مانای (کەسایەتی دەروون نەخۆش). واتە ئەو کەسانەی گوێ لە موعاناتەکانیان ڕاناگرن بەو پێیەی چییان بە خەیاڵ دادێت و لەو کاتەدا چۆن بیر دەکەنەوە بەو شێوەیە کارەکانیان ئەنجام دەدەن. ئەو جۆرە کەسانە کەسانی دەروون نەخۆشن کۆمەڵگەش بە دەستیانەوە گیرۆدە و هەراسان دەبێت. کارەکانی ئەمجۆرە کەسانە هەمیشە ئافات و کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە. کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکەی لای خۆشمان زیندووترین نموونەی تاوانکارییەکانی ئەوجۆرە کەسە دەروون نەخۆشانەن. لە کۆتاییدا حەزدەکەم ئەوەش بڵێم (مەرج نییە موعانات هۆکاری هەموو خولڤاندنێك و کارەسات و ڕووداوێك بێت).

■ بەشی دووەم:

■ تێگەیشتن لە قوتابخانەی سوریالیزم

- سوریالیزم وەك بیر، وەك داهێنان

- قوتابخانەی سوریالیزم و سیگمۆند فرۆید

■ دوو شاعیری پێشەنگی سوریالیزم

- پۆل ئیلوار

- رۆبێرت دیسنۆس

## سوریالیزم وەك بیر، وەك داهێنان

**(سوریالیزم بەرلەوەی ڕووانینێکی نوێخوازانە بێت بۆ ئەدەب و هونەر، فەلسەفەیەك بوو بۆ ڕێگای ژیان).**

### - کورتەیەك دەربارەی سوریالیزم

سوریالیزم بزووتنەوەیەکی مۆدێرنیستی ئەدەبی و هونەری بوو، لە هەمانکات تێڕوانینێکی ڕەخنەیی گشتگیریش بوو لە دابونەریت و لە ئایین و لە سیستمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و لە بنەما ئابوورییەکان و زۆر شتی تر، لەم ڕیگەیەوە ئامانجیان دەربڕینی بەها مرۆییەکان و گەڕانەوە بووە بۆ خود و ئاوێزانبوون بوو لەگەڵ گومان و نیگەرانییەکان و خەون و ئارەزووەکانی مرۆڤ. سوریالیزم هەروەك ئەندرێ بریتۆن لە زۆرشوێن باسی کردووە کە لە (خۆڵەمێشی دادابییەکان پێکهاتوون، یان درێژبوونەوەی ڕێچکۆڵەکانی دادابییەکانن بە داهێنان و ئیزافاتی نوێوە)، سوریالیزم بەدوای ساڵی ١٩٢٠-ەوە پێکهاتووە، مانیفێستەکەشیان لە ساڵی ١٩٢٤ لەلایەن ئەندرێ بریتۆن-ەوە ڕادەگەیەندرێت، کە تیایدا پێویستی و گرنگی پێکهاتنیان و پلاتفۆرم و بنەمای داهێنانەکانیان دەخاتەڕوو. وەك جیهانبینییەکی شارستانییانە بۆ ژیان و ئایندەی مرۆڤ، یان هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردن و وەبەرهەمهێنانی بیری مۆدێرن وەك ئامانجێکی بەڵگەنەویست لەنێو چوارچێوەی بیرکردنەوەکانی سوریالیزمدا. بۆیە چ ئەندرێ بریتۆن چ زۆرێك لە سەرچاوەکان، سوریالیزم وەك شۆڕشێکی نوێخوازی سایکۆلۆگیستی نێو پانتاییەکانی مەعریفە و داهێنان پێناسە دەکەن. سوریالیستەکان لە ئاستێکی فراوان سوودیان لە شیکارە دەروونییەکانی (سیگمۆند فرۆید و کارل یەنگ) وەرگرتووە، بەتایبەت ئیشکردن لەسەر ڕووبەرە نەستییەکان (unconscious) لەم ڕاستایە (نووسینی ئۆتۆماتیکی)یان داهێناوە، بەمانای (دەربڕینی



لەخۆڕایی) بەمانای بێ بیرکردنەوە و بێ کەوتنە ژێر کاریگەرییەکانی لۆژیکی بیر! کە ئەمەش پێیان وابوو ئەم تەرزە لە نووسین و دەربڕینە سەرچاوەکەی ڕاستەوخۆ لە قووڵاییەکانی ناخی مرۆڤ و لە ڕووبەرە نەستییەکانەوە هەڵدەقوڵێت. هەروەها ئیشکردن لەسەر (خەون و خوێندنەوەی هێماکانی خەون، یان پێشاندان و ئیشکردن لەسەر بارە نائاساییەکانی مێشك و دەروونی مرۆڤ) و بۆ تێڕوانینی میتافۆرسیانەش یان ئایدیالیستانە سوودیان لە هیگڵ وەرگرتووە، لەڕووی ستایل و وێنە و هونەری زمانەوانی لە سیمبولیستەکان زۆر نزیك بوون... و باوەڕیشیان بەوە هەبوو وڕێنەکانی مرۆڤ بنووسنەوە، لە ڕێگەی گرنگیدانیان بە زمان و ئاوێزانبوون لەنێو خەیاڵ و فەنتازیادا لەوێدا، لەنێو خەونەکانیان ناماقوڵی و نامۆیی و باری ناهەموار و نائاساییەکانیان هەست پێدەکرد. بۆیە زۆر بە چڕی بارە سەرسووڕهێنەر و ترسناکییەکانی واقیع و ژیانیان دەخستە ڕوو! (بە ستایلێکی نامۆ و خەونئامێز) بۆ شیعر و نووسینەکانیان زمانێکی ئیرۆسی و گرنگیان بە بەها ئیرۆتیکەکان دەدا. لەگەڵ ڕاگەیەندنی مانیفێستی سوریالیزم زۆرێك لە هونەرمەند و شاعیرانی دادابیەکان و زۆرێك لە نووسەر و شاعیرانی ئەوکاتەی پاریس، بەتایبەت لاوەکان هاتنە نێو ئەم بزووتنەوەیە. ناسراوترین هونەرمەندەکانی ئەوکاتە (جۆن میرۆ، مان ڕەی، ماکس ئێرنست، ڕێنی ماگریتی، سلفادۆر دالی و زۆرانی تر)، شاعیرەکانیش (جگە لە بریتۆن، لویس ئەراگۆن، ڕۆبێرت دیسنۆس، پول ئیلوارد، ڕێنی کریڤیل، مێسێل لێریس، بێنجامێن پێریت، تریستیان تزارا و زۆری تر...) سوریالیزم لە دە ساڵی یەکەم بە زۆرێك لە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و بەتایبەت ئەمریکای لاتین و لە ئاستێکی زۆربەرین و بە خێراییەکی کورتماوە کاریگەرییەکانی جێکەوتە دەبێت و بڵاودەبێتەوە. سوریالیزم بە هەمان شیوازی ئۆتۆماتیکی لە هونەری فۆتۆگرافی و دواتر لە هونەری سینەماش گرنگی پێدەدرێت و ڕاستەوخۆ بە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، واتە بە دوای ساڵی ١٩٤٥ بزووتنەوەی سوریالیزم بەرەو کپبوون و سستبوون دەچێت، هۆکارەکەش لەبەرئەوەی زۆربەی نووسەر و هونەرمەندەکانی بە ئەمریکا و بە دنیادا پەرش و بڵاو دەبنەوە.



### - سوریالیزم وەك بیر، وەك داهێنان

ئەوەی سەرەوە پێناسەیەك یان مێژوویەكی زۆر كورت بوو دەربارەی سوریالیزم. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ڕوانگەو جیهانبینی سوریالیستەكان یان وێنەیەكی گشتگیر و هەمەلایەنە لەسەر بیری سوریالیزم و داهێنانەكانیان بەشێوەیەكی كۆنكریت بخەینە ڕوو. بەوپێیەی هەموو داهێنانە نوێیەكان ڕوانگە و بیری نوێش بەدوای خۆیاندا دەهێنن، دەمانەوێت ئەم ڕوانگە و بیركردنەوە نوێیانە بخەینە ڕوو، ئەو شێواز و هۆكارانەش كە بیركردنەوە نوێكانیان پێ دەربڕیوە. یان بە دیوێكی تر مەبەستمانە قسە لەسەر زمانی نووسین و ستایل و شێوازی كاركردنی سوریالیستەكان بكەین. بە كورتی مەبەستمانە لە هەموو دەرگاكان لە سوریالیزم بچینە ژوورەوە بە ئومێدی ئەوەی لەوسەرەوە بە دیدێكی ڕۆشن بێینە دەرەوە. ئێمە گوتمان سوریالیزم درێژبوونەوەی دادابیزمە، یان لە خۆڵەمێشی ئەوانەوە دروست بوون. لەژێر ناوێكی تر و بە جیهانبینی و شێوازێكی نوێوە. بۆیە بەپێویستی دەزانم جیاوازییەكانیان بخەمە ڕوو تا وێنەیەكی ڕۆشنمان لەسەر سوریالیزم دەست بكەوێت. بە بڕوای من گرنگترین خاڵ لەسەر دادابیەكان زۆر گرنگە ئەوە ڕۆشن بكەینەوە، بۆچی دادابیزم وەكو سیمایەك یان پەیامێكی نێگەتیڤ لەنێو خوێندنەوەكان جێكەوتە ببوو. ئەمەش لەو هۆیەوە سەرچاوەی گرتبوو، یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەبوو كە تیایدا لە دایك ببوون. دادابیەكان لەژێر لرمە و شریخەی تۆپ و تانك و فڕۆكەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی لەدایك بوون تەمەنی دادابیەكانیش (١٩١٤-١٩٢٠) نزیكەی تەنها شەش ساڵێك بوو... لەو سەردەمانە، بەتایبەت لە ساڵەكانی سەرەتا، نەك هەر فەڕەنسا یان ئەڵمان یان ئەمریكا، بەڵكو هەموو دونیا لە ئامێزی تۆخترین هەرەس ڕاكشابوو، بە لایلایەی نائومێدی چاوی لێكدەنا، مەرگ و وێرانبوونەكان و خاپووربوونەكان و بێبەهاكردنی ژیان و شارستانییەت و بێبەهاكردنی هەموو شتەكان بەشێوەیەكی زۆر قووڵ لەنێو بیركردنەوەكانی دادابیەكان ڕەنگی دابوویەوە. كە لەلای ئەوان ژیان تا ئەوپەڕی تووڕەهاتی و بێمانایی تووڕەهات و بێمانا بوو! بۆیە گاڵتەیان بە هەموو شتێك دەهات، میزیان بە هەموو شتێك دادەكرد، لە ئاودەستەكان پێشانگایان دەكردەوە و وێنەی مۆنالیزایان دەشێواند! لە زۆرێك سەرچاوەكان لەپاڵ داهێنانەكانیان بە بزووتنەوەكی ئەنتی هونەر، بەتایبەت هونەری ئەكادیمی یان ئەنتی كۆمەڵگە دەیانناسێنن. ئەم بێئومێدبوون و نامۆیی و بێبەها سەیركردنی ژیان و شتەكانیش بە پووچگەرا و نەهیلیزم ناوی دەبەن. نەهیلیزمی



دادابیەكان سیمایەكی نێگەتیفی لێكەوتەوە... بەمانایەك دادابیەكان لەنێو هەناوی خۆیاندا پەیامێكی نێگەتیفیان هەڵگرتبوو! بەڵام سوریالیزم بە پێچەوانەی ئەوانەوە، لەپاڵ هەموو نامۆیی و نیگەرانی و تێشكان و هەڵوەشاندنەوەی دیاردە و واقیع و هەموو بارەكاندا پەیامێكی پۆزەتیڤیان لەنێو بیركردنەوە و داهێنانەكانیان جێكەوتە كردبوو. ئەمەش لەپاڵ داهێنانی نوێ و بیری نوێخوازی و بەشێك لە هۆكارەكانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە سوریالیستەكان لە سەردەمی دوای جەنگ لەدایك بوون. ئەوسەردەمانە سەردەمی بەسەركەوتن گەیشتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەر و سەدەی بیستەم ڕووەو هەستانەوە و ئاراستەی بیركردنەوەكان ڕووەو سەر بوون. متمانەكان بۆ ژیان و بەها مرۆڤایەتییەكان لە ئاستێكی بەرز بوون. شارستانییەت و گەشەی تەكنەلۆژیا ڕووەو پێشەوە بوون. ئەم ڕوانگە ئومێدبەخشییە بۆ ژیان و بۆ بەرز سەیركردنی مرۆڤ و بینینی ئاسۆیەكی ڕووناكبەخش بۆ ئایندە، ئەمە نەك تەنها لەلای سوریالیستەكان، بەڵكو لای زۆرێك لە قوتابخانە و بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەكانی ئەم سەردەمە ڕەنگی دابووەوە، بۆ نموونە هەر لەوسەردەمانە و ماوەیەك پێش ئەوان (فیوچەریزم- ئایندەییەكان) لە ئیتاڵیا، لەسەر بنەمای ئەوە دامەزرابوون كە خوازیاری تەكنەلۆژیای نوێ و خێرایی و وزە و گەشەی شار و شارستانییەت و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و زۆرێك لەوشتانەی كە لە خزمەت ژیان و مرۆڤدا بوون. یان قوتابخانەی (Constructivism بنیاتنەرەكان) لە ڕوسیا... ئەوانیش خوازیاری بیناكردنەوە و گەشەی تەكنەلۆژیا و گەشەی شارستانییەت و شتی لەم بابەتە بوون... تەنانەت (پۆست- ئیمپرۆسیۆنیزمەكانیش) كە لەكۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دروست ببوون، كە تا ئەوكاتانەش درێژەیان هەبوو ئەمانیش ڕوانگە و جیهانبینییەكانیان ڕووەو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و گرنگیدان بوو بە خەون و خەیاڵەكانی خودی مرۆڤ. ئامانجی سەرەكی سوریالیستەكانیش سەپۆرتكردن و سەلماندن و گەڕانەوە بوو بۆ خەون و ئارەزووەكان و بەرز ڕاگرتنی غەریزە و بەها مرۆڤایەتییەكان. ئیشكردن بوو لەسەر گۆشە و كایە جیاوازەكانی هەستە لاشعورییەكانی نێو ناخی مرۆڤ. دەیانەویست واقیع بگونجێنن لەگەڵ خەون و هیواكانیان... یان دەیانەویست شەڕ لەگەڵ واقیع بكەن، ئەو واقیعەی كە پڕاوپڕە لە دیاردەی ناماقووڵی و نامۆیی و هەڵی بوەشیننەوە و خوازیاری واقیعیك بوون كە لەنێو خەون و خەیاڵی مرۆڤەكاندا هەبوو، هەروەك "ئۆكتۆڤیۆ پاز" دەڵێت (سوریالیزم بزووتنەوەیەكی شۆڕشگێڕ بوو، چونكە ئامانجیان گەڕاندنەوەی ڕەسەن بۆ ڕەسەن بوو) بەمانایەكی تر، ئامانجیان گەڕاندنەوەی بنەڕەت و حەقیقەتی واقیعەكان بوو! دەتوانین بڵێین

ئەمــەش بنــەما و هێڵــە ســەرەکییەکانی زۆربــەی زۆری قوتابخانــە و بزووتنــەوەکانی ســەردەمی مۆدێرنیزم بوو، هیگڵ لەمبارەیــەوە دەربــارەی یــەکێك لــە جیاوازییــەکانی نێــوان ڕۆمانســیزم و مۆدێرنیزمدا دەڵێت (ڕۆمانسیزم وێنەی بابەت دەکێشێت پاشان لەگــەڵ خۆیــدا بــە ئەبســتراکتی دەکاتەوە، بەڵام مۆدێرنیزم خۆی بە پڕۆژە دەکات لەنێو بوونێکی چەســپاو و بابــەتی)، بەمانایــەك نیگا و ڕوانینەکانی ڕۆمانسییەکان لەسەر دەرەوەی خودی مرۆڤ بووە. وەك وەسفکردن و وێنــەگرتنی جوانییەکانی سروشت و خوداوەند و بابەتەکانی تر... بەڵام مۆدێرنیزم ڕاستەوخۆ ئیشی لەسەر خود و غەریزەکانی ناخی مرۆڤ کردووە، واتە لەنێو خەم و خەون و ئارەزووەکانی ناخی خۆیەوە بــۆ دەرەوە و ڕووبەرەکانی چواردەوری خۆی ڕووانیوە. ئەندرێ بریتۆن خۆی کەســێك بــووە دەربــارەی دەرمــان و نەخۆشی خوێندوویەتی، لە نەخۆشخانە لە بەشی دەروونی ئیشی کــردووە، بەتایبــەت لــە بەشــی عەمەلیاتی دەمار. لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهــانی بێئەنــدازە بــاری نائاســایی مێشــك و نائاسایی دەروونی سەربازەکان دەبینێــت کــە لــەژێر کاریگەرییــەکانی جــەنگ تووشــی شــێتی و داڕووخانی باری دەروونی و مێشکی ببوون. هەمیشە گوێی لە وڕێنــە و لــە قســە نائاســاییەکانی نەخۆشەکان دەگرت. ئەم بارە ناهەموارە زیاتر یارمەتیدەر بوو بۆی تا زیــاتر ئــاوێزان و تێکــەڵاوی مەعریفە و شیکارە دەروونییەکانی "سیگمۆند فرۆید" ببێت وە بە قــووڵی دەســت بــە دیراســە و خوێندنەوەیان بکات و لە نزیکیشەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ فرۆید دامەزرێنێت. سوریالیستەکان بەشــێوەیەکی گشــتی نزیکبــوون لــە فرۆیــد، جگــە لــە "بریتــۆن" ســلفادۆر دالــیش (لــە ئۆتۆبایۆگرافیکەکانی- ژیاننامەکانی)، لە چەندین شوێن باسی ئەوەی کردووە کە دووجار فرۆیدی بینیوە. بریتــۆن و سوریالیســتەکان لــەئاکامی پشتبەســتن بــە شــیکارەکانی فرۆیــد (نووســینی ئۆتۆمــاتیزم)یان داهێنــا. بریتــۆن دەربــارەی بابــەت و دەربــڕینی ئۆتۆمــاتیکی دەڵێــت (خێرایــی بیرکردنەوە یان نووسین بواری ئەوەت پێنــادات بکەویــە ژێــر ڕکێفــی لۆژیکــەکانی بــیر، وشــەکان بەشێوەیەکی دینامیکی لەنێو وێنەکان هاوئاهەنگییەکی هارمۆنی لەگەڵ یەکدا پەیــدا دەکــەن، یان مەرج نییە وشەکان لــە بــەرگێکی بابــەتی پــڕ مانــا دەربکــەون، پێویســتە خوێنــەر لــەژێر کاریگەرییەکان ببێتە جۆگەلەیەك لە بیری شــاعیرەکە و بەشــداری بکــات لــە بــەدوادا گــەڕان و کەشفکردنی ماناکان...). بۆ ئەم مەبەستە ئەدگارە نائاسایی و ناماقوولیەکانیان ڕەسم دەکرد، یان ئاستی بارە هەبیچوەل و نۆڕماڵە سواوەکانیان دەگۆڕی و بۆ ڕەتبــوون بــەنێو تخوبــەکانی نەســتی و مانەوە لەنێو پێگە قووڵەکانی خەون و حەقیقەتــەکانی نــاخی مــرۆڤ. "نووســینی ئۆتۆمــاتیکی"



دیارترین شێوازە کە سوریالیزم و سوریالیستەکانی پێدەناسرێتەوە. ئەوەش بەومانایــەی نووســینی لەخۆڕا و بەبێ کەوتنە ژێر لۆژیکی بــیر، ئەمــەش پێیــان وابــوو ئــەم شــێوە نووســین و دەربڕینــە ڕاستەوخۆ لــەنێو کێڵگــە نەســتییەکانەوە هەڵــدەقوڵێت... ڕاســتەوخۆ تــەعبیر لــە خەونــەکان و حەقیقەتی مرۆڤ دەکات. خاڵێکی تر کە پشتیان بە شیکارەکانی فرۆیــد بەســتبوو، (خوێندنــەوەی خەون و نەخشاندنی هێماکانی خەون) بوو، سوریالیستەکان هێندە بە چڕی ئیشیان لەسەر خەون و هێماکانی خەون دەکــرد، مەبەســتیان بــوو هــەنگاوێکیش لــە فرۆیــد تێبپــەڕن! بــۆ پێشــاندانی کاریگەرییەکانی خەون لەنێو باری نەستیدا دەیانەویست لە شــیکار و خوێندنــەوە و ئاکامــەکانی فرۆید هەنگاوێك بچنە پێش. ئەندرێ بریتۆن بەشێوەیەکی لێزانانە دەیگــووت (شــاعیرەکانمان لــە باری مەعریفییەوە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆحیدان، وا پێویست دەکات بەشێوەیەکی بیگەردتر ناخی خۆیان و سروشتی خەونەکانیان ڕەسم بکەن)، یان بۆ مەبەستی پێشاندان و سەلماندنی ئەوەی (کــە سوریالیستەکان توانای گۆڕین یان ڕاگــرتنی "نەهیلیســتی" بــەراییان هەیــە، بــۆ گەشــەدان بــە ئومێدەکانیان و ئەویش لــە ڕێگــەی بــاوەڕ بــە قــودرەت و تواناکــانی بــیری مــرۆڤ لــە دەربــڕینی یەکگرتنەوەی خەونەکان لەگەڵ ماتریالی حەقیقەتدا یان لەگــەڵ ژیــانی ڕاســتەقینەدا)، چــونکە یــەکێك لــە ئامــانج و ئەرکــە بەرجەســتەکانی ســوریــالیزم ئــەوەبوو گــۆڕینی دیــدگا و ڕوانگــە نێگەتیڤەکانی ژێر کاریگەرییە دەرەکییــەکان، بەتایبــەت کاریگەرییــەکانی جــەنگ و خــاپوور و وێرانکردنەکان، گۆڕینیان بۆ دیدگا و ڕوانگــە پۆزەتیڤــەکان و بیردکردنــەوەی تەندروســتییانە لــە ئاستێکی بەرزی ئومێد بە خــود و بــە ژیــان و ئاینــدە. ئیشــکردن لەســەر خــەون و ڕەسمکردنــی هێماکانی خەون لەنێو دەق و تابلۆکانی زۆرێك لە هونەرمەنــدە شــێوەکارەکانی سوریالیســتەکان دەبیندرا، بەتایبەت سلفادۆر دالی و ماکس ئێرنست یــان پــول ئیلــوارد و ڕۆبێــرت دیســنۆس-ی شاعیر کە بەئاگاهانە و زۆر بە چڕی ئیشــیان لەســەر چــەمك و ڕووبــەرەکانی خــەون دەکــرد لــەم ڕێگەیــەوە گومــان و نیگەرانییــەکانی مرۆڤیــان دەخســتە ڕوو. ڕووبــەرێکی تــر کــە لــەژێر کاریگەرییەکانی فرۆید ئیشیان لەسەر دەکرد ئەویش (بارە نائاساییەکانی دەروونــی مــرۆڤ- واتــە شێتی بــوو) لــەم ڕێگەیەشــەوە دەیانەویســت ناماقوڵییــەتی ژیــان و حەقیقــەتی کۆمەڵایــەتی و توندوتیژییەکانی دابوونەریتێکی دواکەوتوو پێشان بدەن. لە هەمانکات کاریگەرییەکانی شــەڕ و وێرانکارییەکان و چوونەدواوەی شارستانییەت کە چەندە کاریگەرییان دەبێت بەسەر بیر و مێشکی مرۆڤدا. بەمانایەك سوریالیستەکان لە ئاکامی پشتبەستن بە شیکارەکانی فرۆید ئیشیان لەســەر

ڕووبەرەکانی (باری نەستی، خەون و هێماکانی خەون، بارە نائاساییەکانی مێشکی مرۆڤ) دەکرد. بۆیە زۆرێك لە سەرچاوەکان سوریالیزم: بە بزووتنەوەیەکی فەلسەفی و سایکۆلۆژی پێناسەی دەکەن. هەر لەبەر ڕۆشنایی شیکارە دەروونییەکان و ئیشکردن لەسەر ڕووبەرە نەستییەکان سوریالیستەکان باوەڕیان بە نووسینەوەی وڕێنەش هەبوو. کە پێیان وابوو (تۆخمە ناماقووڵە باوەکانی نێو خەون جۆرێکی دیاریکراوی چەسپیوون لەنێو وڕێنەکاندا بەدەردەکەون، ئەمەش بۆ ئەم مەبەستە پراکتیزە دەکرا وەك بەڵگەیەك بۆ دەرخستنی حەقیقەتی ژیان)، هەروەها سوریالیستەکان بۆ ڕوانینی ئایدیالیستانەیان لەمەڕ بابەت و ڕۆح و باوەڕ و بەتایبەت بۆ بیری میتافۆرسی لەنێو دەق و ئایدیاکانیان پشتیان بە تیۆرانینەکانی"هیگڵ" دەبەست، لە هەمانکات لەژێر کاریگەرییەکانی ماتریالیزمی دیالێکتیکی "مارکس"یش بوون، ئەوەتا بریتۆن لە مانیفێستی دووەمی ساڵی ١٩٢٩دا دەڵێت (بەشێکی سەرەکی لە وەزیفە و ئەزموونی سوریالیزم ئەوەیە بەچاوێکی ڕەخنەوە لە تیۆری واقیع و ناواقیعییەت بڕوانێت، یان دەڵێت، میتۆدی دیالێکتیکی تاکە ڕێگایەکی بە هادارە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان) و لەهەمانکات بانگەشەی ماتریالیزمی مێژووییشیان کردووە. یان "بەرباره ڕۆس"ی نووسەر لە پێشەکییەك بۆ کتێبی (دنیای ڕاستەقینەی سوریالیستی)دا دەڵێت (بیری سوریالیزم لەژێر کاریگەرییەکانی دوو ئایدیۆلۆژیای ڕادیکاڵدا بوو، ئەویش چەمکە سایکۆلۆژییەکان و ئایدیۆلۆژیای مارکس بوون، بۆیە سوریالیستەکان باوەڕیان بەوە هەبوو کە هونەر دەتوانێت دنیا بگۆڕێت).

بیری سوریالیزم بەشێوەیەکی گشتی بیرێکی نوێخوازانە و لە هەمانکات ڕەخنەیی بوو، چونکە سوریالیزم هاوتەریب بوو لەگەڵ سروشتی ناخی مرۆڤ و لەگەڵ ژیان و ئامانجی گۆمەڵگەدا، زیاتر وەزیفەیان لە ئەدەب و هونەر و ڕوانینیان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی کۆمەڵگە جۆرێکی جودا بووە لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیان، هەمیشە لە هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەدا بووین... لەلایەکی ترەوە هەوڵیان دەدا بیرکردنەوەکانیان مانا پەیدا بکەن بۆ بەرهەمهێنانی بیری مۆدێرنە، بیری مۆدێرنەش لای سوریالیستەکان بۆ گۆڕینی بوار و حاڵەتاکان بوو، تەنها تەجروبەیەکی ڕووتی هونەری نەبوو، بۆیە دەبینین بریتۆن لە مانیفێستی ١٩٢٤دا ئەوە ڕادەگەیەنێت (کەوا سوریالیزم شێوازێکە بۆ دەربڕین ئەم و هاوبیرانی دایان هێناوە و بەکاری دەهێنن بۆ ڕزگارکردنی ئەوانیتر)، ئەو سەردەمانەی ئەوان تیا دروست بوون، چ بنەما ئابوورییەکان و چ تەکنەلۆژیا و پەیوەندییە



کۆمەڵایەتییەکان و شارستانییەت لە ئاستێکی تردا بوون، بیرکردنەوە و ئومێد و خواستەکان بە جۆرێکی تر بوون... بەپێی لێکدانەوەکانی مارکس-یش (ئاڵوگۆڕ لە بنەما ئابوورییەکان لە هەمانکات ئاڵوگۆڕی فیکریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت). بەمانای هەر ئاڵوگۆڕێك لە ژێرخانی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی گۆڕانی سەرخانەکەشی. سوریالیستەکان گەورەترین گۆڕان و داهێنان لە (دەربڕینی ئۆتۆماتیکی) دەخەنە ڕوو، کە ڕاستەوخۆ ئیشکردنە لەسەر هەستە نەستییەکانی مرۆڤ، قووڵایی ناخ و خەونەکانی مرۆڤ. لەنێو فەنتازیا و خەونەکانیان وێنەی واقیعیان دەکێشا، لەنێو بیرکردنەوە و داهێنانەکانیان هەست بە پیرۆزی بەها مرۆڤایەتییەکان دەکرێت، بۆیە ڕەخنەی ڕیشەیی و تیژیان ئاراستەی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکرد. بە ئەندازەیەکی زۆر تەرکیزیان خستبووە سەر ڕەخنەگرتن لە دابونەریتی دواکەوتووانە و لە کاریگەرییەکانی ئایین و لە سیستمی دەسەڵات و لە هەموو شتێك، چونکە ئەوان ئیشیان لەسەر مرۆڤ و ڕووبەرە گشتییەکانی نێو ناخی مرۆڤ دەکرد و لەلایان ڕۆشن بووە کە دابونەریتی دواکەوتووانە چ کاریگەرییەکی نێگەتڤی لەسەر دەروون و ناخ و گەشە و کەسایەتی تاکەکان جێدەهێڵێت! یان کاریگەرییە سلبییەکانی ئایین بەتایبەت بەسەر ڕۆح و باری نەستی مرۆڤ... شەڕکردن لەگەڵ ئەم واقیعە و لەگەڵ ئەم هۆکار و ڕووبەرانەی کە بەربەستیان دروست دەکرد لەبەردەم مومارەسەکردنی حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ، چەمکەکانی ئازادی و تێکشکانە دەروونییەکان هەموو ئەمانە تا ئاستی یاخیبوون بە گژیا دەچوون... (بۆیە هەمیشە وەك مرۆڤی یاخی، یاخییەکی سەرکەش دەردەکەوتن... یاخی لە بەرانبەر دابونەریت و ئایین و یاخی لە دەسەڵاتی پارێزگارانەی کۆمەڵگە)، لێرەدا هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بەرەو مەدەنییەت لە ئاستێکی بەرز هەستی پێدەکرێت، لەڕێگەی دەستبردن بۆ هۆکارەکانی وشیارکردنەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەر زوو بە تیژترین شێوە دەستیان برد بۆ ڕەخنەی ڕیشەیی لە جەستە و عەقڵییەتی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیر، سوریالیزم وەك شۆڕشێکی مەعریفی و نوێخواز بۆ ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگە ڕووەو مەدەنییەت و شارستانییەت... ڕاستە سوریالیستاکان لە ڕاستای گۆڕانی کۆمەڵگە، هەڵگری بیروباوەڕێکی ڕەخنەیی و تەنانەت سیاسی و فەلسەفیش بوون، بەڵام لە ڕووی داهێنانی ئەدەبی و هونەرییەوە، زۆر وریا بوون هیچ کاتێك ناوەڕۆکی نووسین و تابلۆکانیان ڕووکەشانە دەرنەدەبڕی بۆ ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکانیان لە ئاستێکی باڵا دابوو، سوریالیستەکان لە سیمبولییەکانەوە زۆر نزیك بوون لە باری ئەدەبی و زمانەوانییەوە کاریگەرییەکانی (بۆدلێر و

رامبۆ و مالارمێ)یان بەسەرەوەبوو، سوریالیزم ستایلێکی دیاریکراوی نەبووە لەنێو چەندین ستایلی جۆراوجۆر گەمەی کردووە، بەڵام گرنگی زۆریان بە زمان داوە، لە ڕێی زمانەوە چڕی وێنەکان و ورێنەی خەونەکان و بە شێوازی دەربڕینی ئۆتوماتیکییانە ڕووبەری نەستەکانیان دەخوێندەوە. زمان و نوێکردنەوەی زمان ئامانجێکی سەرەکی و لەپێش هەموو شتێکەوە بووە، بۆ تێگەیشتن لە زمان و وشە ئەراگۆن بەپێی ئەزموونەکانی خۆی بەوە گەیشتبوو کەوا فەرهەنگەکان مانای تەواو بۆ وشەکان دەستەبەر ناکەن، مانای ڕاستەقینەی وشەکان بەپێی سروشتی وێنەوبرگەکان دەگۆڕدرێن... یان گرنگی ڕۆڵی وشە لە پێکهاتنی دەنگ و مانادا، لە شێوازی نووسینی ئۆتۆماتیکی لای سوریالیستەکان هەستیان بەوە کردبوو کە وشە لە پەیوەندی توندوتۆڵدان لەگەڵ یەکتریدا، یان دەتوانن بەسەر پەیوەندی نێوان وشەکان زاڵ بن، ئەویش لە ڕێگەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمان، لەنێو وێنەکان و خەون و خەیاڵ و هەستە نەستییەکاندا، "ئۆکتۆڤیۆ پاز" دەربارەی "دەربڕینی ئۆتۆماتیکی" دەیگووت (باوەڕهێنانە بە ناسنامەی نێوان قسەکردن و بیرکردنەوە، مرۆڤ قسەناکات لەبەرئەوەی بیردەکاتەوە، بەڵام بیردەکاتەوە لەبەرئەوەی قسە دەکات!) "ئەندرێ بریتۆن" دەربارەی خولقاندنی مانا لەنێو تابلۆ و وێنە شیعرییەکانیان داوای لە هونەرمەند و نووسەرەکان دەکرد خۆیان ڕزگار و ئازاد بکەن... پول ئیلوارد-یش باس لە داهێنان و ڕۆڵی گرنگی زمان دەکات بەشێوەیەکی بەهێز و لە ئاستێکی بەرز، لە بارەی فیکرەی شیعریش دەڵێت (نووسینی شیعر چیتر دەربڕینێك نییە یان فیکرەیەك یان پێشاندانی هەستێك، بەڵکو نەخشاندنی وێنەیەکی هەمەلایەنەی جدییە ئەوەش گرنگ نییە لەنێو





بابەتەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا بیانخەینە ڕوو، یان هەر پول ئیلوارد دەیگووت (وێنە شیعرییەکانم بیرکردنەوەیە لە خۆم...!) سوریالیستەکان، چونکە لەڕێگەی زمانەوە ئیشیان لەسەر کێڵگە جۆراوجۆرەکانی ناخی مرۆڤ و خەونەکانی مرۆڤ دەکرد، یان وێنەی واقیعێکی شایستە بە مرۆڤیان لەنێو خەونەکانیان ڕەسم دەکرد. بۆیە زمان لە ئاستێکی بەرزی داهێنان و نوێبوونەوەدا بوو، (داهێنانەکانی "بریتۆن" وەك مالارمێ شۆڕشێکی زمانەوانیش بوو) یان گەمەکردن بە وشە و دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژەکان شێوازێك بوو لەلای ڕۆبێرت دیسنۆس بە خەستی پراکتیزە دەکرا. زۆرجارانیش بە زمانێکی سادەی پڕ لە شەهوەت بەمانای بە زمانێکی ئیرۆسی دەیاننووسی.

- هەروەها هونەری شێوەکاریش ڕووبەرێکی پان و پۆڕی لەنێو بزووتنەوەی سوریالیزم داگیرکردبوو، هەندێك لە سەرچاوەکان سوریالیزم بە بزووتنەوەی هونەری شێوەکاری ناو دەبەن یان بە قوتابخانەی سلفادۆر دالی، هونەرمەندە شێوەکارەکان دەیانەویست لە ڕێگەی تابلۆکانیانەوە، ناماقوڵییەت و دیاردە سەرسووڕهێنەرەکان و ترسناکەکانی واقیع ڕەسم بکەن. یان ڕەسمکردنی هێماکانی خەونەکانیان لە ڕێگەی دەربڕینی ئۆتۆماتیکی بیانخەنە ڕوو. سلفادۆر دالی و ماکس ئێرنست زۆر بە چڕی ئیشیان لەسەر خەون و هیماکانی خەون دەکرد، بۆیە تابلۆکانیان تا ئاستێکی بەرز نامۆ و سەیر و سەمەرە دیار بوو... زیاتر وێنە و تەعبیرکردنەکانیان لە دنیای خەون و دنیایەکی ترسناکی دوور لە واقیع دەچوو، (بەڵام واقیعی ڕاستی و بنەڕەتی ئەو واقیعە بوو کە ئەمان ڕەسمیان دەکرد بە هەموو شێوە ناشاز و نامۆ و ترسناکەکانییەوە!) "سلفادۆر دالی" زۆر ڕوون و ئاشکرا دەیگووت (دەمەوێت تابلۆکانم نیگەرانی پەخش بکەن)، بەڵام بەوپێیەی وشەی سوریالیزم بە مانای سەررووی واقیع دێت، بە مانایەکی تر یانی ڕوانین لەو واقیعەی کە لەنێو خەون و خەیاڵەکان هەستی پێدەکرێت، ئەوانیش لەنێو خەونەکانیان ڕەسمی واقیعیان دەکێشا، زۆر جاران ئەو واقیعەی کە خۆیان خوازیاری بوون! واقیعێکی شایستە بە مرۆڤ و پڕاوپڕ لە بەهای مرۆڤایەتی! ئیشکردن لەسەر ڕووبەری نەستی و فەنتازیا و خەون و خەیاڵەکان، شێوە ئیشکردنێك و شێوازێك بوو سوریالیستەکانی لە شیکارە دەروونییەکان نزیك کردبوویەوە، تا ئاستی ئەوەی بڵێین (سوریالیزم بەختی باشی بەخشیبوو بە دیراسەکردنی دەروونزانی) بۆ ڕەسمکردنی گومان و نیگەرانییەکانی خود، هەڵوەشاندنەوە و بارە ناهەموارەکانی حەقیقەتی ئێستا و هەنووکە، کە بە نامۆ و ناماقوڵییەت پێناسەیان دەکرد... هەر لەنێو ئەم هونەری شێوەکارییەدا لە شێوازێکی زۆر نوێ و تازە کاریان دەکرد، ئەویش تێکهەڵکێشانی دوو بابەتی جیاواز لە یاك دیمەندا وەك چەمکی

پارادۆکسی لەنێو نووسین و وێنە شیعرییەکاندا، بەڵام جیاوازییەك لەگەڵ چەمکی پارادۆکسی ئەوەبوو، پارادۆکس ئاوێزانبوون و گونجاندنی دوو دەستەواژە، یان ڕستە، یان وشەی دژ بەیەك و پێچەوانەیە لە یەك وێنە، یان لە یەك پەرەگرافدا، بەڵام لای ئەمان تێکهەڵکێشان و گونجاندنی دوو شتی جیاواز بوو، بەڵام مەرج نەبوو ئەو دوو شتە دژ و پێچەوانەی یەکتری بن. باشترین نموونەش بۆ ئەم شێوازە تابلۆی (Rouge Le modele) ڕینی ماگرێتییە، کە تێکهەڵکێشانی (پێڵاوێك- لە شێوەی پووت لەگەڵ پەنجەکانی پێی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٣٥)، ئەم شێوازەش زۆر بە ئاشکرا شەڕکردن لەگەڵ واقیع و هەڵوەشاندنەوەی دابونەریتە باو و تەقلیدییەکانی پێوە دەبینرێت! یان ڕەتکردنەوەی ئەو ژیان و بارە کۆمەڵایەتیەی نامۆ و جیاوازە بە حەز و ئارەزوو و خواستەکانی مرۆڤ بە مانای ژیان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دوو شتی جیاوازن لەگەڵ یەکتریدا و مرۆڤ خوازیاری گۆڕانییەتی! جگە لە "ڕێنی" زۆرێك لە هونەرمەندە شێوەکارەکان لەسەر ئەم شێوازەش ئیشیان دەکرد بۆ نموونە سلفادۆر دالی لە تابلۆی (سیما و سەبەتەی میوە لە کەنار دەریا ١٩٣٨) یان ڤیکتۆر برۆنێر لە تابلۆی (ژنێك لەنێو پشیلەدا ساڵی ١٩٤٠) یان فریدا کالۆ لە تابلۆی (مامزێکی بریندار لە ساڵی ١٩٤٦)دا... بەسەدان تابلۆی تر لەم شێوەیە شێوازێکی تر کە هونەری شێوەکاری سوریالیستی ئیشی زۆری لەسەر دەکرد نزیککردنەوە و توندوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان شیعر و تابلۆ و یان هێڵکاری و تێکست یان وشە و ڕەنگ... بۆ نموونە پول ئیلوارد شیعرێکی لەژێر تابلۆیەکی پیکاسۆ نووسیبوو بە ناوی (ڕەنگکردنی وشە)هەر پێشکەکەش بە ئەمیشی کردبوو... و ئەندرێ بریتۆن لە نووسینێکدا باس لەم نزیکبوونەوە و کاریگارییەکانی نێوان نووسین و تابلۆ دەکات و لەمبارەیەوە خۆیان بە



قەرزارباری پیکاسۆ دەزانی. نووسینی شیعر لەسەر تابلۆ و هێڵکاری، یان کاری هێڵکاری لەسەر تێکست، ئەمەش لە پێناو بەرفراوانکردنی ئەم پەیوەندییەی نێوانیان، نەهێشتنی سنوور لەنێوان



دووجۆری دەربڕیندا بە تەکنیکی ئۆتۆماتیزم بەبێ ئەوەی یەکێکیان لە خزمەت ئەویدیدا بێت.

ڕووبەرێکی تر کە سوریالیستەکان ئیشی زۆریان لەسەر دەکرد، مامەڵەکردن بوو لەگەڵ عەشق و خۆشەویستی. زمانی شیعر یان زمانی نووسین لای زۆرێك لە نووسەر و شاعیرانی سوریالیست، زمانێکی ئیرۆسی و شیرین بوو. زمانی ناخ و ڕۆح و غەریزەکان و زمانی خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤ بوو... قسەکردن بوو لەگەڵ ڕۆژە تاریك و ڕووناکەکانی یادەوەری، قسەکردن بوو لەگەڵ پەیکەرە بێدەنگەکانی نێو بازنە چەپێندراوەکان... خۆشەویستی وەك پێداویستییەکی ڕۆحی و مرۆیی، خۆشەویستی یەکێك لەو بابەتە گرینگ و جوانانە بوو کە لەنێو شیعرەکانی سوریالیستەکان بە زمانێکی قووڵ و سادە و ڕۆشن بەتایبەت لە ساڵەکانی شەڕ وەك ئەوانەی (ئەراگۆن بۆ لیزا و پول ئیلوارد بۆ نوچە و دیسنۆس بۆ یۆکی و ئەندرێ بریتۆن بۆ ئەلیسا...) یان دەنووسی. خۆشەویستی گەورەترین و قووڵترین هەستی خود بوو بۆ دەربڕینی هەستی مادی و ڕۆحی بەرامبەر بە ئایندەی مرۆڤ و ژیان و دونیا، یان پێیان وابوو خۆشەویستی بە تەنیا لە بەرزترین ئاست ئاوێتەبوون دروست دەکات لەنێوان بوون و ناخ و هەستدا. ئەم دەربڕینی هەستی خۆشەویستییە لەنێو تابلۆکانی شێوەکاری و زۆرێك لە وێنە فۆتۆییەکانی "مان ڕەی"ش دەبینرا. شیعری خۆشەویستی هەمیشە سیمایەکی دیار بووە لەنێو شیعری سوریالیستەکاندا... شیعرەکانی پول ئیلوارد و بریتۆن و جۆسی مانسور و جاکیس بەرنارد و زۆرانی تر تا سەر ئیسقان لێوانلێو بوون لە هەستی ناسکی مرۆیی و تابلۆ و دیمەنی ڕۆمانسی و کەڤرێژ بوون بە مەسەلە ئیرۆتیکەکان، دیارە ئەم مامەڵەکردن و ئاوێزانبوونە لەگەڵ چەمکی عەشق و خۆشەویستی سەرچاوەکەی لە ململانێ و ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژییانە هاتووە، ئەگەر لە هاوکێشەی (خۆشەویستی و مەرگ) بڕوانین و ململانێی نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە کە فرۆید بە ململانێی نێوان (ئیرۆس و پاناتۆس) ناوی دەبات... خۆشەویستی لێرەدا بە مانای ژیان یان مانەوە، سوریالیستەکانیش زۆر بە ئاگاهانە هەمیشە لەنێو ئەم ململانێیە بەرگرییان لە ژیان و مانەوە دەکرد، لەپاڵ دەربڕینی ئەم هەستی خۆشەویستییە. حەز و تامەزرۆیی و شەیدایی لەزەتاوییان دەورووژاند. وروژاندنی بابەتە سێکسییەکان چ لەنێو تابلۆکان چ لەنێو شیعر و نووسینەکان زۆر دەبینرا، بۆ نموونە شیعرێکی پول ئیلوارد بە ناوی (شێوەی چاوەکانی تۆ ١٩٢٦) یان شیعرێکی جۆسی مانسور بە ناوی (من دەمەوێ لەگەڵ تۆدا بخەوم ١٩٥٥)، لەنێو شیعری سوریالیستەکان نموونەی لەم بابەتانە زۆرە کە بە شیعری خۆشەویستی ناسراون، لە هەمانکاتدا پڕاوپڕن لە خەیاڵ

و لە وێنە و دیمەنی سێکسی. بەشێوەیەکی گشتی سوریالیستەکان بیرکردنەوە و ڕوانگەیان ڕۆشن بوو بەرامبەر مەسەلە سێکسییەکان پێیان وابوو چەمکی سێکس بەهایەکی مرۆیی هەیە و لە هەمانکات پێداوەستییەکی مرۆییشە... ئەم تێڕوانینەیان مەودایەکی ڕادیکالیزم و مۆدێرنانە و پاشخانێکی فیکری و مەعریفیشی لە پشتەوە بوو. بۆیە زۆر بە توندی دژایەتی ئەو سەرچاوە و کەنالانەیان کردووە کە ڕێگری و بەربەستیان لەبەردەم بیری پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگە و لەبەردەم ئازادییەکانی مرۆڤ دروست دەکرد سەرچاوە و کەناڵەکانیش لە پێشەوەی هەموویان دابونەریت و ئایین بوون. بۆیە سوریالیستەکان تا ئاستی یاخیبوون دژایەتی دابونەریت و ئایین و هەموو پێکهاتە و بونیادە موحافەزەکارەکان و تەقلیدییەکانی سیستمی بۆرجوازییانەیان دەکرد. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە بەرگرییان لە ئازادیی سێکس دەکرد، بە چاوێکی یەکسان سەیری ڕەگەزی مێ و بەرگرییان لە ئازادییەکانی مێ و نەمانی چەوسانەوەی ڕەگەزی مێیان دەکرد، لە هامانکاتیش دیاردە جۆراوجۆرە سروشتییەکانی سێکسی-یان بەلاوە ئاسایی بووە و بەچاوێکی سووك و نزم سەیریان نەکردووە... بۆ نموونە دیاردەکانی وەك کەسانی "هۆمۆسێکسوەل" بەمانای ئەوکەسانەی کە تەنها لەگەڵ کەسی هاوڕەگەز و هاوشێوەی وەك خۆیان سێکس دەکەن وەك (گەی، لەزبیان). یان "بایۆسێکسوەل" بە مانای ئەوکەسانەی لەگەڵ ڕەگەزی هاوشێوە و لەهەمانکات لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازیش سێکس دەکەن... هەرچەندە زۆربەی زۆری کرداری سێکسی لە شێوەی "هیترۆسێکسوەلی" بووە لەنێوان تاکەکانی سوریالیستەکان... هیترۆسێکسوەلیش بەمانای ئەوکەسانەی تەنها لەگەڵ ڕەگەزی شێوەجیاواز سێکس دەکەن، وەك (ژن و مێرد) سوریالیزم بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەکانی سێکس و پەیوەندییە خۆشەویستییەکان و کێشەی ژنان لە وتاری (شۆڕشی سوریالیزم لە ساڵی ١٩٢٧) لە "نۆ" کێشەی دیاریکراو یەکێکیان تایبەتە بە مەسەلەی سێکس و پەیوەندی خۆشەویستی... لەمبارەیەوە، هێرشێکی توندی ڕەخنەیی دەکەنە سەر هونەرمەند (چارلی چاپلن) لەبەرئەوەی لە پەیوەند جیابوونەوە لەگەڵ ژنەکەی دڵسۆزانە لەگەڵیدا مامەڵەی نەکردووە. بۆیە دەبینین ژنانی هونەرمەند، بەتایبەت هونەرمەندانی شێوەکار لە ئاستێکی زۆر فراوان ڕوویان لە سوریالیزم دەکرد، بەجیا لەوەی سوریالیزم وەك بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی چەندە کاریگەری خۆی هەبووە چەندە جێگای ئەفراندن و داهێنان بووە. بەجیا لەوەی کەسایەتیە هونەرییەکانی وەك سلفادۆر دالی و پیکاسۆ و ماکس ئێرنست و ڕێنی ماگرێت و یان نووسەرەکانی وەك پول ئیلوارد و ئەراگۆن و تزارا و ئەوانی تریش چەندە لە ئاستێکی بەرین



ناویان دەرکردبوو و لەنێو داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکان بە کەسانی بلیمەت ناسرابوون... بەجیا لە هەموو ئەمانە، چونکە بیرکردنەوەی پێشکەوتووخوازانە و مەدەنییانە بۆ داهێنان و بۆ ژیان و گۆڕانی کۆمەڵگە و بۆ چەمکە ئازادییەکان، بۆ پەیوەندییەکانی عەشق و خۆشەویستی و هەست و سۆزەکانی مرۆڤ، بۆ مافە مەدەنییەکانی تاك و بەها مرۆییەکان و بۆ چەمکە ئیرۆتیکاکان لەنێو بیری سوریالیزم دەبیندرا... ئەمە وای کردبوو ژنانی هونەرمەند بە شۆڕوشەوقێکی زۆرەوە بیری سوریالیزم قەبووڵ بکەن و بێنە نێو بازنەی چالاکییەکانیانەوە و لەژێر ناوی سوریالیزم درێژە بە داهێنان و ئیشکردنەکانیان بدەن. ئەندرێ بریتۆن لە ساڵی ١٩٢٩ لە وتاری (کێشەی ژنان) دەنووسێت (هیچ کامێك لە بزووتنەوە هونەرییەکان لە سەردەمی ڕۆمانسیزمەوە هێندەی سوریالیزم زۆرترین ژنی هونەرمەندی بەخۆوە نەگرتووە، کە کاریگەرییەکانیان مانادار و بەرچاوبێت لە داهێنان و ڕۆڵیان هەبێت لە ژیانی پیاوەکاندا، هیچ کام لەم بزووتنەوە هونەرییانە ئەم ڕۆڵە شۆڕشگێڕانەیان بە ژنان نەبەخشیوە. هیچ کاتێك هێندەی سوریالیزم ژنی چالاکیان لەنێودا نەبووە!) بزووتنەوەی



سوریالیستی بە یەکێك لە بزووتنەوە ڕادیکاڵەکانی نێو مێژووی ئەدەب و هونەر دادەنرێت. دیاردەیەك کە زۆر بەرچاو بوو پەیوەندییەکانی خۆشەویستی، یان پێکهێنانی خێزان واتە پەیوەندی ژن و مێردایەتی زۆر باو بوو لەنێو تاکەکانی سوریالیستەکان بۆ نموونە (ئەندرێ بریتۆن و جاکلین، پول ئیلوارد و نوچە، ماکس ئێرنست و لیونۆرا کاریانگتۆن، بنجامین و ڕیمێدیۆس ڤارا، گالە و سلفادۆر دالی (گالە لە سەرەتاوە خێزانی پول ئیلوارد بووە بەڵام بەیەکەوە ناگونجێن و جیا دەبنەوە)، زۆری تر...). هۆکارێکی تر کە

ژنانی هونەرمەند روویان لە سوریالیزم دەکرد کە لەو سەردامانە داهێنان و پێشانگەکانی سوریالیزم ناو و دەنگ و شوهرەتێکی جیهانی و ئەنتەرناشیۆنالی هەبووە، ئەمەش رێگاو کەناڵێکی گونجاو بووە بۆ دەرکەوتن لە ئاستێکی جیهانیدا. ژنانی سوریالیست ئازادانە خواست و هەستی ژنانەی خۆیان و خەوەنەکانیان و لەهەمانکات ڕیگرییەکان وئازار و میحنەتەکانیان لەنێو تابلۆکانیان دەردەبڕی، ئازادانەش مەسەلە سێکسییەکانیان دەورووژاند و وێنەی خۆیان بە رووتی دەکێشا، جەستەی خۆیان بە پەنجەکان و فلچەکانی خۆیان دەکێشا. کە پێشتر زیاتر پیاوەکان وێنەی رووتی ژنانیان دەکێشا، بەڵام لەنێو ژنانی سوریالیست ئەم سنوورە بەزێندرا و خۆیان قسەیان لەسەر جەستەی خۆیان دەکرد و جوانیاکانی جەستەی خۆیانیان بە فلچەکانی دەکێشا. کە ئەم جەرائەتە لە ژنانی پێش خۆیان کامتر بووە یان هار نەبووە، بەمانایەك وەك چۆن شاعیرەکان ئیرۆسییانە دەیاننووسی، ئەمانیش ئیرۆسییانە تابلۆکانیان دەکێشا. گرنگیدان بە مەسەلە ئیرۆسییەکان و تەرکیزکردنە سەر پۆنۆگرافی، واتە وێنەکێشانی جەستەی رووت نەك تانها لای ژنانی شێوەکار، بەڵکو ئەمە شێوازێکی دیاری سوریالیزم بووە، بەڵام ژنانی سوریالیست ئازایانە رەچە و سنوورە تەقلیدییەکانیان تێکشکاند! هەندێك لە سیما دیار و بەناوبانگەکانی ژنانی سوریالیزم ئەمانەی خوارەوە بوون (جاکلین بریتۆن، کەی سەیك، لی میللەر، لیۆنۆرا کارینگتۆن ڤالیتاین هۆگۆر، ریمۆدیۆس ڤارا، نوچە ئیلوارد، فریدا کالۆ، ریتا لارسین، لیۆنۆر فینی و... زۆری تر).



- لەنێو بزووتنەوەی سوریالیزم لەپاڵ هونەری شێوەکاری هونەری فۆتۆگرافیش گرینگییەکی زۆری پێدەدرا و داهێنانی بێوێنەی تیا دەکرا. لەڕێگەی وێنەکانەوە، هەوڵی ئەوەیان دەدا



لەنێو ڕێڕەوی هەستە نەستییەکانیان بگەنە گێڵگەی خەونەکانیان، هونەری فۆتۆگرافی رۆڵێکی ناوەندی و سەرەکی دەبینی لەنێو چالاکییەکانی سوریالیزمدا، بەهۆی هەوڵەکانی (مان رەی و مۆرسین تانارد) پرۆسیجەر و شێوازی نوێ و تازەیان بەکاردەهێنا وەك (دەرکەوتنی دووانە و تێکهەڵکێشانی چەند وێنەیەك یان چەند دیمەنێك بەکاری مۆنتاژ)، کە لە ڕێگەی ئەم داهێنانە نوێیەیان بە شێوەیەکی دراماتیك پەیوەندییەکانی نێوان خەون و حەقیقەتیان دەورووژاند، هەندێك فۆتۆگرافیستەکانی تریش تەکنیکی تریان بەکاردەهێنا وەك (خولاندنەوە- Rotation، یان شێواندنی جەستە و دیمەنەکان Distortion)، ئەم شێواز و داهێنانەش یارمەتی دەدان تاکو خەیاڵەکانیان بە شێوەیەکی خەست و سەرنجراکێش دەربکەون. "هانس بلیمەر" یەکێك لەم وێنەگرانە بوو، بەشێوەیەکی تۆخ خەیاڵە سێکسییەکانی لەنێو بەرجەستە دەکرد و بیرۆکەکانی هاوکات نزیکبوون لە بیرۆکەی نێو تابلۆکانی "رێنی ماگریتی"، وێنەگرانی سوریالیست بەهۆی ئەم داهێنان و تەکنیکە نوێیانەیان لەپاڵ هونەری پەیکەرتاشی زۆرێك لە دیمەن و شوێنە گشتییەکانی شاری "پاریس"یان رازاندبووەوە بە وێنە و پەیکەری سەرنجراکێش. ئەوەتا "رۆگێر کاردینال" لە کتێبی (رۆڵی سوریالیزم لە پێشکەوتندا) دەڵێت (زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین خودی پاریس خۆی کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی بیری سوریالیستی). هونەری سینەماش لەگەڵ هاتنی سوریالیزم، بەتایبەت سینەمای فەرەنسی، گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی سینەمای فەرەنسی لە ململانێدابوو بە دژی ئیمپریسیۆنیزمی هۆلیود، ئەو سەردەمانەش دەروونزانی ریالیستی و سومبولیزم شێوازی فەرەنسی-یان داگیرکردبوو، لەژێر کاریگەرییەکانی بریتۆن و هاوبیرانی شێوازێکی مۆدێرن بۆ سینەما داهێندرا و کە کاری کردە سەر ڕێڕەوی سینەمای هۆلیودیش، دیارە بەوپێیەی سوریالیزم پشت دەبەستێت بە سوپەرریالیستی بۆ داهێنانی فۆرم و شێوازی نوێ، لە ڕێگەی دەربڕینی ئۆتۆماتیزم، کە رۆڵ ببینێت لە چوارچێوەی خەونەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش شێوازەکان تێك دەشکێنێت و لە شوێنیاندا خۆی دەسەپێنێت بۆ چارەسەرکردن و وەڵامدانەوە بە کێشەکان. دیارە سینەما وەك هۆکارێکی کاریگەر کە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ و تیژی هەیە لەگەڵ بیرکردنەوە و سۆز و ژیانی کۆمەڵایەتی. لەوسەردەمانەش لەنێو جەرگەی سەرهەڵدانەوە و پێشکەوتنەکانی سەرمایەداری بە تایبەت پێشکەوتنی مانیفاکتۆراکان و گەشەی شارەکان و پێشکەوتنەکانی تەکتنەلۆژیا، هونەری سینەماش گرینگییەکی زیاتری پێدرا، لە ئاستێکی بێوێنە بەرەو پێشەوە دەچوو، چونکە لەگەڵ


ئەوەی کەناڵێك بوو بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری لەهەمانکات وەکو کۆمپانیایەکی بازرگانیش بەکاردەهێنرا، سوریالیستەکان بەشێوەیەکی سروشتی لە خەمی هونەری سینەماشدا بوون، بیرۆکە و داهێنانەکانیان لە راستای پراکتیزەکردندا دادەهێنا، چونکە لە هیچ کامێك لە مانیفێستەکانی "ئەندرێ بریتۆن" باسی لە میکانیزم و شێوازێکی تایبەت بە دەرهێنانی فیلم نەکراوە، لە ساڵەکانی بەرایی هونەرمەندی دادابیست "فرانسیس پیکابیا" لەگەڵ دەرهێنەری سینەمایی "ڕێنی کلەیر" خەریکی دەرهێنانی فیلمێك بوون بەناوی (Entra’cte لە ساڵی ١٩٢٤) پاشان "مان ڕەی" لە چەند فیلمێکی سوریالیستی ئیشی کرد لە ساڵەکانی ١٩٢٦ و ١٩٢٨-دا پاشئەوەی بریتۆن مانیفێستی یەکەمی بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٢٤ تا ساڵی ١٩٣٥ "ئەنتۆنین ئارتۆد" تاکە نووسەرێکی سوریالیست بوو، هەوڵی دەدا چوارچێوەیەك بۆ بیری سینەما دابهێنێت، لە هەوڵی ئەوەدابوو میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پرۆسەکانی خەون و هێزی خەون لەنێویدا بەرجەستە بکات، چونکە خودی "فرۆید"یش لە شوێنێك دەڵێت (خوێندنەوەی خەونەکان باشترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن لە ڕووبەری نەستی و چالاکییەکانی بیری مرۆڤ)، بەپێی ئەم بەیانەی فرۆید سوریالیستەکان شێلگیرانە ڕووبەڕووی ئەوە دەبوونەوە کە خەونەکانیان دەربخەن بەشێوەیەکی ئازادیش بەیەکەوەیان ببەستنەوە و ڕێگایەکیش دابهێنن بۆ خوێندنەوەیان بە مانای شیکردنەوەی مانا و هێماکانی خەونەکان. لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٢٨ "سلفادۆر دالی" لەگەڵ دەرهێنەری فیلم "لویس بونێل" لە هاوکاری پەیوەندیدا بوون لەگاڵ یەکتریدا بۆ دەرهێنانی چەند کورتە فیلمێك، یەکێك لەو فیلمەی وەبەرهەمیان هێنا ناوی (An Andalusian Dog)وە فیلمێکی تر بە ناوی (Golden Age The)، کە فیلمێکی دۆکیۆمێنتەری بوو لەسەر دووپشك کە چۆن پێوەدانەکانیان کوشندەن لەگەڵ چەند دیمەنێك لەسەر چیرۆکی دووکەسی عاشق و سووتان لەنێو داوی خۆشەویستیدا، بەشێوەیەکی گشتی شێوازی سینەمای سوریالیستی کاریگەری خۆی دانابوو لەنێو هونەری سینەمایی لەسەر ئاستی هۆلیود و هەموو دونیاش. شێوازی ئیشکردنیشیان زیاتر کاریان لەسەر ڕووناکی و تاریکی دەکرد، ژووری تاریك و شوێنی تاریکیان زۆر بەکاردەهێنا، یان بەکارهێنانی تیشکی رەنگاوڕەنگ لە دیمەنی تاریکدا، یان شێوازی ترسهێن (Mystery) و هەڵبژاردنی چیرۆکە ترسناکەکانی وەك کوشتنی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی ترسناك و نهێنی یان تەرکیزکردنە سەر فیلمی بەڵگەنامەیی (دۆکیۆمێنتەری)، لە ساڵەکانی شەستەکان و حەفتاکان، شێوازی سینەمای سوریالیستی لەنێو دنیای مۆدێرندا لە



ئاستێکی زۆر بەرچاو گەشە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی. لە ساڵی ٢٠٠٦ "میشێل ڕیچاردسۆن" کتێبێك دەردەکات بە ناوی (سینەما و سوریالیزم)، لەم کتێبەدا شوێنپێی بەرهەمەکانی یان بەمانایەکی تر وێنەیەکی ڕۆشنمان دەداتێ دەربارەی بەرهەمەکانی (لویس بونیل، تێلی کاپلەن، والێریەن برۆزیسکی، ڕێل ڕویز و لەگەڵ ئەلیجاندرۆ جادۆرۆسکی)، ئەم کتێبە نەخشە و بەڵگەنامەی مێژوویی دەربارەی بەرهەمهێنانی فیلمی سوریالیستی ئەورووپا و هۆلیود، لە ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ئێستای تیایە. لەگەڵ پێشەکییەکی ڕەخنەئامێز و بە زمانێك نووسراوە بۆ هەرکەسێك تام و چێژی تایبەتی خۆی دەبێت، بەتایبەت لایەنی فیکری و مێژوویی و هونەری سوریالیستی. شێوازی سوریالیستی تا ئێستاش لە هۆلیود و سینەمای ئەمریکی بەکاردەهێنرێت. دەکرێت لەمبارەیەوە سەیرێکی ئیشەکانی (دەڤید لەنچ) بدەین کە دەرهێنەرێکی زۆر سەرکەوتووە لەنێو دنیای سینەمادا (Velvet Blue) یەکێك لە فیلمە سەرکەوتووەکانییەتی کە لە ساڵی ١٩٨٦ دەری هێناوە، هەروەها (Lost Highway) فیلمێکی ترە لە ساڵی ١٩٩٧ دەریهێناوە، ناوەڕۆکی ئەم فیلمە چیرۆکێکی نامۆ و ناوازەیە، دەربارەی ژنێکی کوژراوە، فیلمەکە پڕیەتی لە دیمەنی سەیر و سەرسوورهێنەر بۆ نموونە سووتانی کتووپڕی خانوویەك لە بیاباندا. "جاك ماپیۆی" ڕەخنەگر دەربارەی ئەم فیلمە دەڵێت (ئەم فیلمە وەکو کلیلێکە بۆ بەکارهێنانی ڕۆڵ و نەخشەکانی شێوازی سوریالیزم)، دەرهێنەر هەوڵیداوە لەڕێی گەمەیەکی سایکۆلۆژییانە دنیای سەراسیمەیی خەون پێشان بدات. هەروەها "تێری گلیەم" دەرهێنەرێکی تری ئەمریکییە کە لە ساڵی ١٩٤٠ لە لۆس ئەنجەلس لەدایك بووە، تێری لە ساڵەکانی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٧٠ زۆر بە چڕی ئیشی لەسەر شێوازی سوریالیستی دەکرد، هەر لەو ساڵانەش بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٩٥٠ لەگەڵ ئەکتەری کۆمێدی "ئێرین کۆڤاکس" زنجیرەی تەلەفزیۆنییان دەردەهێنا.

فیلمەکانی ئەم دوو دەرهێنەرە، واتە (دەڤید لەنچ و تێری گلیەم) شێوازێکی سوریالیستییان هەبوو، لە ڕیزی هەرە سەرەوەی لیستی فیلمەکانی ئەمڕۆی ئەمریکی دادەنرێن. ڕاگەیاندنی ئەمریکی وەنەبێت تەنها لە فیلمە سینەماییەکان و ڤیدیۆ و زنجیرە تەلەفزیۆنەکانی سوودی لە شێوازی سوریالیستی بینیبێت، بەڵکو لە زۆرێك پڕوپاگەندە و ڕیکلامەکانیشی شێوازی سوریالیستی بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە کۆمپانیای "نیسان" هەرکاتێك مۆدیلێکی نوێی ئۆتۆمبێل وەبەرهەم بهێنێت لە ڕیکلامەکانیدا سوود لە شێوازی سوریالیستی دەبینێت.

## - بەجیهانبوونی سوریالیزم



سوریالیزم بەرلەهەرشتێك بیرکردنەوەیەکی نوێ بوو لە بەرژەوەندی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکاندا بوو، لەڕێگەی جوانکارییەکانی هونەری و ئەدەبی بەگژ ئافاتەکان و نەهامەتییەکانی ژیاندا دەچوو. شەڕکردن لەگەڵ واقیع شەڕی هەمیشە و بەردەوامیان بوو، "گۆڕانی کۆمەڵگە ڕووەو باشتر" ڕۆشنترین تابلۆی سوریالیستەکان بوو، بریتۆن و زۆرێك لە هاوبیرانی لە ڕوانگەیەکی سۆشیالیستانەوە لە کێشەکان و کۆمەڵگە و لە پەیوەندییەکانیان دەڕوانی، باوەڕیان وابوو شەڕهەڵگیرساندن بە فیتە و مەبەستی چەند کەسانێکی دیاریکراوی سەرمایەدار و خاوەن کارگە و کارخانەکانەوە هەڵدەگیرسێت، کە بەرژەوەندییان لە شەڕ و لە خوێناویکردنی ئەوانی تردا هەیە. بریتۆن و سوریالیستەکان پێیان وابوو خەڵکی گشتی و کرێکاران پێویستە لە دژی ئەم شەڕە دەنگ بەرزبکەنەوە و لە دژی سەرمایەداران هێزی کارخانەکان بوەستننەوە. بریتۆن کەسێکی چالاك و زۆر ئاکتیڤ بوو، لە ساڵی ١٩٣٨ دەچێتە مەکسیك بۆ بینینی "لیۆن ترۆتسکی" لەوێدا لەگەڵ "ترۆتسکی و بە ئیمزای دیاگۆ ڕیڤێرا" مانیفێستێك بە هاوبەشی دەنووسنەوە بەناوی (بەرەو هونەری شۆڕشگێڕی) لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە بنەماکانی هونەری شۆڕشگێڕی دادەڕێژن لەم مانیفێستەدا هەوڵ دەدەن: ئەوە بە ڕوونی بەرچاو بخەن کەوا لەنێو دنیای پڕکێشمەکێشمی سەرمایەداریدا، سروشتی حەز و ئارەزووەکانی ناوەوەی تاکی هونەرمەند دژ و ناکۆکە لەگەڵ سروشتی واقیعی دەرەوەی خود، لە ئاکامدا بەریەککەوتن و ململانێ ڕوودەدات، ئەم هاودژی و بەریەککەوتن و ناتەباییە بە ئاگاهانە و بێئاگا، لە پانتایی هونەرەکانیان ڕەنگ دەداتەوە! هەروەها سوریالیستەکان کە سوودیان لە فەلسەفە و شیکارەکانی "کارڵ مارکس" وەردەگرت، لەبەرئەوە



نەبوو کە کرێکاران لەلایەن سەرمایەدارانەوە دەچەوسێندرێنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، مارکس پاڵپشتی لە گۆڕینی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتە دواکەوتووەکان دەکرد، هەروەها پاڵپشتی لە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری (زواج) دەکرد. لەشوێن ئەمە، پاڵپشتی لە ئازادی خۆشەویستی و خوازیاری ستایلێکی خوازراو و ئارەزوومەندانە بوو بۆ ژیان لە ڕاستای ئەمەش پاڵپشتی لە ئازادی سێکس و ئارەزووە مرۆییەکان دەکرد.

سوریالیستەکان لە شەڕی ئەهلیی ئیسپانیاش هەڵوێستی جدییان نواند، شەڕی ئەهلیی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٣٦ تا سالی ١٩٣٩ بەردەوام بوو، شەڕەکە ڕەنگدانەوە و کاریگەری هەبوو بەسەر کارە هونەرییەکانی هەندێك لە هونەرمەندەکان. بۆ نموونە ئەندرێ ماسۆن لە ساڵی ١٩٣٧ تابلۆیەك دەکێشێت بەناوی (Hour of all)، ڕێنی ماگرێتی تابلۆیەك دەکێشێت بەناوی (ئاڵای ڕەش). لەنێو ئەم تابلۆیانەدا ئافات و کارەساتە خوێناوییەکان و وێرانبوونی ژیانیان ڕەسم دەکرد، لەنێویاندا هاوارێکیش بۆ حەقیقەتەکانی ژیان و جوانییەکانیش بەدی دەکرا. وەهەروەها سلفادۆر دالی و گالەی خێزانی هەر زوو لە ساڵی ١٩٣٤ پاریس بە جێدەهێڵن و دەڕۆن بۆ ئیسپانیا بۆ (موحازەرە) گوتنەوە لە شاری "بەرشلۆنە"، لە سەردەمی شەڕ کاتێك مانگرتن و خۆپیشان لەسەر شەقامەکان هەڵدەگیرسێ، سلفادۆر دالی و گالە ڕێگەیان پێنادرێت قسەوباس بۆ خەڵکەکە بکەن بە ناچاری دەگەڕێنەوە پاریس لەوێدا سلفادۆر دالی ترس و نیگەرانی و موعاناتەکانی لە دژی شەڕەکە و وەزعە خوێناوییەکە لە تابلۆیەکدا دەردەبڕێت. (هەروەك لەم وێنەیەدا دەیبینن)، هەر دەربارەی شەڕی ئەهلیی ئیسپانیا لە بەرواری ٢٦ی ئەپڕیلی ١٩٣٧ شاری "گویرینیکا" زۆر دڕندانە بۆردوومان دەکرێت و خەڵکێکی بێژمارەش دەکوژرێن، وێرانبوونی ئەمشارە لە چەند تابلۆیەکی "پیکاسۆ" ڕەنگ دەداتەوە و "پول ئیلوارد"یش شیعرێکی هەیە بەناوی "سەرکەوتنی" گویرینیکا! بۆیە سوریالیزم تەنها قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەری نەبوو بە تەنها، بەڵکو لە هەمانکاتدا هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریش بوو. بۆیە لە کورتترین ماوەدا لە ئاستێکی بەرفراوان بڵاوبووەوە و گەشەیەکی بێوێنەی بەخۆیەوە بینی. لە دە ساڵی یەکەم بە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپا بڵاوبووەوە، هونەرمەندان و نووسەران (بەتایبەت هەنەرمەندانی شێوەکاری) زۆرێك لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئیسپانیا، سویسرا، نەمسا، سوید، پۆلاند، بولگاریا، ئیتاڵیا، دانیمارك.... و زۆرێك لە وڵاتانی تری ئەوروپا. هەرچەندە سوریالیزم لە پاریسی فەڕەنسا مەشخەڵەکەی هەڵگیرسا، بەڵام دواتر بە خێراییەکی

سەرسوورهێنەر زۆربەی دنیای گرتەوە... لە ئاسیاش یابان و سۆڤیەت و چەند وڵاتێکی گرتەوە، تەوژمی سوریالیزم دەگاتە ئوسترالیاش، تەنانەت نیشتمانی عەرەبیش. (سوریالیزم لە نیشتمانی عەرەبی) لەژێر کاریگەری پێشکەوتنی شۆڕش و هەستی شۆڕشگێڕی بەتایبەت شۆڕشی سۆشیالیستییەوە دەبێت، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ بزووتنەوەی سوریالیزمی عەرەبی پێکدێت. هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سییەکان، ئەوکاتانەی جۆرج حەنانی-ی شاعیر قوتابی دەبێت لە پاریس، هەروەها هونەرمەندی نیگارکێش ڕەمسیس یۆنان، ئەم دووانە سوریالیزم دەهێننەوە بۆ میسر و دەوری سەرەکیان دەبێت لە بنیاتنان و گەشەکردنیدا. بزووتنەوەی سوریالیزمی عەرەبی لە ساڵی ١٩٧٥ مانیفێستەکەی خۆیان بڵاودەکەنەوە... کە پێکهاتووە لە حەوت خاڵ، بەڵام مانیفێستەکەیان زیاتر کاریگەری کۆمۆنیزم و ورووژاندنی خیتابێکی سیاسی بوو، کەمتر لە مانیفێستێکی ئەدەبی دەچوو، کە باس لە زمان و نوێبوونەوە و ستایل و داهێنانی ئەدەبی و هونەری بکات. ئەوەتا لە خاڵی یەکەمی مانیفێستەکەیان دەڵێن، ئێمە جەماوەر و خەڵك هوشیار دەکەینەوە و هانیان دەدەین لە دژی هەر کارێکی سەرکوتکەرانە، بەتایبەت سەرکوتی فیکری لە لایەن نیزامی سەرمایەدارییەوە. ئەمجۆرە خیتابە، لە خیتابی سیاسی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دەچێت. لەگەڵ ئەوەش، سوریالیزم لە میسر گاریگەری تەواوی هەبووە بەسەر تەواوی کەسایەتی ئەدەبی و هونەری نیشتمانی عەرەبی، زۆر کەسایەتی لە وڵاتانی جۆراوجۆر بەشدارییان لەم بزووتنەوەیەدا کردبوو... لەوانە عەبدولقادر ئەلجەنابی لە عێڕاق، فاروق ئەلجوریدی لە لبنان، فەرید لاریبی لە جەزائیر و زۆری تر. لەڕاستیدا گرووپێکی زۆر چالاکیش بوون، لە ماوەیەکی کورتدا چەندین پێشانگا و بڵاوکردنەوەی کتێب و دەرکردنی گۆڤار و تەواوی ڕووبەری ڕۆژنامەگەریان داگیرکردبوو. بزووتنەوەی سوریالیزم، لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠ کاریگەرییەکانی گەیشتە کیشوەری ئەمریکاش بەر لەو ساڵانەش هۆلیود و سینەمای ئەمریکی تا ئاستێك کاریگەرییەکانی سوریالیزمی بەسەرەوە بووە، ئەگەر کیشوەری ئەمریکا باس لە هەر سێ بەشی بکەین بۆ نموونە، ئەمریکای باکوور کە وڵاتی (کەنەدا) دەگرێتە، خۆی هەرزوو نیگارکێشەکانی وەك (مارسێل باربو، جین بینۆت، پول بۆردەس، میمی پارێنت لەگەڵ جین پۆل ڕۆبیل) ئاوێزانی دنیا و بیرکردنەوەکانی سوریالیزم دەبن، هەروەها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USA) هونەرمەندانی وەك (مان ڕەی، دۆرپیا تارنینگ، کەی سەیگ، جوزێف کارنیل) باشترین ڕۆڵیان بینی لە بڵاوبوونەوەی سوریالیزم لە ئەمریکا، پێشتر



ئەمریکا لە ڕێگەی دەنگوباس و ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کتێب و بڵاوکراوەکانەوە ئاگاداری سوریالیزم دەبوون و لێیەوە فێری شتی نوێ دەبوون، بەڵام لە دوای ساڵەکانی ١٩٣٨، بەتایبەت لە دەوروبەری ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی کە زۆرێك لە ئاکتیڤستانی سوریالیزم وەك (ئەندرێ بریتۆن، ماکس ئێرنست، سلفادۆر دالی، ئەندرێ مارسۆن، لوڤیس تانگەی) دێن بۆ ئەمریکا و وەکو کۆچبەر لەوێدا دەگیرسێنەوە، ئیدی نووسەران و هونەرماندانی ئەمریکی ڕاستەوخۆ لە پەیوەندی گەرمدا دەبن لەگەڵ سوریالیستەکان بۆیە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی (ئەبستراکت ئیمپریسیۆنیزم) وەك (ڕۆبێرت مۆپیرێك، ئارشێلی کۆرکێ، مارك ڕۆپکۆ، ئەدۆلف گۆتلیپ لەگەڵ جاکسۆن پۆلۆك) ڕاستەوخۆ لەژێر کەریگەری بریتۆن و برادەرەکانیدا دەبن، بۆ نموونە جاکسۆن پۆلۆك موعجوب بوو بە ئیشەکانی مارسۆن، ئەمانیش سوودیان لە دەربڕینی ئۆتۆماتیزم و داهێنان و شیکارەکانی فرۆید و کارل یەنگ دەبینی، ئەبستراکت لەڕووی ستایل و شێوازەوە ناوازە و نامۆ بوو، بەتایبەت لە پەیوەند و مامەماڵەکردن لەگەڵ ڕەنگدا، ستایلێکی دیار و نۆرماڵیان نەبوو. ئەندرێ بریتۆن لەگەڵ وێنەگر و پەیکەرتاش "دەڤید هێری" زۆر نزیك بوون، بەردەوام لە هاوکاریکردنی یەکتری بوون بۆ بڵاوکردنەوەی سوریالیزم لە ئەمریکا. پێشانگا تایبەت و هاوبەشەکانی سلفادۆر دالی و ماکس ئێرنست و مارسۆن لە شارەکانی (نیویۆرك و فلۆریدا و پیتەرسبۆرگ) سەدا و گاریگەری بێوێنەیان هەبوو، لە ساڵی ١٩٤٢ ماکس ئێرنست لەگەڵ دۆرپیا تاینینگ یەکتری دەبینن بەدیوای ئاشنابوونی زیاتریان بۆ یەکتری لەگەڵ یەکدا ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن. دەربارەی ئەمریکای لاتینیش، بەشێوەیەکی گشتی ئەمریکای لاتین لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەژێر کاریگەری داهێنانەکانی کوبیزم-ی پیکاسۆ و یان پۆست ئیمپریسیۆنیزم بەتایبەت پول گۆگان دەبن. دوای گەڕانەوەی "دیاگۆ ڕیڤێرا" بۆ مەکسیك، دوای ساڵەکانی ١٩٢٠ شێوازە موراڵییەکانی (تابلۆی گەورەی سەر دیوار)ەکانی وەکو شێواز و قوتابخانەیەك دەردەکەوێت و سایە دەکات بەسەر تەواوی ئەمریکای لاتیندا، لەگەڵ قوتابخانە و تەوژمە نوێیەکانیش هاوکات لەژێر هونەری میللی و ترادیسیۆنە میللییەکان دەبن، بەتایبەت شیعر و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی سوریالیزم، بەتایبەت پاش ئەوەی هەموو هونەرمەندانی دادایی پەیوەست دەبن بە سوریالیزم، ئەم ئاڵوگۆڕە ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت بەسەر شێوەکارانی ئەمریکای لاتین، بە تایبەت شێوەکارانی مەکسیك، سەفەرەکەی "بریتۆن"یش بۆ مەکسیك لە ساڵی ١٩٣٨، کۆبوونەوە و موحازەرەکانی ئەمەش زیاتر دەبێتە

هۆی بڵاوبوونەوەی بیری سوریالیزم لە ئاستێکی بەرفراوانتردا، بۆ نموونە تا ساڵی ١٩٣٨ فریدا کالۆ ئاشناییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سوریالیزم نەبوو، تا بریتۆن تابلۆکانی دەبینێت پێی دەڵێت (تۆ سوریالیستی)... فریدا کالۆ لە دیمانەیاك خۆی ئەمە ڕادەگەیەنێت، هونەرماندە سوریالیستەکانی مەکسیك (لیۆناردۆ کارینگتۆن، فریدا کالۆ، ئەلبێرتۆ گیرۆنیلا) لە ئەرجەنتین (ئەنتۆنیۆ بێرنی، ڕۆبێرتۆ ئیزیین بێرگ) ئەنتۆنیۆ بێرنی لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ خوێندن لەلایەن حکومەتی ئەرجەنتین-ەوە دەنێردرێتە فەڕەنسا، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، لە ڕێگەی "لویس ئەراگۆن"ەوە بە سوریالیزم ئاشنا دەبێت. لە بەڕازیل (تارسیلا دو ئەمۆڕال، ئەنتۆنیۆ هێنریکی) لە بەرازیل، بەتایبەت لە ساڵەکانی نێوان ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ (Pop Art) بەشێوەیەکی بەرچاو سەرهەڵدەدات "تارسیلا دو ئەمۆڕال" یەکێکە لەو کەسانەی بە خەستی بەم شێوازە کاردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هونەری پاپ لە ئەمریکای لاتین بەختی بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی زۆر نابێت. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە کۆلۆمبیا و شیلی (Neo–Surrealism) دادەهێندرێت، لە کۆلۆمبیا (تیلسا تۆچی) لە شیلی (ماریۆ کارینۆ، نیمیسیۆ ئەنتۆنیۆ) تیلسا تۆچی لەژێر کاریگەرییەکانی هونەری (سینی)دا دەبێت، هاوڵدەدات بەهێڵێکی هاوبەش لەنێوان هونەری سینی و ئەبستراکت و سوریالیزم ئیش بکات. ڕاستە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی سوریالیزم ئەم دەرکەوتنە و قورساییەی وەك پێشتری نامێنێت بەهۆی ئاوارەبوون و کۆچکردنی زۆربەی هەڵسووڕاوە چالاکەکانی، بەتایبەت کۆچکردنیان بۆ ئەمریکا، لەدوای ساڵەکانی ١٩٤٢ (پول ئیلوارد و لویس ئەراگۆن) لە "ئەندرێ بریتۆن" جیا دەبنەوە بە ناوی (پۆست- سوریالیزم) درێژە با چالاکییەکان و نووسینەکانیان دەدەن، بەڵام بەشێوەیەکی کز و لاواز. لەلایەکی ترەوە (ڕێنی چار و ئەنتۆنین ئارتۆد) دستیان بە شێواز و پرنسیپەکانی سوریالیزمەوە گرتبوو، دەیانەویست وەکو بریتۆن ڕووبەڕووی یاخیبوون و گۆشەگیرییەکانی ژیان و ململانێیەکانی دنیا ببنەوە، لە کۆتاییدا ئەنتۆنین ئارتۆد دەکەوێتە نەخۆشخانە و لە نامەیەکدا ئەوپەڕی نائومێدیی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام ئەندرێ بریتۆن دوای گەڕانەوەش بۆ فەڕەنسا و هەتا دواچرکەکانی ژیانی هەر بەردەوام دەبێت لەسەر بیرکردنەوەکانی خۆی. کاریگەرییەکانی سوریالیزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیش و هەتا ڕۆژانی ئەمڕۆش هەر دەمێنێت. لە ئەمریکا جگە لە قوتابخانەی ئەبستراکت لە ساڵی ١٩٦٠ (قوتابخانەی نیۆرك) بۆ شیعر دادەهێندرێت، شاعیرەکان وەك (جۆن ئەشبیری، بەربارا گەست، کەنێپ کۆچ، فرانك ئۆهارا) کاریگارییەکانی سوریالیزم و شێوازەکانی



مۆدێرنیزمیان بەسەرەوە دەبێت، لەهەمانکاتیشدا لەژێر کاریگەرییە ناوازەکانی قوتابخانەی ئەبستراکیشدا دەبن. پەیوەندی بەهێزیان دەبێت لەگەڵ جاکسۆن ویلیەم، کە کەسێکی دیاری نێو قوتابخانەی ئەبستراکت دەبێت. لەو سەردەمانەش هونەری پاپ چ لە ئەمریکای لاتین چ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە برەو و گەشەدان دەبێت. هونەری پاپ شێوازێکی تەواو نوێ و جیاوازە لەگەڵ شێوازە هونەرەکانی تر، لەلایەن (ئاندی وارهۆل، ڕۆی لیچنستۆن ، جەسپێر جۆنس، ڕۆبێرت ڕیچەنبێرگ و چەند هونەرمەندێکی تر داهێندرا) ناوەڕۆکی وێنەکان لە کێشەکانی دەوروبەر و ڕۆژانەیان سەرچاوەی دەگرت. بەجۆرێك لە جۆرەکان گەمەکردن بوو لەگەڵ ڕەنگەکاندا، یان لەگەڵیەك گونجاندن و دۆبلاژکردنی چەند شتێکی نامۆ بەیەکەوە، یان رانگاوڕەنگکردنی پۆرترێتی کەسایەتییە ناودارەکان، بەتایبەت گۆرانیبێژ و ئەکتەری سینەمایی بۆ نموونە وەك پۆرترێتی "مارلین مۆنرۆ" شێوازی هونەری پاپ بەکار دەهات بۆ نەخشاندنی ئۆفیس و شوێنە گشتییەکان و نەخش و نیگاری سەر شووشەکانی سۆدە و قوتووەکانی خواردن و ئاوی تەماتە زۆر شتی تر. هونەرمەندانی شێوازی پاپ، بە ڕێگایەکی نوێ ڕووبەڕووی دنیامان دەکەنەوە، وەك ئاوێنەیاك، وێنەکانیان داوەتمان دەکەن تا سەیر بکەین و پرسیار بکەین! هەر لەو سەردەمانەش سینەمای مۆدێرنیزمی ئەمریکی و فەڕەنسی تا ئەندازەیەکی زۆر لە پێشکەوتندا بوو، شێوازی سوریالیستی کاریگەری خۆی هەبوو لەنێو دنیای هونەری سینەمادا، هەتا ڕۆژانی ئەمڕۆش کاریگەرییەکان هەر بەردەوامن. لە ساڵی ١٩٩٤ لە کالیفۆرنیای ئەمریکا (پاپ سوریالیزم) لەسەر دەستی "ڕۆبێرت ویلیەم" سەرهەڵدەدات، ویلیەم لەمبارەیەوە دەڵێت (ئێمە دەستمان بە شێوازی پاپ سوریالیزم کرد بەو مەبەستەی، بەشێوەیەکی جیاواز و نامۆ ئیش بکەین کە شێوازەکانی ئێمە لە هیچ شوێنێك نەبیندرابێت)، هەر لەم ساڵانەی دوایی لە کەنەدا کتێبێك بەناوی ( Surreal Eatate: ١٣ Canadian poets under the influence) کە سیانزە دەنگی نوێی سوریالیزم، واتە سیانزە شاعیر هەر یەکێکیان باس لە سوریالیزم دەکەن و یان سەرگوزشتە و ئەو هۆکارانەی کە وای لێکردوون سوریالیستانە بیر بکەنەوە و بەم شێوازەش بنووسن، لەگەڵ ئەمەش هەریەکە و چەند شیعرێکیان دابەزاندووە، لە دوای ساڵەکانی پەنجا لە بریتۆن پرسیار دەکەن (ئەیا هیچ پەشیمانبوونەوەکی هەیە دەربارەی ژیانی خۆی؟!) ئەویش لە وەڵامدا نەك هیچ پەشیمانبوونەوەیەك دەرنابڕێت، بەڵکو پێیوابوو ژیانی پڕبەپێستی خەونەکانی خۆی بووە! هەتا ئەمڕۆش لە هەموو دنیادا هونەرمەندانی شێوەکار

دەیانەوێت شوێنپێی هەنگاوەکانی (سلفادۆر دالی و ماکس ئێرنست و ڕێنی ماگرێتی) هەڵبگرن، هەتا ئێستاش ئیشەکانی دالی و ئیرنست و هاوبیرەکانیان بەها و نرخێکی بێ هاوتایان هەیە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە مۆزەخانەی فلادیفیا "پێشانگەیەك بۆ تابلۆکانی سلفادۆر دالی دەکەنەوە، دە هەزار میوان سەردانی مۆزەخانەکە دەکەن..." ئان دیتارنەتکۆرت "بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری مۆزاخانەکە دەڵێت (سلفادۆر دالی، یەکێك لە ناسراوترین هونەرمەندی شێوەکاری دوێنێ و ئەمڕۆیە)" ئەندرێ بریتۆن "لە ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٦٦ی لە پاریس بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات. لە مەراسیمی ناشتنەکەی خەڵکێکی زۆری بەدوادا دەڕۆن، بە پانتایی شەقامەکان لاوان بەتایبەت لاوانی زانکۆ و کۆلێژەکان بەدوایەوە دەبن، (ئەو دروشمانەی دەیانگووتەوە) نە لەلایەن مارکس و لینین، تەنانەت لەلایەن "سارتەر"یشەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن "سوریالیزم و ئەندرێ بریتۆن"ەوە داهێنرا بوون!

سوریالیزم و سوریالیستەکان، گەنجینە و میراتێکی دەوڵەمەند و پڕبەهایان لە نووسین و تابلۆ و فۆتۆگراف و پەیکەر و فیلم و هونەرەکانی تر بۆ مرۆڤایەتییان بەجێهێشت و گەورەترین داهێنانیان لە مێژووی چەرخی بیستەمدا کرد. ئێستاش مۆزەخانەکانی ئەمریکا و ئەوروپا پڕاوپڕن لە تابلۆی شێوەکارانی سوریالیست، بەشێوەیەکی بێوێنەش خەڵك ڕوو لە مۆزەخانەکان دەکەن بۆ بینینی تابلۆکان.

٤ی ئەپریلی ٢٠٠٩



سەرچاوەکان:


- Syrrealism
The Road to the Absolute
By: Anna Balakian – With a new Introduction
- Surrealists and Surrealism (١٩١٩-١٩٣٩)
By: Gaetan Picon

- Women Artists and the Surrealist Movement
By: Whitney Chadwick

- The Real World of
The Surrealists By: Malcolm Haslam

- On Poets and Others
By: Octavio paz

- Eye On Art (Surrealism)
By: Hal Marcovits


- ISMS  Understanding Art
By: Stephen Little

- Paris and the Surrealists
Photography By: Michael Woods

- Make It Pop !
Activities and Adventures in Pop Art By: Joyce Raimondo

- SURREALISM The Dream of Revolution
By: Richard Leslie
- Latin American Art of the ٢٠th century
By: Edward Lucei–

- Surrealism and Cinema
By: Michael Richardson



**قوتابخانەی سوریالیزم و سیگمۆند فرۆید**

## قوتابخانەی سوریالیزم و سیگمۆند فرۆید

سوریالیستەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، ئەو ماسکە لە ڕووی مرۆڤایەتی بکەنەوە کە جوانییەکانی تەڵخکردووە و ڕووی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیشی شێواندووە. لەم ڕاستایەدا ئامانجیان گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوون بوو، بۆیە بە ئاراستەی نوێبوونەوە یان بووژانەوە و ڕۆشنگەری دەڕۆیشتن. لەنێو قووڵایی داهێنانەکانیان، ئامانجیان گەیشتن بە کێڵگەکانی جوانی و ئازادییە ڕەهاکان بوو. بۆیە سوریالیزم وەك بزووتنەوە و قوتابخانەیەك، کەمتر بەدوای پاشماوەی ڕابردووەکان دەگەڕا لەنێو بزووتنەوە ئەدەبییەکاندا، بەڵام بەشێوەی تاکەکەسی و ئیندیڤیجوەڵی نووسەرەکان ئاوێزان ببوون لەگەڵ ڕابردوودا. هەروەها سوریالیستەکان باوەڕیان بەوە هەبوو، بیرکردنەوە نەستییەکانیان لە فۆڕمی هێماکان دەربکەون لەنێو خەونەکاندا. یان یەکگرتنەوە و ئاوێزانبوونی ڕەهەند و بنەمای خەونەکان بەشێوەیەکی ئازادانە و سەربەخۆ. ئەمەش لە ڕێگەی (دەربڕینی ئۆتۆماتیزم) کە لەلایەن "فرۆید"ەوە داهێنرابوو، سوریالیستەکان ئەوشتەی مژۆڵ و سەرقاڵیان دەکات بەخێرایی شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو خەیاڵ و مێشکیان هەر ئەودەمە وەکو وێنەیەك بەدەردەکەوێت لەنێو دەربڕینەکانیاندا. (جەنێفر مەندی) کۆنەچاودێری (تەیت گالێری) لە لەندەن دەڵێت سوریالیستەکان لە فرۆید ئەوەیان وەرگرتووە (دووپاتکردنەوە لە بەرینایی و قووڵی بەندەرە



نەزاندراوەکە و لەگەڵ وزە دەگمەنەکانی نێو ناخ و دەروون، ئەم تەکنیکەیان بەکاردەهێنا بۆ کەمکردنەوەی کلۆجە ئاگاییەکانی مێشك بۆ لە چوارچێوەدانی تابلۆ و نووسینەکانیان) بە مانایاکی تر، "کەمکردنەوەی باری لۆژیکی مێشك" بۆ ئەم مەبەستە وێنە و هێماکانی خەونیان دەکێشا چ وەکو بیرمەند یان بزووتنەوەیەك، هەوڵیان دەدا ناوەوەی دنیا پێشان بدەن و بە ناڕاستەوخۆیی و بێئاگایی. هونەر لەلای "بریتۆن و برادەرەکانی" دەنگێگی گشتگیر و سەرتاپایی بوو، بەتایبەت لەگەڵ (فلیپ و ئەراگۆن)دا، بەرلەوەی سوریالیزم ڕابگەیەندرێت باوەڕیان وابوو، (لە ئایندەدا تەنها ئەوشێوە هونەرە ئەگەری هەیە کە دژی بەهاکان و ڕەوشت و ئەدگار و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بێت)، هەروەها توندوتیژییەکانی چوارچێوەی خێزان و قەید و بەند و ڕێگرییەکانی نێو یاساکانی کەنیسە، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر پێکهاتنی کەسایەتی مرۆڤ، وەك کەسایەتییەکی شەرمن و بوونی ڕووبەرێکی بەرینی (چەپاندن) ڕۆحێکی تێکشکاو و لەرزۆك، ئەمە جگە لە کارەسات و تراژیدیا و نەهامەتییە دەرەکییەکان وەك برسێتی و شەڕ و کاولکاری و وێرانبوونەکان. بە مانایەك "دابونەریتی کۆمەڵگە و ئایین" ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بنیادنانی کەسایەتی مرۆڤ، بەتایبەت ڕووبەرەکانی ناوەوە و غەریزە و هەستە نەستییەکان. بۆیە سوریالیستەکان لەژێر کاریگەری فرۆیددا بوون، چونکە فرۆید ئەوەی ڕوونکردبووەوە، کار و کردەوەی مرۆڤەکان لەژێر وزەی بیرە نەستییەکان ئاراستە وەردەگرن، نەك لەژێر کاریگەری هەستەکانی ئاگایی، (فرۆید و کارل یەنگ) پێیان وابوو "هەستی نەستی" ڕووبەرێکی تاریکە، بەندەری ئاراستەکانی ناوەوە و بەندەری ئەهریمەنەکان و ترس و دەستەمۆکردن و نیگەرانییەکانە ! بۆیە "یەنگ" باوەڕی وابوو، هەندێك لە بیرکردنەوە گشتییەکان لە پەیوەند بە پێکهاتە دەرەکییەکان بەشداری دەکەن لە نەخشاندنی بیری مرۆڤەکان، ئەوەشی ڕوونکردبووەوە، کە چۆن کۆمەڵگە و ترادسیۆنەکان هەرچەندە لە دووری یەکتریشەوە بن هەمان باوەڕ و نەریت و هێماکانی وەکویەك لەلایان گەشە دەکات. هەروەها "کارل یەنگ" پێی وابوو (هەستی نەستی) ئەو کلیلە بەدەستەوە دەگرێت بۆ گرتنە خۆی هەموو بیرکردنەوەکانی مرۆڤ. بۆ ئەم مەبەستە (فرۆید و یەنگ) باوەڕیان بەوەش هەبوو "هەستی نەستی" چالاك دەمێنێتەوە لەکاتی خەودا لە فۆڕمی خەوندا خۆی بە مانیفێست دەکات و لە شێوەی هێماکان دەردەکەوێت. بۆ نموونە "فرۆید" لە شیکردنەوەی خەونەکان دەڵێت (ئەگەر من خەون بەوە ببینم یان لەوە ترسابم کە دزیم لێکراوە، دزییەکە وێنەیەکی ئەندێشەیی و خەیاڵییە، بەڵام ترس و نیگەرانییەکان ڕاستەقینەن و

واقیعییەتیان دەبێت). سوریالیستەکان لە ئەنجامی ئاوێتەبوون و ڕۆچوون بەنێو قووڵاییەکانی واقیعی ڕۆژانە، هەروەها لە نووسین و داهێنانەکانیان بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکان و قووڵبوونەوەی ماناکان هێماکانیان بەکاردەهێنا! ئەمەش لە ئاکامی پشتبەستن بە دەربڕینی ئۆتۆماتیکی و وەك داهێنانێکی تازە خەریکی بەدواداگەڕان و پشکنینی ڕووگەی نەستی بوون. پەیوەندییەکانی نێوان هێماکان و ڕووبەری نەستی میتۆدێکی سایکۆلۆژی نوێ بوو چ لە بواری نووسین و داهێنان، یان وەك میتۆدێکی ڕەخنەییش لەنێو قوتابخانەکانی مۆدێرنیزم بەجدی ئیشی لەسەر دەکرا. بەپێی بیرکردنەوەکانی "کارل یەنگ" هێماکان لە هونەردا بۆ دەربڕینی بیر و شێوازی باری دەروونی بەکاردەهێنرێن، هەروەها باوەڕی بەوەش هەبوو (هێماکان نیشانەی شتێکی نەزاندراون لەکاتی ئاگایی هەموویان ناناسرێنەوە)، هێماکان لەلای فرۆید زیاتر جێگەی سەرەنج و بایەخدان بوون، لەسەرەتاوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی دەمار ڕێگەی "خەواندنی موگناتیسی" بەکاردەهێنا، بەڵام دواتر پشتی بەست بە شیکردنەوەی خەون و هێماکانی خەون بەمانای لەڕێگەی خەون و هێماکانی خەون زۆرێك لە کێشە و گرفتە دەروونی و شێتبوونەکانی چارەسەر دەکرد. هێماکانیش لەلای فرۆید (دەربڕینێکی شێواو بوون لە ناواخن و ڕووبەری نەستیدا، خەونیش کردارێکە یان ئامانج و هەستە شەیدابییەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی حەز و ئارەزووە سروشتییەکان، بەتایبەت ئارەزووی سێکسی)، زۆرێك لە هێماکانیش نیشانەی باری چەپاندن و شاردنەوە و کپکردنی ئەم هەستە سێکسییانە بوون، هێماکانی وەك (قوچەك و چیلکە قامیش و بورج و چەقۆ و... ئەمانە و چەندانی تر، نیشانەی کۆئەندامی نێرینەیان دەگەیاند، هەروەها هێماکانی، پەڕاو و پێدەشت و دەرگا و ئەشکەوت و ئەمانەش هێمای کۆئەندامی مێینەیان دەگەیاند)، بۆ نموونە جوڵاندن و بەکارهێنانی ئەم ماتریالیانە وەك پچڕاندنی لقە قامیشێك یان لقەدارێك نیشانەی ئاکشنی کردارێکی سێکسی دەگەیاند، زۆرێك لە نووسەر و هونەرمەندە سوریالیستەکان ئیشیان لەسەر ئەم هێما زایەندییانە دەکرد، لە ڕێگەی ئەم هێمایانەوە، خەون و خەیاڵەکانی خۆیانیان بەیان دەکرد! ئەمەش لە ئاکامی چڕبوونەوەیان لەنێو ناخ و هەستە نەستییەکاندا. هەروەها ئیشکردن لەسەر بارە نائاساییەکانی مێشك و نووسینەوەی وڕێنەکان و هالۆسینەیشن و ئەمانە هەمووی لەم میتۆدە خۆی دەبینێتەوە، واتە پەیوەندی نێوان (هەستی نەستی و خەون) ئەم میتۆدە یان باشترە بڵێین ئەم پەیوەندییەی نێوان "هەستی نەستی واتە (ناخ یان بەشی ناوەوەی خود) لەگەڵ خەون" ئەمە نەدۆزرابووەوە تا فرۆید لە ساڵی ١٩٠٠



(شیکردنەوەی خەونەکانی) نووسی، هەرچەندە (هێماکانی خەون و ڕووبەری نەستی) ئەو گرنگی و کاریگەرییەی نەبووە لەلایەن "کارل یەنگ"، چونکە ئەو پێی وابوو ڕووبەری نەستی ئەو تەنە تاریکە ئەو کاریگەرییە خەستەی نییە بەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ، بەتایبەت زۆر هاوڕا نەبوو لەگەڵ فرۆید لەسەر کاریگەری و ڕەنگدانەوەکانی هێما و چەمکە سێکسییەکان، وەنەبێت تەنها کارل یانگ ئەم بیرکردنەوەیەی هەبێت ئەوەتا "سارتەر"ی بوونگەراییەکان ئەویش زۆر بەتوندی لە دژی فرۆید و سوریالیستەکان دەوەستێتەوە لە بەرانبەر ڕووبەری نەستی و (دەربڕینی ئۆتۆماتیزم)... سارتەر باوەڕی وابوو "ئاراستە وەرگرتنی کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ تەواو لەژێر کاریگەری وزە و باری ئاگایی و باری هەستی مرۆڤەوەیە، نەك باری نەستی"، لەگەڵ ئەمانەش ئەم میتۆدی دەروونزانیی فرۆید لە باری تیۆری و پراتیکدا یان لە بواری نووسین و لە بواری ڕەخنەشدا تەرکیزکردن بوو لەسەر دیوی ناوەوەی شتەکان، بەتایبەت ناخ و ناوەوەی مرۆڤ! پێشتر هێماکان چارەنووسێکی نادیار و نامۆیان هەبوو لە چوارچێوەی مەعریفە و گەشەکردنی سایکۆلۆژیدا، لەم سەردەمانە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری شیکاریدا کەمتر سوودیان لەم بابەتانە وەردەگرت. (شیکردنەوەی خەوناکانی) فرۆید دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی تازە بەڕووی داهێناندا، فرۆید خۆیشی دوای ئەم داهێنانەی زیاتر چڕدەبێتەوە لەنێو خەون و هێماکاندا. لەم ڕاستایەدا دەبینین لە (کەیسی دۆرا) هەوڵەکانی بە چلەپۆپە و لوتکە دەگەن، "دۆرا" کچەلاوێکی دەروون نەخۆشە بەدەست هیستریاوە دەناڵێنێت، فرۆید لە ڕێگەی وردبوونەوە و شیکردنەوەی هێمای خەونەکانی و بەشێك لە یادەوەرییەکانی و نیشانە دەروونییەکانی ئێستای نەخۆشییەکەی چارەسەر دەکات! (کەیسی دۆرا) بە یەکێك لە داهێنانە سایکۆلۆژییە بەناوبانگ و پرشنگدارەکانی فرۆید دادەنرێت و تەنانەت نەوەکانی دوای خۆی پۆست- فرۆیدییەکان و ڕێکخراوە فێمینیستەکان سوودێکی زۆریان لەم کەیسە و لەداهێنانەکانی ئەم کەیسەدا بینیوە. داهێنان و شیکارەکانی فرۆید بۆ خەون و شیکردنەوەی هێماکانی خەون، کۆمەکی بەوەکرد (ئەدەب و هونەر سوودێکی بێپایان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان ببینن و ئاراستەی ڕوانینەکانیان لە دیوی ناوەوەی شتەکان چڕ بکەنەوە) و زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش سوودێکی زۆریان لە ئەدەب و هونەر دەبینی، ئەوەتا فرۆید خۆی ستایشێکی زۆری نووسەران و هونەرمەندانی داهێنەر دەکات و دان بەوەدا دەنێت، کە ئەمان ناخ و خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤ لە دەروونناسەکان سەرکەوتووانەتر دەخەنە ڕوو. فرۆید زۆر سەرسام بووە بە داهێنانەکانی (شکسپێر و دەستۆفسکی و یان مەعریفە و

داهێنانەکانی لیۆناردۆ داڤنشی و...) لە نووسینی (داڤنشی و یادەوەرییەکانی) دیراسەیەکی سیکۆلۆژییانەی هەمەلایەنە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی "لیۆناردۆ داڤنشی" کردووە. فرۆید لەم هەوڵەیدا ئامانجی بایەخداری دەستکەوتووە، زۆر شتی نوێی داهێناوە، بۆ نموونە لەنێو یادەوەرییەکانی منداڵی داڤنشی شەرمنۆکی و هەستە چەپێندراوەکان و ئەوهێزە دەرەکییانەی کە کەسایەتی و ناخی داڤنشیان کۆنترۆڵ و داگیرکردبوو، یان هەستی هۆمۆسێکسوەلی و خۆشەویستی بۆ خودی خۆی، واتە هەستی نەرجسیستی، یان لەنێو زەردەخەنەی "مۆنالیزا" هێمای یادەوەرییەکانی داڤنشی لەگەڵ دایکی شیکردبووەوە، یان هەستی "ئەنتاگۆنیسم"یانە، واتە بێزاری و تووڕەییەکانی بەرامبەر بە باوکی، ئەمانە و زۆرێك لە ئەنجامی پڕبەهای لەنێو تابلۆ و یادەوەرییەکانی داڤنشی بەدەست هێنابوو.

دنیای خەون ئەو دنیا سەراسیمە جوانەبوو بۆ مەعریفەی دەروونزانی و سوریالیزم، سوریالیستەکان بابەتە سەیر و نامۆ و ناوازەکانی نێو خەونەکانیان دەگواستەوە نێو دەق و تابلۆکانیان، بارە میستیێری و پارانۆید و بارە چەپێندراوەکان و ترس و توندوتیژییەیکانی کۆمەڵگە و بەربەست و هێما زایەندییەکانیان وەسف دەکرد. هەریەکێك لە (سلفادۆردالی و ڕێنی ماگرێت و ڕیمیدیۆ ڤارۆ و ئەندری بریتۆن و پول ئیلوارد و ڕۆبێرت دیسنۆس و ئەنتۆنین ئارتۆ و زۆری تر، گەلێك بەچڕی ئیشیان لەسەر خەون و هێماکانی خەون و چەمکە فرۆیدییەکان دەکرد، بۆ نموونە سلفادۆر دالی هەر لە سەرەتاوە لە سالی ١٩٢١ کاتێك دەچێتە "مەدرید لە سەن فێرناندۆی ئەکادیمی" لە بەشی هونەری دەخوێنێت، لە نزیکەوە دەبێتە برادەری (فێرێریۆ



Salvador Dalí



گاریسیای شاعیر و لویس بۆنێل)ی دەرهێنەری سینەمایی، لەوکاتانەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی فرۆید و سوریالیزم، لەو سەردەمانە (Die Traumdeutung)ی فرۆید دەخوێنێتەوە و دەڵێت (یەکێك لە بەهێزترین ئەو سەرچاوانە بوو کە ژیانی خۆمم تیادا دۆزییەوە، شیکردنەوەی خۆم و خۆم بەشێوەیەکی چەسپاو و نەگۆڕ، لە چوارچێوەیدا بووم و بیری داگیرکردبووم، نەك تەنها بۆ خەونەکانم، بەڵکو بۆ هەر شتێك لە ژیانی من ڕوویدابێت)، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٦ بۆیەکەمجار دەچێتە پاریس لە ساڵی ١٩٢٩ دەکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ (گالە)ی هونەرمەند و نیگارکێش، هەر لەم ساڵەدا تابلۆی (Le Grand Masturbation) دەکێشێت، کە یەکێك لە بەناوبانگترین تابلۆکانی "سلفادۆر دالی"ە لەم تابلۆیەدا یادەوەرییەکانی منداڵی و ترس و نیگەرانییە زایەندییەکان و غەریزە چەپێندراوەکانی خۆی ڕەسم کردووە، یان لەنێو تابلۆکانی بەشێوەیەکی گشتی جگە لە هێما زایەندییەکان و بارە نامۆیی و نائاساییەکانی وەك خەونە ناوازە و ترسناکەکان، خۆی وتەیەکی بەناوبانگی هەیە و دەڵێت (جیاوازی من و شێتێك ئەوەیە من شێت نیم)، یان باوەڕی وابوو کەوا (سوریالیزم بەنێو ئەو ڕێگایەدا دەتبا کە هێڵی نێوان شێتی و ژیانی ئاسایی ڕۆژانە بدۆزیتەوە) سلفادۆر دالی لە سالی ١٩٣٨ لە "لەندەن" فرۆید دەبینێت و تابلۆی (Metamorfosis de Narciso)ی پێشان دەدات، تابلۆکە دەربارەی مردن و عەشقی خەیاڵی و ئەندێشەییە بۆ خود، باس لە چیرۆکی نەرسیسەس دەکات، چۆن بەدیار ئاوەکە وێنەی خۆی دەبینێت و عەشقی خۆی دەبێت، لەوێدا دەمێنێتەوە تا گیانی لە دەست دەدات دواتر لەو شوێنە جۆرە گوڵێك سەردەردێنێت و بە ناوی نەرسیسەس ناوی دەبەن. فرۆید کاتێك ئەم تابلۆیە دەبینێت زۆر سەرسام دەبێت و لە نامەیەکدا ستایشی ئەم داهێنانەی دالی دەکات و دەڵێت (من هەرگیز نموونەی هێندە نایابم لە پیاوانی ئیسپانی نەبینیوە)، یان ترس و نیگەرانی و هێما زایەندییەکانی ڕێنی ماگریتی لە تابلۆی (The Rape)، یان خەیاڵە شیعرییە نامۆ و سەرسووڕهێنەرەکانی شاعیر و ڕەخنەگر و شانۆنووس "ئەنتۆنین ئارتۆ" دەربڕینی ئەو هەستە دەروونی و ناوازەییەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژیانی منداڵێتی پڕ لە تراژیدیا و تراما بووە، لە تەمەنی پێنج ساڵی موعاناتی هەبووە بەدەستی (Meningitis)، واتە نەخۆشی دەمار، یان هەوکردنی مێشك، یان لە تەمەنی حەوت ساڵی خوشکێکی مردووە، مردنی ئەو خوشکەی گەورەترین تراما و سەدمەی لەلا دروستکردووە، نارێکی باری دەروونی و مێشکی خۆی و مردنی ئەو خوشکەی ڕەنگدانەوەیەکی خەمبارانە و

ئازاربەخشی هەبوو بەسەر نووسین و شیعر و داهێنانەکانی، بەڵام لەلایەکی تر دەبینین، "فریدا کالۆ" ژنە نیگارکێشی ئەمریکای لاتین، هەرچەندە بە سوریالیست ناوی ڕۆیشتووە، بەڵام بەپێی بۆچوونەکانی خۆی و نووسەر و هونەرمەندانی سەردەمی خۆی، ئەو تەنها سوریالیست نەبووە، بەڵکو تێکەڵاوییەك بووە لە (ڕیالیزم و سوریالیزم و سیمبولیزم)، خۆشی لە دیدارێکدا دەڵێت (من نەمدەزانی سوریالیستم تا ئەندری بریتۆن هاتە مەکسیك و ئەو پێی وتم!)، چونکە کالۆ هەر خۆی لە شوێنێکی تردا دەڵێت (من هەرگیز خەونەکانم نانووسمەوە، یان ئەوانەی دەیانکێشم ئازار و موعانات و ژیانی ڕاستەقینەی خۆمن، نەك خەونەکانم!) فریدا، ناڵاندن و برینەکان و ژانەکانی جەستە و دەروونی خۆی باس دەکات، ئازارە ڕۆحییەکانی عەشق و ئەوین، گرفتاربوونی بە دەستی "ئەلیجاندرۆی کوڕ برادەری" چۆن بە تیری خۆشەویستی بریندراری کردووە و دواتر بە تەنیا جێی هێشتووە، چۆن دوای ڕۆیشتنیش برینەکانی هەر خوێنیان لەبەر دەڕوات! جگە لە هێماکانی عەشق و خۆشەویستی فریدا تراژیدیترین ژیانی هەبووە، بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە لە قۆناغی ئامادەیی و لاویدا، کە بووە هۆی ئەوەی ساڵێك لەماڵەوە لەسەر پشت بکەوێت و قاچ و پاراسووەکانی لە چەندین جێگاوە بشکێن و منداڵدانی بەشێوەیەك ئازاری پێ بگات و ببێتە هۆی ئەوەی بۆ هەتاهەتایە منداڵی نەبێت. ئەم ئازار و موعاناتانەی هەموو ڕۆژەی کۆی هێما و ڕەنگ و هێڵکارییەکانی "فریدا کالۆ"ی پێکدەهێنا، بەشێوەیەکی گشتیش لەلای سوریالیستەکان پەیوەندی نێوان (جەستە و هونەر، یان جەستە و نووسین) پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەهێز بووە، ئەم میتۆدەی فرۆید وەنەبێت تەنها بۆ بەکارهێنانی هێماکانی خەون و خوێندنەوەی دیوی ناوەوە سوودی لێ وەرگیرابێت، دەخوازم ئەوە بڵێم، جگە لە ئاراستەی گۆڕانی بیرکردنەوە و ستایل و جۆری دەربڕین، کاری کردبووە سەر زمانی نووسینش، فرۆید زمانێکی تازەی داهێنابوو بۆ نووسین، زمانی خەون و هێماکان، زمانی غەریزەکان و ئارەزووەکان، زمانی ڕۆحێکی چەپێندراو، بە کورتی زمانی ناخ و ناوەوەی مرۆڤ! لەژێر کاریگەری و داهێنانە دەروونییەکانی فرۆید، هێماکانی خەون بەبێدەنگی لەنێو وێنە شیعرییەکان و تابلۆکاندا خۆیان ڕووت دەکردەوە، ڕەنگەکان بە چرپەوە قسەیان دەکرد، هێڵەکان یادەوەری و ترس و فۆبیا و پارانۆیدەکانی ناخی مرۆڤیان بەیان دەکرد، زمانی نووسین چ لەلای سوریالیستەکان چ لەلای قوتابخانەکانی تری مۆدێرنە جۆرێکی تر بوو، زمانێکی تەڕی شەهوەتاوی و ئیرۆسی، چونکە سوریالیستەکان ئەوەیان لەلا ڕۆشن بووە (کە شیعر هەوڵدانێکی چڕ و خەستی زمانە)، یان هەروەکو ڕامبۆی شاعیر دەڵێت (زمان موغامەرەیەکە



لەپێناو مەعریفەدا)، بۆیە ئەندری بریتۆن هەر لە ساڵەکانی سەرەتاوە واتە بەر لە ڕاگەیاندنی سوریالیزم، ئەوکاتانەی لە نەخۆشخانەی دەمار ئیشی دەکرد، کەوتبووە ژێر کاریگەری داهێنانەکانی فرۆید، لە ساڵی ١٩٢١ فرۆید دەبینێت و بە تێروتەسەلی و بە قووڵی گفتوگۆ دەکەن، بریتۆن هەوڵدەدات کار لە فرۆید بکات و بێتە نێو بزووتنەوەکەیان و وەك قوتابخانەی سوریالیزم سەپۆرتیان بکات، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام دەمێننەوە، چونکە فرۆید پێیوابوو (Psychic Reality، واتە حەقیقەتی ڕۆحانی بەشێکە لە بوون نابێت لەگەڵ ماتریالی واقیعی بشێوێندرێت)، دیارە هەوڵەکانی بریتۆن و سوریالیستەکان هەر بەردەوام بووە لە پەیوەندی و حیوارکردن و ئیشکردن لەسەر فرۆید، ئەوەتا فرۆید لە ساڵی ١٩٣٢ لە نامەیەك بۆ ئەندریێ بریتۆن دەنووسێت (من ناتوانم لەوە تێبگەم کە سوریالیزم چییە؟ یان چی دەوێت؟ من پێم وانییە کەسێك بم هێندە لە هونەر دوور بم تا لێی تینەگەم!)، من پێموایە ڕەنگە ئەوە دیوێکی مەسەلەکە بێت، بەڵام دیوەکەی تری ڕەنگە ئەوە بێت "کە فرۆید وەك فەیلەسوفێك و دەروونزانێك، نەیویستبێت یان بەکاری خۆی نەزانیبێت خۆی گەمارۆ بدات لەنێو بازنەی قوتابخانەیەکی دیاریکراو"، یان باشترە بڵێین پەیامەکەی ئەو لە ئاستێکی فراوانتر و هەمەلایەنەتر بووە، پەیامەکەی ئەو بۆ گشت مرۆڤایەتی و گشت مێژوو و گشت سەردەمەکان بووە، ئەم ڕاستییەمان لە هەوڵێکی ئەندریێ بریتۆن ڕۆشنتر بۆ دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٣٨ دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە فرۆید لەلایەن نازییەکانەوە خراوەتە زیندانەوە، بریتۆن نامەیەکی زۆر تووڕە دەنووسێت، تیایدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە (فەیلەسوف و زانا و داهێنەرەکان موڵکی مێژوو و موڵکی مرۆڤایەتین، ئیلهام بە بوون و مرۆڤایەتی دەبەخشن) بە مانایەك، فەیلاسوف و داهێنەرەکان موڵکی ئەبەدییەتن! لەگەڵ ئەوەی فرۆید ڕازی نەبوو ئیمزای خۆی لە بایاننامەی ڕاگەیاندنی سوریالیزم بدات، یان ڕۆژێك لە ڕۆژان بێتە نێو بازنەی چالاکییەکانی سوریالیزم، بەڵام هەمیشە پێیوابووە شاعیران و هونەرمەندانی سوریالیزم، نزیکترین کەسانێکن یان ئەوکەسانەن شیکارەکانی ئەو و هێما و چەمکە دەروونییەکان بە شێوەیەکی قووڵ و کاریگەرانە لەنێو داهێنانەکانیان ڕەنگ دەداتەوە، هەربۆیەش بزووتنەوەی سوریالیزم لەپاڵ داهێنانە هونەری و ئەدەبییەکان بە بزووتنەوەیەکی دەروونزانیش دەناسرایەوە.

کۆتایی ئەپڕیلی ٢٠٠٩

**سەرچاوەکان:**


- Writing on art and Literture-
By ; Sigmund Frued
- Surrealism The Road to the Absolute
By ; Anna Balakian with a new Introduction

- Eye on Art (Surrealism)
By ; Hal Marcovits
-Leonardo da Vinci and a Memory of his childhood (١٩١٠)
By ; Sigmund Frued " Internet "
- Frued, psychoanalysis, and symbolism Google Books Search
- Dali (١٩٠٤-١٩٨٩); psychoanalysis and pictorial Surrealism
(Internet)




**پۆل ئیلوار**

# پۆل ئیلوار
# یەکێك لە شاعیرە پێشەنگەکانی سوریالیزم

له ئینگلیزییەوە

**- کورتەیەك دەربارەی ژیانی (پۆل ئیلوار)**



پۆل ئیلوار لە ١٤ی دیسەمبەری ١٨٩٥، له "سەینت دلێنیس" سەر بە شاری پاریس لەدایك بووە، خێزانەکەیان سەر بە چینێکی مامناوەندیی بوو، باوکی فەرمانبەر و دایکیشی ژنی ماڵەوە بووە و لە ماڵەوە ئیشی بەرگدرووی کردووە. پۆل ئیلوار لە سەردەمی لاوێتیدا قوتابییەکی زۆر زیرەك و چالاك بووە. لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی جارجارە لە خوێندن دابڕاوە، لە تەمەنی شازدە ساڵی بە هۆی نەخۆشی (سیل)ەوە دەنێردرێت بۆ "سویس سەنەتۆریەم". لەو تەمەنەیدا بێئەندازە هۆگر و حەزی لە شیعر دەبێت. ساڵ و نیوێك لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە، کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ پاریس یەکسەر



دەچێتە ڕیزی سوپا بۆ خزمەتکردنی سەربازی. پاش ماوەیەك بریندار دەبێت بەهۆی تەقینەوەی غازی تۆکسیك. دوای تەواوبوونی ئەزموونی شەڕ، لە ساڵی ١٩١٧ ماوەی خزمەتکردنی سەربازی تەواو دەبێت و ئازاد دەبێت، هەر لەم ساڵەدا یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی (Le Devior et) بلاو دەکاتەوە. ئیلوار خۆی وای هەست دەکرد لە "وات وێتمان"ی شاعیری ناوداری ئەمریکی زۆر نزیکە، وات وێتمان نووسەری دیوانە شیعری (گەڵاکانی گیا) ئیلوار ئەم دیوانە شیعرەی زۆر دەخوێندەوە. هەروەها بەشداری لە بزووتنەوەی دادابیەکانیش کردووە، لەگەڵ تریستان تزارا و ئەندری بریتۆن و لویس ئەراگۆن و فلیپ سۆپات و زۆرێك لەو نووسەرە گەنجانە یەکتریان دەدیت و لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبوونەوە. پاشان لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرێکی تر وەکو سوریالیستەکان خۆیان ڕادەگەیەنن. پۆل ئیلوار یەکێك لەو کەسانە دەبێت کە مانیفێستی سوریالیزم ئیمزا دەکات. ئیلوار لە ساڵی ١٩١٢ ژنی هێناوە و کچێکی لەو ژنەی هەیە بە ناوی "سیسەیل"، بەڵام لەگەڵ ئەو ژنەی بەیەکەوە زۆر بەختەوەر نابن، بۆیە لە ئاکامدا لەیەکتری جیا دەبنەوە. ئیلوار لە ساڵی ١٩٢٤ بۆ ماوەیەك ون دەبێت، دەنگوباس وا بلاو دەبێتەوە گوایە مردووە، بەڵام دوای حەوت مانگ دەگەڕێتەوە پاریس، وا ڕادەگەیەنێت کەوا لە سەفەرێکی دوور و درێژدا بووە، لە مارسلیس-ەوە بۆ تاهیتی، ئەندەنووسیا، سیلان، ئوستراليا، چەند شوێنێکی تر. پاش دەرکەوتنەوەی لە چوارچێوەی سوریالیزم درێژە بە هەوڵەکانی دەداتەوە. هەر



لەو ماوەیەدا بۆی دەردەکەوێت کە گاڵەی خێزانی پێشووی لەگەڵ سلفادر دالی پەیوەندی هەیە! ئیلوار لە ساڵی ١٩٢٦ بەهۆی چاپکردنی دیوانە شیعری

(Capital de la Doluer) ناو و دەنگێکی شیعری باش پەیدا دەکات. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ (Nusch)ەی هونەرمەندی شێوەکاری سوریالیست یەکتریان خۆشدەوێت، کە یەکێکە لەو خوێنەرانەی ئیلهام لە شیعرەکانی وەردەگرێت! هەرلەوکاتانە زەماوەند دەکەن و دەبن بە هاوسەری یەکتری و لەگەڵ یەکدا زۆر بەختەوەر دەبن، بۆیە هەتا دواچرکەکانی تەمەنی ئەو ژنەی هەرلەگەڵیدا دەژییێت، واتە تا ساڵی ١٩٤٦، چونکە لەوساڵەدا ژنەکەی دەمرێت. ئیلوارد لە ساڵی ١٩٣٩ جارێکی تر بۆ خزمەتکردنی سەربازی بانگ دەکرێتەوە، لە سەردەمانی دەستڕۆیشتوویی ئەڵمانیا بەسەر فەڕەنسا، ئەو ڕیزەکانی سوپای جێهێشتووە و بەنهێنی خەریکی کاری ئەدەبی و خەریکی ئیشکردنە لە دژی شەڕ و دوژمنکارییەکانی ئەڵمانیا، لە ساڵی ١٩٤٢ دەچێتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی. بەشێوەی نهێنی چالاکی و کارە سیاسییەکانی ئەنجام دەدات. لەو سەردەمانە ئیلوار سەفەر بۆ زۆرێك لە وڵاتانی دونیا دەکات، لەوانە (بەریتانیا، بیلگیەم، چیکیسلۆفاکیا، مەکسیکۆ، ڕوسیا...)، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگەی پێنادەن و ڤیزەکەی ڕەت دەکەنەوە بە پاساوی کۆمۆنیستبوونی! لە نۆڤەمبەری ١٩٤٦ لەو مانگەی "نووچە"ی خێزانی دەمرێت، دیوانە شیعرێك بەناوی (Desir de Le Dur durer) بەچاپ دەگەیەنێت، کە لە پێنج قەسیدە پێکهاتووە. پۆل ئیلوار وا بیری دەکردەوە و پێیوابوو، پەیامی شیعر ئەوەیە دەبێت داهێنان لە زماندا بکات و زمان نوێ بکاتەوە، بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵانە لە ژیان و ڕووبەری بووندا! پێی وابوو شیعر هۆکارێکە دەتوانێت خوێنەران هۆشیار بکاتەوە و گەشەیان پێ بدات! لەم ڕاستایەدا لەپاڵ داهێنانە ئەدەبییەکان و بەرز ڕاگرتنی ناسنامە سیاسییەکەی، هەوڵی دەدا بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی ئازادییەکانی تاك هاوکات ئازادی سێکسیش. ئیلوار لە ماوەی هەموو ژیانیدا زیاتر لە حەفتا کتێبی جۆراوجۆری دەربارەی شیعر و بابەتی ئەدەبی و گۆشەنیگای سیاسییەوە... بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ لە تەمەنی پەنجاوشەشساڵیدا دەمرێت، ئەوکاتە لەگەڵ ژنی سێیەمیدا بووە.



- چەپکێك لە شیعرەکانی (پۆل ئیلوار)...

**(من نەمدەتوانی بیزانم)**

من نەمدەتوانی بیزانم
باشتر لەوەی تۆ من بناسیت
چاوەکانت لە خەودان
ئێمە پێکەوە بۆ درەوشانەوەی
چارەنووسێکی باشتر لە شەوەکانمان دروستکرد
چاوەکانت لە کام سەفەری من
بەدرێژایی ڕێگاکان،
هێماکانی
مانایەك بە نامۆیی زەوی دەبەخشێ
لەنێو چاوەکانی تۆدا
کێ کۆتایی ئەم تەنیاییەمان
بۆ ئاشکرا دەکات
کە خۆشیان
ئیتر نازانن چارەنووسیان بە کوێ دەگات
تۆش نەتدەتوانی بیزانی
باشتر لەوەی من تۆ بناسم...!

**(کچی عەشق)**

ئەو لەسەر پێڵووی چاوەکانم وەستاوە
پرچی لەنێو پرچی مندایە
ڕەنگی چاوەکانی منی گرتووە
شێوەی دەستاکانم...
ئەو لەنێو سێبەری من قووت دەدرێت
وەکو بەردێك بەڕووی ئاسماندا

ئەو هەرگیز چاوەکانی داناخات
یان هەرگیز لێناگەڕێت من بخەووم
یان خەونەکانی ئەو لە ڕۆژێکی پڕشنگی دا
وادەکا خۆرەتاو ون ببێ
منیش پێدەکەنم دەگرییێم
یان پێدەکەنم و قسەدەکەم
ئەوکاتانەی هیچ شتێکم پێ نییە بیڵێم!

**(زەنگی ئێواران)**

دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆ دەرگاکان ئێشکگری کرابان
دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆ زیندانی بوونمان
دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆ ئەو شەقامانەی لە ئێمە قەدەغە کرابوون
دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆ ئەو شارەی کە خەوتبوو
دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆ ئەو ژنەی برسی و تینوو کرابوو
دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆخۆمان کە بێ بەرگری بووین
دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆ ئەو شەوەی کە بێبایەخ کرا
دەمانتوانی چی تر بکەین، بۆ خۆمان کە یەکترمان خۆش دەویست...؟



**(لە پەنجەرەوە)**

هەمیشە من ئەو دڵنیاییەم نەبووە، ئەو ڕەشبینییەی کە باشترین دڵنەواییە لەنێوان ئێمەدا. لەوێدا کاتی ئەوەبوو کە برادەرەکانم بە من پێبکەنن. من زرینگ نەبووم بۆ وشەکانم، دڵنیاییەکی جیاواز، من هەمیشە نازانم کە دەمەوێت بڵێم چی؟ بەڵام زۆرجاران کە هیچم نەبووە تا بیڵێم. گرینگی قسەکردن یان مەیلی ئەوەی کە زۆر بە زەحمەت نەبیت. ژیانی من تەنها بە داوە دەزوویەك هەڵواسراوە.

لەوێدا کاتی ئەوەبوو، ئەوکاتەی وا دیاربوو من لە هیچ تێنەگەیشتبووم. زنجیرەکانی من سەر ئاو کەوتبوون. هەموو حەزەکانم لەنێو خەونەکانم لەدایك دەبن. من بە وشەکانم عەشقی خۆم دەسەلمێنم. بۆ چ مەخلوقەهایەکی نایاب من متمانەم بەخۆم کرد. لە چی دڵتەنگییەکی ئازاربەخش و دنیایەکی ڕەنگێندا خەیاڵەکانم بازنەیان بە چواردەورم کێشابوو. من دڵنیا بووم کە عاشق بووم لە زۆربەی بوارە ترسناکەکانی خۆم. زمانی عەشقی من سەر بە زمانی مرۆڤ نییە، جەستەی مرۆیی من دەست لە گۆشتی عەشقم نادات. خەیاڵە ئێرۆسییەکانیشم هەمیشە و بە بەردەوامی لە ئاستێکی بەرزی گونجاودا بوون، کە ئەوەش هەوڵدانێکی ئەوتۆ نییە بۆ ڕازیکردنم لەسەر چەوتی...!

**(ونبوون)**

من قسەت بۆ دەکەم بەدەم بڕینی شارەکانەوە
من قسەت بۆ دەکەم بەدەم بڕینی دەشتەکانەوە
دەمم لەسەر سەرینی تۆدایە
دەنگم دەتدۆزێتەوە
من قسەت بۆ دەکەم لە ئەبەدییەت دا
ئای شارەکان یادەوەرییەکانی شاران
شارەکان بە ئارەزووەکانی ئێمە پێچراون

هەندێك لە شارەكان زوو هاتوون هەندێكیان تۆزێك لەمەوپێش
هەندێك لە شارەكان بەهێزن هەندێكیان پەنهان
بەتالآن چوون بۆ وەستایە بەڕێزەكانیان و
بۆ هەموو بیرماندەكانیان و بۆ هەموو دێو و خێوەكانیان!
كێڵگەكان شێوازێكن لە ئەڵماس
ژیانێكی ڕەونەقانە دەژیێن
وەرزی درووێنەی ئاسمان لەودێو زەوییەكانی ئێمەوەیە
دەنگم تێركەن منیش دەگرییێم و شیوەن دەكەم
من لەنێو گڕ و بڵێسەدا خەون دەبینم و پێدەكەنم
لەنێو هێشوەكانی خۆرەتاو
یان جەستەی تۆ بڵاوبۆتەوە بەنێو جەستەی مندا
وەك چەرچەفی سەر ئاوێنە ڕوونەكان.



## ڕاستییەكی ڕووت (من باش دەیزانم)

نائومێدی هیچ باڵێكی نییە
عەشقی نییە
ڕووخساری نییە
قسەش ناكات
من نایجوڵێنم
من نایگرمە باوەش
من قسەی بۆ ناكەم
بەڵام بەئەندازەی ڕاستی
عەشقم پڕە لە نائومێدی!

سەرچاوە:
ئینتەرنێت

- Poets.org- poetry,poems- Bios&more
- Pual Eluard- poems.Biography,Quotes




**ڕۆبیرت دیسنۆس**

## ڕۆبێرت دیسنۆس
## یەكێك لە شاعیرە پێشەنگەكانی سوریالیزم

- كورتەیەك لە ژیاننامەی ڕۆبێرت دیسنۆس




ڕۆبیرت دیسنۆس، كوڕی كابرایەكی خاوەن قاوەخانەبوو، لە ٤ی تەمووزی ١٩٠٠ لە پاریس لەدایك بووە. سەرەتا دەچێتە پەیمانگای بازرگانی، پاشان بەرلەوەی ببێتە گۆشەنووسی ئەدەبی لە ڕۆژنامەی (Paris-Soir)، لە ساڵی ١٩١٩ شیعرە بەراییەكانی لە گۆڤاری (ئەدەب)ی دادابیەكان بڵاودەكردەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٢٢ یەكەمین دیوانە شیعری خۆی بە چاپ دەگەیەنێت. ئەم هەڵبژاردە شیعرییەی دەبێتە بنەما و دەركەوتەیەكی باش بۆ سوریالیزم. بۆ خزمەتكردنی سەربازیی دەچێتە ڕیزی



سوپای فەڕەنسی. بەناچاری بۆماوەی دوو ساڵ دەبێت بچێتە مۆراكۆ لەوكاتانەدا دەبێتە برادەری "ئەندریۆ بریتۆن" كە لەگەڵ "لویس ئەراگۆن" و "پۆل ئیلوار" بەیەكەوە دەبن، بریتۆن و دیسنۆس دەبنە دوو سیمای دیار و پێشڕەوانەی سوریالیزم. ئەوان تەكنیكێكی بەناوبانگیان پراكتیزە دەكرد وەك (نووسینی لەخۆڕا)یان بەكاردەهێنا. دیسنۆس لە بەرئەنجامی پراكتیزەكردنی تەرزە و شێوازەكانی بە داهێنانی گەورە گەیشتبوو، "بریتۆن" لە مانیفێستی سوریالیزمی ساڵی ١٩٢٤ ستایشی ئەم پراكتیزە و داهێنانە دەكات. ئەمجۆرە ستایل و تەكنیكە دەبێتە هۆی دەرهاویشتەی ئەفراندن و بازدان بەنێو ڕووبەرەكانی هەستە نەستییەكاندا. لەنێو شیعرەكانی دیسنۆس ئەوكاتانە یاریكردن بە وشە و بەكارهێنانی وشەی هاوشێوە و دووبارەكردنەوەی وشەكان، هەروەها جدییەت و زمانێكی شەهوانی و ئیرۆسی دەبینرا. ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ١٩٣٠ ئەم ماوەیە درەوشاوەترین قۆناغ بووە بۆ داهێنانە قووڵەكانی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا زیاتر لە هەشت كتێبی بە چاپگەیاندووە. هاوكات لەگەڵ ئەم كتێباكەش (Language cuit ١٩٢٣, Deuil ١٩٢٤, Journal dune apparition ١٩٢٧, The night of loveless nights ١٩٣٠) لە ساڵی ١٩٣٠ دیسنۆس كەمێك سارد دەبێتەوە لەگەڵ سوریالیزم و هاوشانەكانی، بریتۆن لە مانیفێستی سوریالیزمی ١٩٣٠ ڕەخنە لە دیسنۆس دەگرێت دەربارەی گومڕابوون و خۆدوورخستنەوەی لە بزووتنەوەكە و لە كارە ڕۆژنامەنووسییەكانی. دیسنۆس بە خێرایی گەشەی دەكرد و هەوڵی دەدا بەرگری لە داهێنانەكانی بكات و دەستیان پێوە بگرێت و هەم بە ژیانی تایبەتی و تاكەكەسیشی. لەوكاتەدا زەماوەند لەگەڵ (Youki Foujita) دەكات، ژیانی تازەیان وادەخوازێت كە بەنووسینەكانی زیاتر گرنگی بەلایەنی بازرگانیش بدات لە دەزگا ڕاگەیاندنەكان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی فەڕەنساییدا. شیعرەكانی دیسنۆس بەتایبەت ستایلەكانی بەرایی زیاتر مۆسیقی بوون. دیسنۆس لە شیعرنووسین بەردەوام دەبێت لە ساڵی ١٩٣٦ لەودەمەدا دە ساڵ زێترە خەریكی شیعرنووسینە و هەر لەوساڵەدا بۆ ماوەی یەك ساڵ (هەرڕۆژەی شیعرێك دەنووسێت)، لەوكاتەدا بەرهەمەكانی بەچاپ دەگەیەنێت لەنێوانیاندا ئەم بەرهەمانەش دەگرنە خۆ (Corps et biens ١٩٣٠ - Le Sans Cou ١٩٣٤) لە ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ دەسپێكی جەنگی دووەمی جیهانی دیسنۆس دووبارە دەبێتەوە سەرباز لە ڕیزی سوپای فەڕەنسادا. لەكاتی زاڵبوونی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لەژێر ناوێكی خوازراو وەك لۆسین گالۆیس، پێری ئەندییر... دیسنۆس لەودەمەدا كۆمەڵە وتارێك دەنووسێت

تیایدا گاڵتە بە بلیمەتی نازیزم دەکات. ئەم وتارانە و لەگەڵ ئیشەکانی تری کە بەهۆیانەوە بەرگری لە فەرەنسا دەکرد، دەستگیر دەکرێت و دەگیرێت. دیسنۆس یەکەمجار بۆ Auschwitz دەنێردرێت پاشان دەگوازرێتەوە بۆ کەمپی Czechoslovakia لە ساڵی ١٩٤٥ لەو کەمپە ئازاد دەکرێت، دواتر تووشی گرانەتا دەبێت و لە ٨ی مایسی ١٩٤٥ کۆچی دوایی دەکات و دەمرێت.

**ئەمەی خوارەوە هەڵبژاردەیەکە لە شیعری ڕۆبێرت دیسنۆس**

**- گۆرانی ئاسمان**

گوڵێکی سەر چیایە بەرزەکان بە سەدەفی گوت "تۆ دەدرەوشێیتەوە"
سەدەف بە ڕووباری گوت "تۆ زایەڵەی"
ڕووبار بە بەلەمی گوت "تۆ دەلەرزیت"
بەلەم بە ئاگری گوت "تۆ پرشنگانە کڵپە دەکەیت"
ئاگر بە منی گوت "من کەمتر کڵپە دەکەم لە پرشنگی چاوەکانی ئەو"
بەلەم بە منی گوت "من کەمتر لە دڵی تۆ دەلەرزم کاتێك کە ئەو دەردەکەوێت"
ڕووبار بە منی گوت "زایەڵەی من کەمترە لە ناوی ئەو لەنێو عەشقی تۆدا"
سەدەف بە منی گوت "درەوشانەوەی من کەمترە لە بریسکانەوە
فسفۆریەکانی شەیدابییت لەنێو ڕووبەری خەونی تۆدا"
گوڵێکی سەر چیایە بەرزەکانیش بە منی گوت "ئەو جوانە"
منیش گوتم "ئەو جوانە"، "زۆر جوانە" ئەو دەجوڵێنێ.



**- بازنەی ئەستێرەکان**

بۆ دروستکردنی ئەستێرەیەك بە پێنج گۆشەوە
گەر شەش گۆشەش بووایە هەر ئاوا دەبوو
یەکەمجار دەبوو بازنەکە بکێشرێ
بۆ دروستکردنی ئەستێرەیەك بە پێنج گۆشەوە
بازنەیەك!
یەکێك وەك پێویست لە ئامادەباشی نەبێت
بۆ دروستکردنی دارێك بە لقی زۆرەوە
ئەو دارانەی کە ئەستێرەکان دەشارنەوە
دارەکان!
تۆ، پڕی لە هێلانە و گۆرانی باڵندەکان
بە گەڵا و لقەکان داپۆشراون
ئەوەی تۆ بەرزی دەکەیەوە وەك ئەستێرە دوورەکان.

**- ڕۆژباش ئێوارە باش**

شەوێك گڕی گرتووە وەك ژیلەمۆ
هەورەکانیش سوور دەچنەوە
ڕۆژباش بەڕێزم ئێوارەباش خانم
تۆ هەرگیز بیر لە تەمەنی خۆت مەکەرەوە
چ دەبێت ئەگەر لە شەرمان دەموچاوت سوور هەڵگەڕێت
جگە ئەستێرەیەك دروست بکە خوێنیان لەبەر بڕوا
چ دەبوو ئاگەر ڕووخساری تۆ ڕەنگ کرابا
ئەگەر کرێوە سپییەکانیش بدرەوشابانەوە لەسەر لقەکان
تەمەنی تۆ دەرکەوتایە
لەسەر تاشەبەردێکی خۆڵەمێشی یان کریستاڵی
سێبەری دارە گەورەکانیش
بەسەر گۆڕت بڕۆیشتبا.

### - ئەدگارەکانی ئاسمان

ئەو ئاگرەی سەما دەکات
ئەو چۆلەکەیەی گۆرانی دەڵێت
ئەو بایەی دەمرێت
شەپۆڵە بەفریکینییەکانیش
وەك زایەڵە باوەکان
لەنێو گوێدا،
ڕووبەرێکی خەمناك و حەسرەت
لەو ڕۆژەی کە تێدەپەڕێ
هەموو بەرگی گریان پۆشیوە
دەنگی گەشتیارێك
هەموو تۆزەکانی ئاسمان
هەموو گردەکانی سەر زەوی
ئەو چاوەی بەدەم ڕێگاوە دەڕوانێ
هەنگاوەکان دەنووسێتەوە
ئەو ژمارە لوولنەکراوانەی
بۆ ناوەکان بەجێماون
لەنێو چوونەوەیەکەکانی هەورەکان
ڕووگەیەکی نەناسراوە
ئەوەی کە دەڕوانێ و ئەوەی هێشتا نەهاتووە.



### - لەژێر بەرگی شەودا

بۆ خەوتن لەنێو سێبەری تۆ
لەژێر بەرگی شەودا
بۆ هەڵگرتنی شوێن پێیەکانی تۆ، سێبەری تۆ لە پەنجەرەکەدا
ئەو سێبەرەی لە پەنجەرەکەوە هی تۆیە، نەك هی کەسێکی تر
ئەوە تۆی،
ئەو پەنجەرەیە مەکەرەوە، لە پشت پەردەکانی کێ دەجووڵایتەوە
چاوەکانت داخە
من حەزدەکەم بە لێوەکانم دایانبخەم
بەڵام پەنجەرەکە دەکرێتەوە و سروەی با
ئەو سروەیەی بەهێزەوە شێوەی گڕ و ئاڵای چواردەوری
ڕاکردنەکانم ڕادەگرێ
لەگەڵ کاتژمێردا
پەنجەرەکە کرایەوە و ئەوە تۆنیت
من بە دوورودرێژییەوە ئەوەم دەزانی.

### - من زۆر خەون بە تۆوە دەبینم

من زۆر خەون بە تۆوە دەبینم کە تۆ ئیتر ڕاستەقینە نیت
ئایا لەوێدا هێشتا کات بۆ من ماوە بۆئەوەی
بە جەستە زیندووەکەی تۆ بگەم، هەتا نێو دەمت ماچ بکەم و
دەنگە بەسۆزەکەت وا لێبکەم بژییێتەوە
من زۆر خەون بە تۆوە دەبینم کە قۆڵ و باسکەکانم لەوەتەی پێگەییون
وا ڕاهاتوون بە دەوری سینگم بیانئاڵێنم

**وەك ئاوەی سێبەری تۆم لە باوەش گرتبێ، کە بێگومان**
**نەچەمێنەوە بۆ شێوە و قەد و باڵای تۆ**
**بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شێوە ڕاستەقینەکەی تۆ**
**کە چۆن ڕاوی کردووم و بەڕێوەی بردووم**
**بۆ چەندین ڕۆژ و چەندین ساڵێك**
**من بە دڵنیاییەوە دەبووم بە سێبەر**
**ئۆف پێوەری هەستەکان!**
**من زۆر خەون بەتۆوە دەبینم کە دڵنیام لەوێدا**
**کات بۆ من نەماوەتەوە تا بە ئاگابێمەوە**
**من لەسەر پێیەکانم خەوتووم، نوێژ بۆ هەموو شێوازەکانی**
**ژیان و عەشق دەکەم، وە هەروەها بۆتۆش**
**کە تەنها کەسێك ئەمرۆم بۆ دەژمێرێ، کە چیتر من ناتوانم**
**دەست لە ڕووخسار و لێوەکانت بدەم وەك دەستلێدانی**
**ڕووخسار و لێوەکانی ڕێبوارانی تر**
**من زۆر خەون بەتۆوە دەبینم، زۆر پیاسە دەکەم**
**قسان زۆر دەکەم، زۆریش دەخەوم لەگەڵ ئەندێشە و وەهمەکانی تۆ**
**بە دڵنیاییەوە کە ئەوە تەنها شتێکە بۆ من مابێتەوە**
**کە ببێتە ئەندێشە و وەهم، لەنێو ئەندێشە و وەهمەکاندا، سێبەرێك**
**سەد هێندەی سێبەر، بە دەوری سێبەرێکی تر بخولێتەوە و**
**بڕواتە نێو خولانەوە، بدرەوشێتەوە بە دەوری ئامێرەکانی**
**سێبەر خوێندنەوەی نێو ژیانی تۆ.**


**سەرچاوەکان:**
**لە ئینتەرنێتەوە**

١- Robert Desnos – poems, Biography , Quotes
٢- A sampling of French surrealist poetry



Literature Text and Psychological Concepts
By: Nala Hassan